# دیداری
# ئەدەبی منداڵان

## یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی - سلێمانی

## چەند توێژینەوەیەکی ئەدەبیی و ڕەخنەیی

* چەندسەرنج و وردبوونەوەیەک لە مێژووی ئەدەبی منداڵانی کورد - ئەمین محەمەد
* گرنگیی و بایەخی ئەدەبیاتی منداڵان و کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی گەلان - پەیام ئیبراهیم
* گرنگیی نووسینی تەمەن لەسەر بەرگی کتێبی منداڵان - د. هاوژین سڵیوە عیسا
* شیعر بۆ منداڵان نووسراو و شیعر دەرخکردن - محەمەد فەریق حەسەن
* ڕۆڵ و بایەخی ڕەخنە لە ئەدەبی منداڵاندا - زیاد ڕەشاد قادر
* بەراوردی ئاستی ئەدەبیاتی منداڵان و کاریگەریی لەسەر کەلتووری کۆمەڵایەتی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نەتەوەکان - د. ماجید خەلیل
* گرنگی ئەدەبی منداڵ لەکارامەییە کۆمەڵایەتیەکاندا - مەحمود عەبدولکەریم باجەلان
* ڕۆڵی نووسەری ژن لەئەدەبیاتی منداڵانی کورددا - زارا ئەحمەد جاف
* ڕۆڵی ڕاگەیاندن،لە ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی منداڵاندا - ڕۆستەم خامۆش - هەولێر
* چۆن منداڵ هۆگری خوێندنەوە بکەین؟ - فەوزیە مەنمی

٢٠٢٢

ناوی کتێب: دیداری ئەدەبی منداڵان - چەند توێژینەوەیەکی ئەدەبیی و ڕەخنەیی دەربارەی ئەدەبی منداڵان
لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی
سەرپەرشتیاران: فوئاد محەمەد ئەمین سەڕاج - سەلام مستەفا
هەڵەچنی و پیاچوونەوە: سەلام مستەفا
دیزاین: جەمال دەروێش
چاپخانەی: بینایی
ساڵی چاپ: ٢٠٢٢ سلێمانی
تیراژ: ٥٠٠ دانە

لە کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی
ژمارەی سپاردنی (١٨٦٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە

# چەند سەرنج و وردبوونەوەیەك
# لە مێژووی ئەدەبی منداڵانی كورد

**ئەمین محەمەد/ سلێمانی**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد، دەبێت لەو حیکایەت و چیرۆکە ئەفسانەیی و فۆلکلۆرییانەوە، کە دایکان و داپیرەکان بۆ ڕۆڵەو نەوەکانیان گێڕاویانەتەوە دەست پێبکەین، تابزانین چۆن و چی بۆ منداڵ کراوە، ئایا ئەو بەیت و بالۆرە و پیاهەڵدانانە دەچنە خانەی ئەدەبیاتی منداڵانەوە و مەرجە سەرەکییەکانی ئەدەبیاتی منداڵیان تێدایە؟

ئایا ئەو جۆرە بیرۆکە و ڕستە و دەستەواژانە، بۆ منداڵ گونجاون و خزمەتیان دەکات؟

یان بەپێچەوانەوە زیانیان پێدەگەیەنێت؟

ئەگەر بەوردی و بەچاوی ڕەخنەوە سەرنجی ئەو حیکایەتە ئەفسانەیی و، فۆلکلۆرییانە بدەین، کەشەوانە لە گوێ ئاگردان بۆ منداڵان گێڕدراونەتەوە، دەبینین زۆربەیان بۆ منداڵ گونجاونین و نەک هەربێسوودن، بەڵکو زیان بەلایەنی دەروونیی منداڵ دەگەیەنن، ئەوشیعر و چیرۆکانە پڕپڕن، لەوشەی نەشیاو، توونـدوتیژی، ترس وتۆقاندن

ودڵەڕاوكێ، زۆرجار ویستویانە منداڵەكە بەترس بخەوێنن بە باسكردنی ئاژەڵی ترسناك و دێو درنج

منداڵێكی بێ پەروامە
هەرلەیەكەم ڕۆژ وەهامە
كەچی دایكم دەمدوێنێ
بەختەخت دەمترسێنێ
ئەوشەوانەی خەوم نایە
دەمهەژێنێ بەلایلایە
ڕۆڵە بنوو تاكو زووە
تاگورگە بۆر نەهاتووە
ئایشەگوڵ درێژ لەسەربانە
سەگەكانیش حەپەیانە (عەزیز مەلا ڕەش)
یان(لایلایە ڕۆڵە لایلایە
هیوای دوارۆژم لەدەست تۆدایە
لایلایەت بۆدەكەم لەئێوارەوە
سەبەب كارت بێ بەسێدارەوە)
یان (هەلاتران ومەلاتران
دایک وباوكی جنۆكان
دایكم ناردمی بۆهێلكان)
یان (هەی وازی وازی وازی
ئەوەی نەیەت بۆ وازی
خوشكی بدەن بەقازی)

دیــارە ئەو وشەوزاراوەودەســتەواژانە نــاپەروەردەیین و منـــداڵ تووشـــی ڕاڕایـــی وتـــرس ودڵەڕاوکـــێ دەکەن و کاریگەرییــان لەســـەردەروونی منــداڵ دەبێــت، بەدەگـــمەن بــابەتێکی فۆلکلـۆری تــایبەت بەمنـداڵمان بەرچـاو دەکەوێـت، تەواوبۆمنـداڵ گونجاوبێـت و هەمـوو مەرجەکـانی ئەدەبیـاتی منداڵی تێدا ڕەچاوکرابێت، ئەگەر لە ڕوویەکەوە گونجاوبێت، لە دوو لایترەوە نەگونجاوە، ئەگەربەوردی سەرنجیان بدەین پڕن لەزانیـاری هەڵە، وشـەی شـێوێندراو، وشـەی دوو واتـا، زمـان نـاڕەوانی، ڕسـتەی ئـاڵۆز، ئەمانەسـەرجەمیان گرفـت بۆمنـداڵ دروسـتدەکەن، ئێمەئەمەحـاڵی ئەدەبیـاتی منـدالانمان بووە پێش نووسین، کاتێ دێینەسـەر نووسـین و بۆ سـەرەتا دەگەڕێیــنەوە، بەهەمــان شــێوە، تووشـــی گرفــت دەبــین، ئەگەربڕیاربێت (نوبهارا بچوکان)ی ئەحمەدی خـانی (١٦٥٠-١٧٠٦) بەسەرەتا دابنێین ئەوەدەبێت ئەم پرسیارانەلەخۆمان بکەین، ئایا (نوبهاری بچوکان)چ بابەتێکی ئەدەبییە؟

بۆچ قۆناغێکی تەمەنی منداڵە؟

ئایاوشـــەو ڕستەودەســـتەواژەکانی ســـەربەفەرهەنگی منداڵن؟

ئایا مەرجەسەرەتاییەکانی ئەدەبیاتی منداڵانی تێدایە؟

ئایالەئاستی تێگەیشتنی منداڵدایە؟

ئایە فەرهەنگ بەشێکەلەژانری ئەدەبیاتی منداڵ؟

مـــن بـــۆوەڵامی ئەم پرســـیارانەخوێنەران بەگشـــتیی و ڕەخنەگـرا ن بەتـایبەتی سەرپشـک دەکەم خۆیـان بەوردی بیخوێننەوەو وبەویژدانەوەبڕیاربدەن، بەڵام من لێرەدا بەپێی تێگەیشـتنم بۆچـوون وسـەرنجی خـۆم دەخەمەڕوو، وەک دەزانـین ژانـری ئەدەبیـاتی منـداڵ بریتییەلەشـیعر، چیـرۆک، ئۆپەرێـت، شـانۆیی، ڕۆمـان، (نوبهاربچوکـان) فەرهەنگێکـی کوردی عەرەبییە، بەشـیعر (بەعـروزی عەرەبـی) بەزاراوەی کرمـانجی سـەروو لە سـاڵی (١٦٨٢) نوسـراوە، مەبەسـت لەدانانی ئەم فەرهەنگە فێرکردنی فەقێکان بووە لە حوجرەدا، واتـا شـیعری فێرکـارییە، قۆنـاغ بەنـدی تێـدانییە بۆهەمـوو فەقێکانە، لەئاستی تێگەیشتنی منداڵدانییە، تەنهاقافیەڕیزکردنە، وشەوڕسـتەکانی، سـەربەفەرهەنگی منـداڵ نـین، لەپێناسـەی ژانری ئەدەبیاتی منداڵاندا فەرهەنگی تێدانییە، لەلای گەلانـی تـریش فەرهەنـگ بەئەدەبیـاتی منـداڵ هەژمـارنەکراوە، لە هەمـــووی گرنگتـــر ئەوەی ئەدەبیـــاتی منـــداڵ، لەئەدەبیـــاتی گەورەسـاڵ جیادەکـاتەوە خەیـاڵە، بێگومـان ڕوونە فەرهەنـگ بەهـیچ شـێوەیەک خەیـاڵی تیـانییە، ئەم فەرهەنـگە لەڕووی بـابەت وناوەرۆکەوەبۆگەورەسـاڵانە، هەرچەنـدە، ئەحـمەدی خـانی خـۆی دەڵـێ ئەم بەرهەمەم بۆمنـداڵ نووسـیوە، نەک بۆگەورەوزاناکان، (ڤێک ئێخستن ئەحمەدێ خانی

ناڤێ نوبهارابچوکان لێ دانێ
نەژبو ساحب ڕەواجان

بەلکە ژبو بچوکێت کرمانجان)ڕاستەئەم کارەی بۆمنداڵ کردووە، بەڵام بە بۆچوونی من (نوبهار) هیچ پەیوەندییەکی بەئەدەبیاتی منداڵانەوەنییەو ناچێتە خانەی ئەدەبیاتی منداڵەوە، شیعری فێرکارییە بۆهەرکەسێ بیەوێ فێری عەرەبی ببێ، سەرەتای فەرهەنگی کوردی - عەرەبییە بۆفەقێ، ئەمەش کەم کردنەوەوبێبایەخکردنی ئەوبەرهەمەنییەتەنهاڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونەیە، گوایە نوبهاری بچوکان، سەرەتای ئەدەبیاتی منداڵانە، لەدوای زیاترلەیەک سەدە لەنوبهار، بەڕێز شێخ مارفی نۆدێ(١٧٥٣-١٨٣٧) لەساڵی (١٧٩٥) فەرهەنگی (ئەحمەدی) نوسیوە ئەویش بەهەمان شێوە فەرهەنگێکی کوردی - عەرەبییە بە کرمانجی خوارو، شیعری فێرکارییە بەعروزی عەرەبی و لە هەندێک شیعر بە کێشی هەشت بڕگەیی، بەڵام هیچ پێشکەوتنێک لەنێوان ئەم دوو فەرهەنگەدا، بەدی ناکرێ، لە زۆر ڕووەوە نوبهار پێشکەوتووترە، خانی دەڵێ بۆمنداڵی کرمانجم نوسیوە، واتابۆگشت منداڵان، شێخ مارف دەڵێ بۆتاکەفەرزندەم ئەحمەدم نوسیوە ئەوکاتە کاک ئەحمەدی شێخ تەمەنی سێ ساڵان بووە (١٧٩٣)، تابێ هیلاک بوون فێری زمانی عەرەبی ببێ،

(تاکەفرزندم احمەدبێ تعب
شود دانای لغات عرب
لهذاناوم ناالحمدیه
واللەارجواصلاح النیه)

بـۆیەمن پـێم وایەنـاکرێ، ئەم دوو فەرهەنـگە سـەرەتای ئەدەبیـاتی منـداڵ بـن، بەڵکـو کـارن بـۆ منـداڵ کـراون، بەڵام ئەدەبیـات نـین، واتـا لە بـری ئەدەبیـات، ئەم جـۆرە فێرکـردنە هەبووە.

لەدوای نـزیکەی نیوسـەدە، مەولەوی تـاوەگۆزی (١٨٠٦-١٨٨٢) عەقیدەی (مرضي)کرد بە شیعر بۆ زانـا وفەقێکان، تـا بەئاسـانی لەبەری بـکەن وفێـری بـبن و بیریـان نەچێـتەوە، بەڵام نەخـۆی وتـویەتی بۆمنـداڵەو نەهەرگیزدەچێتەخـانەی ئەدەبیـاتی منـداڵانەوە، وەک هەنـدێ کەس دەڵـێن گـوایە بەزمانێکی سادەیەو بۆ منداڵە، دەکرێ ئەم کارانە بەهەوڵدان بـۆ ئەدەبیـاتی منـداڵان هەژمـار بکـرێن، نەک سـەرەتای ئەدەبیـاتی منـداڵان، چـونکە هیچیـان سـەرکەوتوو نەبـوون و ئامانجیان نەپێکاوەو نەبوونەتە سەرەتاو بناغە بۆ ئەدەبیاتی منـداڵ، لەدوای ئەوانەش (مەلاخـدری ڕواری، ١٧٢١-١٧٨١) کتێبـی ڕۆڵەبزانـی نوسـیوە، کەئەویـش باسـکردنی چەمـک و هەنـدێ زانیـاری ئـاینییە، کەواتە بۆمـان دەردەکەوێـت ئەم هەوڵانە، فەرهەنـگ وئاسـانکارین بـۆفێرکردنی فەقێکـان، تـا

سـەرەتای شەسـتەکان و کەمبوونەوەی حـوجرە، ئەم جۆرە هەولانە بەردەوام بـوون، ڕەنگەدواترینیـان ( دوورڕشـتە) ی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بێت:

(قتل کوشتنە ضرب لێدانە
دفع بەمەعنای دەست پێوەنانە)
یان
(مدرسەومکتب قوتابخانەیە
مەعنای مکتەبەش کتێبخانەیە)
یان (تفرقع)معنای پەنجەتەقاندن
مەکروهە لەناومزگەت واکردن)

ئەمانەکارێکی باش وگونجاو بوون، بۆئەوسـەردەمە، بەڵام دیسـان دەڵـێم، سـەرەتای ئەدەبیـاتی منـداڵان نـین، ئەحـمەد دڵـزاری شـاعیریش فەرهەنگێکـی کـوردی - ڕوسـی نوسـیوە بەناوی (ئەحمەدییە)ی دڵزار، ئەویش هەرفێرکارییەو ناشـڵێت ئەدەبیاتی منداڵە،

(تێڵە  لەشە ئیمیا ناوە
کەڵەڤا، سەرە، گلاز چاوە
ئووخە، گوێیە، زووب، ددانە
ڕووکـــا، دەســـتە، پلێچـــۆ، شـــانە ) گرنگتـــرین هۆکـــار بۆنەبـوونی ئەدەبیـاتی منـداڵ، نەبـوونی قوتابخـانەو نەبـوونی پڕۆگرام بووە، چونکەئەوکات خوێندن تەنها لە حوجرەکاندا

بووه، دیاره له حوجرەدا تەنها بابەتی ئاینی پێویست بووه، چونکەلەسەرەتادا، تەنهابابەت و دەقەپیرۆزەکان خوێندراون، بۆیەسەرجەم ئەوکارانەی بۆ منداڵان وفەقێکان کراون، ئاینی بوون، گرنگی بەهیچ بابەت ولایەنێکی دی بۆمنداڵ نەدراوه، نەشـــیعرونەچیرۆک ونەئۆپەرێـــت وشـــانۆیی ونەڕۆمـــان، کەئەمانەژانری ئەدەبیاتی منداڵن، ئیتر ئەوه لایەنی هونەری تایبەت بەمنداڵ وەک (هونەری میوزیک، وێنەکێشان) ئەوه هەر هیچ نەبووەو گرنگی پێنەدراوه، لەسەرەتای سەدەی بیســت ئیترلەعێـراق و کوردوســتان، قوتابخــانەکراوەتەوه، بێگومان کەقوتابخانه هەبوو، پرۆگرامیش پێویستەودەبێت هەبێت، لەپرۆگرامدا گرنگی بەسروود، میوزیک، وێنەکێشان، وەرزش، دەدراووانەی تایبەتیان بۆ دانرابوو، دەخوێندران، بـۆکتێبی زمـانی کـوردی وقیـرائەی عەرەبـی پێویســتیان بەشیعری تایبەت بەمنداڵ وبەسروود هەبوو، کەواتەلەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەدا، یەکێک لەپێداویستییەکان بۆپرۆگرام، ئەدەبیاتی منداڵان بووه، ئەگەرسەرنج بدەین لەئەوروپاش هەروابووه، کاتێ دین لەدەوڵەت جیادەکرێتەوه، ئەدەبیاتی منـداڵ دەردەکەوێ وگەشــەدەکات، ســەرەتالای ئەوانــیش خوێندن ئاینیی بووەو گرنگی بەئەدەبیاتی منداڵ نەدراوه، بەڵام ئەوان پــێش ئــێمه ئەو قۆناغەیــان تێپەڕانــدووه، که قوتابخانه کرایەوه لەعێراق، مامۆستای ئاینیی (مەلا)کانیان

دەهێنــاو دەیــان کــردن بە مامۆســتا لە قوتابخانەکانــدا، لە کوردوســتانیش هەروا بــووە، یەکــێ لەو مامۆســتا ئاینیــانە (زێوەر)ی شاعیر بووە، لە مەلایەتییەوە کراوە بە مامۆستای قوتابخــــــانە، لەو ســــــەردەمەدا، ســــــروودە تــــــورکی وعەرەبییەکانیان وەردەگێڕاو لە قوتابخانەکان دەخوێندران، بە هۆی هەستی نەتەوایەتی چەند شاعیرو مامۆستایەکەوە، وەک زێــوەرو پاشــان بــێکەس و ئەحــمەدی عەزیــز ئاغــاو عەبدولواحیــد نــوری و دواتــر ئیبــراهیم ئەمــین باڵــدارو چەندانیتر، توانراهەم بناغەی ئەدەبیاتی منداڵ وهەم ئەلفبێ بــۆ منــداڵی کــورد دابنــرێن، خۆیــان شــیعرو ســروودیان بــۆپرۆگرام وەردەگێــڕا و دەنووســـی، چــونکە هەســـتی نەتەوایەتییان زۆر بەرز بــوو، پەرۆشــی بــواری پەروەردەو فێرکردن بوون، بۆیە دەتوانین بڵێین شیعری (ئەی تۆپەکە)ی زێــوەر ســەرەتای ئەدەبیــاتی منــداڵانی کــوردە کە هەمــوو مەرجەکــانی ئەدەبیــاتی منــداڵی تێــدایە لەڕووی فــۆرم و ناوەرۆکەوە بۆ منداڵ گونجاوە:

(ئەی تۆپەکەفووت بۆڵەکە
من دێم لەدەستم ڕامەکە
تۆ تۆپی یاری کردنی
وەک کولەکەی ڕۆحی منی
وەختێ کە چوویتە ئاسمان

بانگ کە لەگەڵ من یەک زوبان
خۆش بێ وەتەن خۆش بێ وەتەن
بەرزبێ وەتەن بەعیلم وفەن)

بەئاشکراهەستی نەتەوایەتی پێوە دیارە و بۆمنداڵیشە، لەهەمان سەردەمدا گۆڤاری کوردوستان لە ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەمبوڵ دەرچووە، لە ژمارە (٦)دا شیعرێک بۆ منداڵ بە شێوە زاری کرمانجی سەروو بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی (دەلالیا زارۆکان) نووسەرەکەی ناوی (زینۆ)یە، پێدەچێت ئەو ناوە خوازراوبێت، نووسەرەکەی (ئەمین عەلی بەدرخان)بێت،

ڕەنگەئەمە یەکەم شیعر بێت، لەگۆڤاری فەرمیدا، تایبەت بەمنداڵ بڵاو کرابێتەوە.

دەلالیا زارۆکان
(بنڤە خوشیا دل و دووچاڤان
دادی ژ ترا هر و نکهبان
وازو تو مظن برسلیمان
بنڤە کذیامە بنڤە لولو
حشیار نەیانهونە قنجە
مهدک ژ ترا بزانە کنجە
بی خونەیە پاشیاوی ڕەنجە
بنڤە کذیامە بنڤە لولو)

ئەمــانە هاوکاتیشــن لەگەڵ ئەدەبیــاتی منــداڵ لەعێــراق، چونکەسـەرەتای ئەدەبیاتی منداڵ وگۆڤاری تـایبەت بەمنداڵ لەعێــراق لەدوای ســاڵی ١٩٢٠ وەدەســت پێــدەکات، یەکەم گۆڤــار لەعێــراق بەنــاوی (التلميــذ العراقــي) لەســاڵی ١٩٢٢ دەرچووە، لەدوای زێوەر، بێکەس و زەکی هەناری وچەندین نووســەری تــری بەتوانــا دەرکەوتــوون وئــاوڕی جــدییان لەئەدەبیــاتی منــداڵ داوەتەوە، بەڵام هەنــدێ لەشــیعری ئەم شـــاعیرانەش تەواو بۆمنـــداڵ گونجـــاونین، چـــونکە ئەم شــاعیرانەخۆیان شــاعیری بەتوانــای گەورە ســاڵانبوون، لەزۆربەی شــیعرەکانیاندا بیریــان دەچێــت کە بــۆ منــداڵ دەنووســـن، وشـــەو دەســـتەواژەی شــیعرەکانیان بۆمنــداڵ گونجـاونین و سـەر بە فەرهەنگی منـداڵ نـین، وەک شـیعری (دەنکەگەنمی گۆران)

(بەهارێ قەف دەرئەکا

گوڵ تا بەرسنگ سەرئەکا

قەلاس نوک نەشتەرئەکا

دڕک پاسی بەرئەکا)

(مەتەڵ)ی بــێکەس (بــۆ کەســێکی وردو وریــاو زیــرەک وساحێب عەقڵ:

هەڵبێنێ ئەم سوئالەم هەم بدا جوابی بەدڵ

ئەسپی بێ ئێسقان وڕۆحم لاهەیە، هەم بێ زوبان

سوک وخێرایە لەڕۆین، مەحکەم وگورج وڕەوان
ئەسپی من دائم لەغارە، باکی هیلاکی نییە
بێ خەو وخواردن، وەبێ دەنگ، کاو ئالیکی نییە
مەیتەروزینو تەویلە، ئەی برام لازم نییە
ئاخوڕو ڕەشمەو لغاوی هەروەها پێویست نییە.......)، یان شیعری (کەڵەشێر):

کەڵەشێرئەڵێ عووعووعوو
نوستن بەسەهەستن زوو
نوێژی بەیانیتان چوو
تف لەتەمەڵ وبەدخوو
کەریش ئەڵێ زەڕزەڕزەڕ
حەیوانکێم لاڵ وکەڕ.
پڕن لەزانیاری هەڵەو وشەی نەشیاو
زەکی هەناری(دەڵێن گەدایەک لەجێی تەنگەبەر
پای لەپشت پای ناپێشەواعومەر
بێچارەهێشای، نەیزانی یەکجار
دۆستەدوژمنە، کەوادای ئازار
تورە بوو گوتی کوێربووی مەگەر
(لەسەرخۆپێی وت سالاری عومەر... ) بە نموونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، توانیویانە سەرەتاو بناغەیەکی باش و پتەو بۆ ئەدەبیاتی منداڵان دابنێن، چونکە بە هەموو تواناو

دڵسۆزییانەوە، هاتوونەتە مەیدان و بە شیعرو سروودو ئۆپەریت و وەرگێڕان، هێندەی لە توانایاندا بووە درێخییان نەکردووە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە سەردەمی کۆماری کوردوستاندا یەکەم گۆڤاری تایبەت بە منداڵ دەرچووە بەناوی (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) دواتر چەندین نووسەری بەتوانا دەستیان کرد بە چیرۆک نووسین وەرگێڕان، وەک شاکر فەتاح، جەردۆی گەنجۆ، جاسمی جەلیل، عەبدلواحید نوری، عەلائەدین سەجادی، حسێن حوزنی موکریانی، لە ناوەڕاستی سەدەی بیست، ئیتر تاک تاک نووسەری تایبەت بە منداڵ دەرکەوتن وکتێبی تایبەت بە منداڵیان چاپکرد، وەک فەرەیدون عەلی ئەمین، عومەر عەبدولڕەحیم (پاڵەوانی دواڕۆژ)، کاکەی فەلاح (جگەرگۆشەکان)، ع. ع شەونم (جریوەکان) و چەندانیتری وەک دایکی سۆلاڤ و لەتیف هەڵمەت کتێبیان بۆ منداڵ چاپکرد.

بە بۆچوونی من لە ئێستادا، نووسەرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵ، لە ڕووی دەق و وتارەوە، پۆلێن دەکرێن بۆ پێنج بەش، بەشێکیان زۆرجوان و دروست دەربارەی ئەدەبیاتی منداڵ دەدوێن و تەواو شارەزاو پسپۆڕن تێیدا، بەلام لەنووسینی (دەق)دا، زۆر لاوازن، ئەمانە باشتر وایە ڕووبکەنە نووسین و لێدوان دەربارەی ئەدەبیات و بواری

ڕەخنە، لە نووسینی شیعروچیرۆکی بێ پێز دووربکەونەوەو وازی لێبهێنن.

بەشـــێکیتریان ڕەنـــگە نەتـــوانن دووڕســـــتەی بەســـوود دەربارەی ئەدەبیاتی منداڵ بنووسن، یان لێدوانی دروست لەو بارە بدەن، بەڵام لەنووسینی دەقدا باش وگونجاون بۆ منـــداڵ، ئەم نووســـــەرانە باشـــتر وایە دەســـــت بـــکەن بەخوێنـــــدنەوەو خۆیـــــان شـــــارەزای بـــــوارەکەبکەن، تابەرهەمەکانیان باشتربکەن و سوودی زیاتربگەیەنن،

بەشێکی تریان، نە دەزانن ئەدەبیاتی منداڵ چییەوچۆنە، نەدەقەکانیان بۆمنداڵ دەگونجێن، ئەمانەباشتروایە، بەرۆکی منـداڵ وئەوکـارە قـورس وگـرانە بەربـدەن و ڕووبـکەنە کارێکیتر.

بەشـــــــێکیتریان وتەوکرداریـــــــان زۆرلەیەک دوورن، لێدوانەکانی خۆیان ڕێک دژی بەرهەمەکانیانە، واتا شتێک دەڵـــێن و بەپـــێچەوانەی ئەوە دەنووســـن، باشـــتروایە ئەم نووسـەرانە یان بەرهەمەکانیان وەک لێدوانەکانیان لێبکەن، یـان لێـدوانەکانیان وەک بەرهەمەکانیـان، چونکەنـاکرێ تـۆ شتێک بڵێیت و بەپێچەوانەوە بنووسیت!

بەشێکیتریان کەڕەنگەلەپەنجەی یەک دەست تێپەڕنەکەن، هەم بەرهەمەکانیان باش وگونجاون بۆمنداڵ، هەم بۆچوون ولێدوانەکانیان، واتـا، لێـدوان و بۆچوونەکانیـان بە ڕوونـی

لەبەرهەمەکانیـــان دیارەوڕەنگیـــداوەتەوە، ئەوەش جێگـــای دڵخۆشی ودەستخۆشییە.

لاوازتـرین خـاڵ لەژانـری ئەدەبیـاتی منداڵانـدا، ڕەخـنەیە، ڕەنگەقورس بێ بڵێین ڕەخنەمـان هەر نەبووە، بەڵام تائێسـتا لەجێی نەبـوانە، جـار جـار لێرەو لەوێ دەبینـین نووسـەرێک شـتێک دەربـارەی ڕەخـنە دەڵـێ یـان دەینووسـێت، ئەوانـیش لەئاسـت پێویسـتی ئەو قۆنـاغ و ئەرکە قورسـەدا نـین، هەر ئەوەشـــە وایکـــردووە تـــا ئێســـتائەدەبیاتی منـــداڵان، ســـت وچەقبەسـتووەوزۆربەخاوی بەڕێوەدەچێت، لەوەش خراپتـر تائێستاشـیعرەکانی سـەرەتای ئەدەبیـاتی منـداڵ، تـاوو تـوێ نەکـراون و لە بێژنـگ نەدراون، بەکـاڵ و کـوڵاویی خـراونەتە بەردەستی منداڵ، لەڕاستیدا هەندێ لەوشیعرانە بۆمنداڵ نـین و نووســـــەرەکەبۆمنداڵی نەنووســـــیون، چونکەهەنـــــدێ لەشـــاعیرەکان لەدوای مردنیـــان دیوانەکانیـــان چـــاپکراون، هەنـدێ شیعربەهەڵەخراونەتەبەشـــی شـــیعری منـــداڵان، ئەو کـارە هەم زیـانی بەمنـداڵ و ئەدەبەکەیـان گەیانـدووە هەم بە شـــاعیرەکە، ئەمەســـەرەڕای ئەوەی زۆربەی ئەوشـــیعرانەی بۆمنـــداڵ نووســـــراون، بەهەناســـــەیەکی گەورە ســـــاڵانە نووسراون، هیچ پەیوەندییەکیان بەخەون و خۆزگەو خەیاڵی منداڵەوە نییە، بەڵکو شاعیرەکە خۆی چـی ویسـتووەو چـۆنی ویسـتووە وای کـردووە، زۆربەیـان ئامۆژگـاری ڕاسـتەوخۆ،

یـان وشەودەسـتەواژەی ئـاڵۆزو نارێکیـان تێـدایە، ئەوەش سەرلەمنداڵ دەشێوێنێ و دەبێتەهۆی دوورکەوتنەوەوتۆرانی منـداڵ لەخوێنـدنەوە، زانیـاری هەڵەو وشـەی بـێ واتـا سـەرلەمنداڵ دەشـێونن و هەنـدێ جـار بەدرێژایـی تەمەنـی لەوسەرلێشواوییەڕزگاری نابێت (ئامۆژگاری مامۆستامە

لەبیرناکەم هەتا مامە

ئێواران زوو بچم بنووم

شەونخونی نەبتە خوم

بەیانیانیش مەلابانگدان

لەخەوهەڵسم وەگەوران

دەست بە دەسنوێژ ڕوو لە خواکەم

دووڕەکعەتی نوێژ ئەداکەم)،

گرنگ ئەوەیەئێستائێمە بەهەموو کەم و کوورییەکانییەوە، خاوەن ئەدەبیاتی منداڵانین، ئینجا کاتی ئەوەیە شـەن وکەوی بکەیـن ولەخڵتەوخـاش پـاکی بکەینەوەو بیخەینە سـەر ڕێگە ڕاسـتەکە، تـابەرەوپێش بـڕوات، نووسـەری کـورد زۆرکەم بەڕەخـنە ئاشـنایە، بـۆیە ڕەخـنەی پێخـۆش نیـیە، بـێ ئاگـایەلەوەی ڕەخـنە واتـا پـاڵاوگە، واتـا پـاڵاوتن وجیـاکردنەوەی ئەوکەرەسـتەخاوەی ئەوبەرهەمـی هێنـاوە، ڕەنگەبڵـێم ڕەخنەگـرتن لەم ڕۆژگـارەدا، بـوێرییە، بـۆیەڕەخنەگری بـوێرو شـارەزاو لێهاتوومـان پێویسـتە،

شیعرمان هەیە زۆرجوان وگونجاوە بۆمنداڵ، بەڵام دەبینین بەیەک وشە یان یەک دێڕ، کێشەی بۆ دروستبووەو بۆمنداڵ ناشێت، بەنمونە شیعری (کورەکوردم)ی فەرەیدون عەلی ئەمین

دێڕی کۆتایی شیعرەکە دەڵێ:

خوێڕی ناسورێمەوە

مەکتەبەماڵ ولانەم)

وشەی (خوێڕی) ناپەروەردەییە، ئەم شیعرانەزۆرجوانن، بەشێکن لەسەرەتای ئەدەبیاتی منداڵ، بەڵام بەچەند وشەو نیوەدێڕێک تێکدراون و پێگەی جوانیی خۆیانیان لەدەستداوە، من بەگونجاوی دەزانم ئەم کێشانە چارەسەربکرێن، هەرچۆن کاتێک، مرۆڤێک بەشێک لەجەستەی تووشی نەخۆشی خراپ دەبێت، لەپێناوژیان ومانەوەی نەخۆشەکەدا، پزیشک بڕیاری بڕینی ئەوبەشەی جەستەی دەدات، ئەمیش هەروایە لەپێناو مانەوەورزگارکردنی شیعرەکەدا، باشتروایە ئەوکێشانەچارەسەربکرێن، هەندێ جاربەگۆڕینی یەک وشە یان لابردنی یەک دێڕ یان نیوەدێڕێک، هیچ لەواتای شیعرەکەناگۆڕێ و کێشەکەش چارەسەر دەبێت، بەنمونە وشەی (خوێڕی) بکرێ بە (بێکار) ئەوسادەبێت بە:

(بێکار ناسورێمەوە

مەکتەبەماڵ ولانەم)

یان لەشیعری کارژۆڵەدا ئەودێڕەی کەدەڵێ:

(فێری قەپاڵ وگازە

تاخوا حەزکا فیڵ بازە)

هەرلاببرێ هیچ لەشیعرەکەناگۆڕێ، چونکە ئەودێڕە زانیاری هەڵەیە، کارژۆڵە نەفێڵ بازەو نەفێری قەپاڵ وگازە، بەڵام ئەگەربەوشێوازە بمێننەوە، زیان بەمنداڵ وبەشاعیرەکەش دەگەیەنن.

یان شیعری (کوردوستان)ی لەتیف هەڵمەت:

(پیرەمێردی بەستەزمان

کەلاواز بووبوو وەک گۆچان

وتی توخوا مامۆستاگیان

فێرم ناکەیت چۆن بنوسم:کوردوستان)

کێشەکەلە وشەی (لاواز)دایە، گۆچان نەک هەر لاواز نییە، بەڵکویارمەتی کەسی لاواز دەدات ڕێبکات، دەبوو بیوتایە چەمابووەوە وەکو گۆچان، کەواتە یان دەبێ وشەی لاواز بکرێت بە چەمابووەوە، یان شیعرەکە گونجاونییەو دەبێ لاببرێ، ڕەنگە هەر لەبەرئەوهۆکارە لە پرۆگرام لابرا بێت.

بەڵام هەندێ شیعر هەر بەتەواوی واتاسەرجەم دەقەکە بۆمنداڵ ناشێت، باشتروایە، بیدەینەوەدەستی نووسەرەکەو بڵێین ماڵی قەڵب سەری ساحێبی...

نمونە شیعری ڕێویەدزە،

(ڕێویەدزەی قوتابخانە

دەنگ وباسی ئەمڕۆمانە

قوتابییەکان وەکوخۆرە

شوێنی کەوتن بەباڵۆرە

ئەم چاوبزە ئەم چاوبزە

ناوی ئەنێین ڕێویەدزە).... ع. ع شەونم

من هیچ پاساوێک نابینم، بۆئەوەی بڵێین ئەو سەردەمە پەروەردە وابووە، هەڵە هەر هەڵەیە لە هەر کات وسەردەمێکدا ڕوبدات، بۆیەباشتروایە ڕاست بکرێنەوە، یان لاببرێن، لە ڕووی ناوەرۆکەوە، هەندێ بابەت هەن، ڕاستە پیرۆزن، بەڵام بابەتی منداڵ نین، بۆیە منداڵ نەچێژیان لێدەبینێ ونەحەزبەخوێندنەوەیان دەکات، وەک شەهید، خەبات کردن، ئاین، شۆڕش، چونکەئەوبابەتانەلەخەون وخەیاڵی ئەوەوە دوورن و جارێ پێویستی پێیان نییە، هەرکاتێ گەیشتە تەمەنی پێویست ئەوسا چێژیان لێدەبینێ وحەزبەخوێندنەوەیان دەکات، بۆیەباشتروایە نووسەرانی منداڵان ئاگاداری ئەوەبن، منداڵ چیدەوێت وحەزبەچیدەکات، ئەرکی سەرەکی نووسەر فراوان کردنی خەیاڵی منداڵ و فێرکردنی زمان ڕەوانی وئاراستەکردنیەتی بەرەوخەون و خۆزگەتایبەتەکانی خۆی، ئەوەئەرکی نووسەرە لەڕێی


نووسینەکانیەوە والەمنداڵ بکات، بەخەیاڵ بەنێو گەردووندا بفڕێ و هەموو سنوورەکان ببڕێ، چونکەمنداڵ بەواتای وشەی منداڵێتی خۆی منداڵە، هەندێکمان منداڵ بەمرۆڤێکی قەبـــارەبچووک تێگەیشـــتووین و دەشـــمانەوێت، وەک ئێمەبیربکـــــاتەوەو وەک ئـــــێمەش ڕەفتاربکـــــات، هەمووهەڵسوکەوتێکی وەک ئێمەبێت، جاکەوابوو ئەوە ئێمە خۆمانین نەک منداڵ، چونکەمنداڵ هەمووشتێکی منداڵانەیە، بیرکردنەوەی، هەڵسوکەوتی، کرداروڕەفتاری، گفتوگۆی، خەون وخەیاڵی، خراپترین کاربەرانبەربەمنداڵ دابڕینیەتی لەمنداڵێتی خۆی، جا ئەو کارە لەلایەن دایک و باوک، یان مامۆستاکەی، یان نووسەرانەوە بێت، ئیترئەوکارەبەمەبەست بێت یان بێ مەبەست، هەرمنداڵێک بەئاسایی بە قۆناغی منداڵێتیداتێپەڕێ، کاریگەریی نەرێنی لەسەرتەواوی ژیانی دەبێـت، بەپێچەوانەشەوەڕاسـتە، یەکێـک لەجیاوازییەکـانی منـــداڵ و گەورەســـاڵ ئەوەیە، گەورەســـاڵ شـــتەکانی دەوروبەرو ڕوداوەکانی ئەزموون کردووە و وەکو خۆی دەیـان بینێـت، بەڵام منـداڵ هەموویـان بەخەیـاڵ دەبینێـت وهەندێ جار، لەسروشتی خۆیان بەگەورەتریان بچووکتر یان زۆرترو زیاتر دەبینێت، بۆ نموونە ئاوی ڕووبارێک، یان بەرزاییـیەک، یـان دووریـیەک، منـداڵ ئەمـانە زۆرلەئاسـت وقەبـارەی خۆیـان بە زیاتروگەورەتردەبینێـت، نووســەری

بواری ئەدەبیاتی منداڵان دەبێت ئاگای لەم جۆرە سروشتی بـوونەی منـداڵ بێـت، بەواتـایەکیتر دەبێـت نووسـەر لەکـاتی نووسـیندا، بەتەواوی لە گەورەیـی تەمەنـی خـۆی دابـبڕێ و دابەزێـتە ئاسـتی ئەو قۆنـاغەی تەمەنـی منـداڵ کە دەقەکەی بۆدەنووسێت، نووسەرتاچەند توانی لە منداڵێتیی منداڵ نزیک بێتەوە، بەوڕێژەیە سەرکەوتووە، واتا ئەگەر نووسەرلەسـەدا پەنجـا تـوانی منـداڵ بێـتەوە، ئەواکـارەکەی لەسـەدا پەنجـا سـەرکەوتووە و بەو شـێوازە ڕێـژەکە دەگۆڕێـت، باشـترین شت بۆ نووسەری بواری منداڵان ئەوەیە، لەکاروپڕۆژەکانیدا منـــداڵ چەقـــی مەبەســـت بێـــت، نەک شـــتگەلێکیتری وەک مەبەست و بۆچوون و بیروباوەڕی تایبەتی خۆی، یەکێکیتر لەئەرک و کارەگرنگەکـــانی دایـــک وبـــاوک و مامۆســـتاو نووسەری منداڵ، دۆزینەوەوگرنگی پێدانی بەهرەکانی منداڵە، چونکەکـارکردن بـۆ منـداڵ، هەر شـیعروچیرۆک وئۆپەرێـت وشـــانۆ نیـــیە، بەڵکـــوزۆرلایەنی گرنگـــی تـــری هەیە، وەک دەزانین هەموو منداڵێ زیاترلەبەهرەیەکی هەیە، دۆزینەوەی بەهرەوگەشـــەپێدانی باشـــترین خـــزمەتە بەمنـــداڵ، بەهـــۆی گرنگـــــی پـــێ نەدانەوە زۆرجـــــاربەڕێکەوت بەهرەکـــــان دەردەکەون و منـــداڵەکەی پـــێ دەبێـــت بەکەســـایەتییەکی بەناوبانــگ و خزمەتگــوزار بــۆ نەتەوەکەی، یــان هەنــدێ جاربۆسەرجەم مرۆڤایەتی.

## سەرچاوەکان:

١- نوبهارابچوکان، ئەحمەدی خانی چاپی ٢٠٠٤
٢-ئەحمەدی، شێخ مارفی نۆدێ، چاپی ١٩٨٦
٣- شیعری منداڵان لەئەدەبی کوردیدا، د.فازیل مەحمود، چاپی ٢٠٠٤
٤-ئەدەبی منداڵان، پرۆگرامی کۆلیژی بنەڕەتی، بەشی باخچەی منداڵان قۆناغی دووەم، د. پەخشان عەلی ئەحمەد، چاپی ٢٠١٧
٥-دیوانی گۆران چاپی ١٩٨٠
٦-دیوانی زێوەر، چاپی ٢٠٠٣
٧-دیوانی بێکەس، چاپی ٢٠٠٤
٨-دیوانی لەتیف هەڵمەت، شیعروچیرۆک بۆمنداڵان ٢٠١٣
٩-پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد بەرگی یەکەم حەمەساڵح فەرهادی، چاپی ٢٠١٣
١٠-پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد، بەرگی دووەم، حەمەساڵح فەرهادی چاپی ٢٠٢١
١١-بارانی ڕەنگاوڕەنگ، کۆی بەرهەمەکانی، فەرەیدون عەلی ئەمین. چاپی ٢٠٠٦ – کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: سەلام مستەفا.
١٢- دیوانی جریوەکان، ع. ع شەونم، چاپی ٢٠١٢
١٣- دوو ڕشتە، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس چاپی ساڵی ١٩٨٢.
١٤- دیوانی دلزار چاپی دووهەم ساڵی ٢٠٠٦.
١٥-شیکاری شیعری کوردیی منداڵان (نمونە: منداڵ وژینگەوهۆنراوەی ژینگەیی) ئارش میهرەبان -سنە، بەرهەمەکانی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی گەلاوێژ یوبیلی زیوین، ٢٠٢٢

**ئەمین محەمەد:**



ساڵی ١٩٦٢ لە سلێمانی لەدایک بووە، لە سەرەتای هەشتاکانەوە، شیعرو چیرۆک دەنووسێت لە زۆربەی زۆری گۆڤارە تایبەتییەکانی منداڵاندا شیعرو چیرۆک و وەرگێڕانەکانی بڵاو کراوەتەوە، هەشت کتێبی تایبەت بە منداڵی چاپکردووە، پێنج کتێبی چیرۆکی تایبەت بە منداڵی لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی، ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە لقی سلێمانی، دەستەی نووسەرانی هەردوو گۆڤاری (کورد جینیەس)ی پەروەردەیی و (کورد جینیەس)ی تایبەت بە منداڵانە،چەند بابەتێکی توێژینەوەو ڕەخنەیی لەسەر ئەدەبی منداڵ چاپکردووە.

# گرنگیی و بایەخی ئەدەبیاتی منداڵان

# و

# کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی گەلان

**پەیام ئیبراهیم/ سلێمانی**

منداڵ ئەو بونەوەرە پڕ وزە وخۆشەویستەیە،کەدنیای ئەو پڕە لەفەنتازیاو خەندە،منداڵ لەساتی هاتنە نێو ژیانیەوە چاوی لەدەستی گەورەکانە، هەمیشە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە دەرونی و جەستەییەکانی پشت بە دایکی، باوکی، یاخود بەخێوکارو خێزانەکەی، دەبەستێت، ژینگەی خێزان یەکەمین شوێنە کە منداڵ لێیەوە فێری وشەکان دەبێت، زمان دەروازەیەکە، کە منداڵ لێیەوە هەستی متمانە بەخۆبوون وگەشەی زهنیەتی بەرەو زیاد بوون دەچێت و، لێیەوە هاوکاری وەردەگرێت، ئیتر لەوکاتەوەی منداڵ سنووری دایکی، تێدەپەڕێنێ، سنوورە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکانی دەستپێدەکات، لێرەوە ڕۆڵی دامو دەزگا فێرکاری وپەروەردەییەکان، میدیای بیستراو، بینراو خوێنراو، بڵاوکراوەکانی منداڵان، وەک، کتێب و گۆڤاری تایبەت بەمنداڵان، دەستپێدەکات و دەچێتەوە ناو کۆمەڵگەو دەچێتەوە، ناوەندە فێرکارییەکان، وەک، دایەنگەو، باخچەی

منداڵان و دواتر بۆ قوتابخـانە، زانایـان و،لێکۆڵەرانی بـواری زمانەوانی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن،کەمنداڵ هەتا پێش چـوونە قوتابخــانەی دەبێـت ٧ حەوت هەزار وشــە فێربووبێـت، ئایـا پــێش چــوونە قوتابخـــانە منــداڵ چــۆن و بەچ شــێوازێک دەتوانێــت حەوت هەزار وشـــە فێربێــت؟ بێگومــان خێــزان ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت، لەم ڕووەوە، بەدابینکردنی گۆڤـارو کتێـبە چاپکراوەکـانی تـایبەت بە منـداڵان یـاخود لەڕێـگەی گوێگرتن لەچیرۆکی تۆمارکراو، چونکە،هەرگیز منداڵ، لەڕێی گفتو گۆو لەنـاو خێزانەوە، ناتوانێت، فێـری زۆرتـرین وشـە ببێت، ئەم ئامادە کارییە لەپێش چوونی منداڵ بۆ قوتابخـانە گرنگی زۆری هەیە بۆ ئاستی فێربوون و تێگەیشتنی منداڵ لەناوەندە فێرکارییەکاندا چونکە زانایـان پێمـان دەڵێن، منداڵ دەبێـت هەمـوو سـاڵێکی قوتابخـانەی هەزار وشــە فێرببێـت، بەڵام چۆن و بەچ ئامرازێک ؟ توێژینەوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە، یەکێک لە فاکتەرە بەهێزو گرنگەکـان، بۆ فێربوون و گەشەی زمان لای منداڵ، کەدواجار دەوڵەمەندی زمــانەکەی، دەبێــتە هــۆی دروســتبوونی کەســایەتییەکی بەهێز،لەئاینــدەدا،ئەمیش لەڕێــی خوێنــدنەوەی چیــرۆک، و شـــــیعرو گۆڤـــــارە منــــــداڵانەکانەوە، دەبێـــــت گرنگی ئەدەبیاتی منداڵان لێرەوە دەستپێدەکات، کەکـاریگەری تەواوی لەسەر زهن و هۆشیاری منداڵ هەبێت و ئاڕاستەی

بکـــات و کەســـــایەتییەکی باشـــــی لـــێ بەرهەم بهێنێـــت. وەک دەزانـن کە ئەدەبیـاتی منـداڵان لقێکـی گـرنگە لەکـۆی ئەدەبیات بەگشتی، لەپێناسـەکەی، پسـپۆڕی زانسـتی ئەدەب، (ماریانیکۆلایەڤە) دەڵێت: ئەدەبی منداڵان، ئەو ئەدەبەیە کەلە لایەن شـــارەزایەکی جیهـــانی منـــداڵانەوە، بـــۆ منـــداڵ، نووسـراوەو، بەرهەمەکەی بـۆ منداڵەو، خـوێنەری سـەرەکی منـداڵە، ژانەرەکـانی ئەدەبیـات پێکـدێ لە، چیـرۆک، شـیعر، شانۆو، ئۆپەرێت، ڕۆمان.. و ئامرازێکی گرنگە بۆ ئافراندنی تـاکێکی هۆشـیار، یەکێکە لەهۆکارە هەرەباشـەکان کە منداڵ فێـــری هـــونەری گـــوێگرتن دەکـــات، کە ئـــێمە زۆر بـــێ حەوســـەڵەین، وبـێ بەشـین لەم هـونەرە بەداخەوە هەمیشـە هەر قسە دەکەین، توانای گوێگرتنمان لاوازە، چیرۆک منداڵ فێری هـونەری گـوێگرتن دەکات، تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی منداڵان ئەوەیە نووسەرانی بواری دنیای منداڵان، بۆئەوەی بتوانێت ئەمانە لە یەکێک لەژانرەکانیدا یان کۆی ئەدەبیاتدا بەرجەســـتە بکـــات، دەبێـــت شـــارەزاییەکی باشـــیان لە سـایکۆلۆژیای منداڵـدا هەبێـت، بەتەواوەتـی ڕۆ چـووبنە نـاو دنیـــاو جیهـــانی منـــداڵەوە، ئـــالێرەوە، ئەرکـــی نووســـەرانی بوارەکانی منداڵان، قورس دەبێت،بەرامبەر بەنووسـەرێک، کە بـۆ گەورەســالان، دەنووسـێت، چـونکە نووســەرانی گەورە ســالان، بـۆ کەســانێکی پێگەیشـتوو، دەنووسـن و پێویسـت

ناکات ئەم لایەنانە ڕەچاو بکەن، بۆیە نووسەرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان، هەمیشە ڕێژەیان، لەنووسەرانی گەورەساڵان کەمترە، چونکە، نووسین بۆ منداڵ، پێویستی بە بەهرەیەکی تایبەت و، دنیابینییەکی تایبەت و سەلیقەیەکی وردو شارەزاییەکی باشی دنیای منداڵانی دەوێت و، دەبێت، منداڵێک تێبگەیەنن، زانیاری دروستی پێبدەن،ئاڕاستەی بکەن، یەکێکی تر لەگرنگی تایبەت ئەدەبیاتەکانی بەرهەمی منداڵان ئەوەیە کە بەرهەمی منداڵ تەنها منداڵ نایخوێنێتەوە، بەڵکو گەورەکانیش بۆ منداڵانی دایەنگەو، باخچەی منداڵانی،دەخوێننەوە،چونکە منداڵ لەو قۆناغەدا، توانای خوێندنەوەی نییە، نووسەرانی ئەدەبیاتی منداڵان، دەزانن، کەئایندەی، کۆمەڵگە، لەدوارۆژدا لەدەست ئەم منداڵانەدا دەبێت، و پێشکەوتنی کۆمەڵگە لەڕێگەی تاکێکی هۆشیارو، بەئاگاوە،ڕوودەدات، بۆیە ئەرکێکی قورسیان لە ئەستۆدایە، ئەزمونی گەلانی گەشەسەندو پێمان دەڵێت، هەر کات و سەردەمێک، هەر کۆمەڵگەیەک، یاخود بزووتنەوەیەک توانی شانبەشانی تەواوی کایەکانی تر،گرنگی بەپەروەردەی منداڵ بدات، ئەو گۆمەڵگەیە توانیویەتی ئایندەیەکی باشتر بۆ وڵاتەکەی مسۆگەر بکات، مێژووی گەشەسەندنی وڵاتانی کیشوەری،ئەورووپا، و ئاسایش و ئارامشی ئەو وڵاتانە پێمان دەڵێن، کە باشترین کەرەستە بۆ پێشکەوتن و دروستکردنی

تاکی، داهێنەر، باشترین ئامڕاز، ئەدەبیاتی منداڵانە، لەوێوە ئـێمە دەتـوانین دەسـت بکەیـن، بە کـارکردن لەسـەر مرۆڤسازی، لەڕێی ئەدەبیاتەوە، منداڵ بکەین بەسەنتەر، بۆ پێشخستنی کـۆمەڵگە، چـونکە ئەدەبیـاتی منـداڵان باشـترین ئـامرازە و، کلیلـی کـردنەوەی کـۆدی کلتـوورە چەقبەسـتووە داخراوەکانە.

لە سـەدەکانی ڕابـردوو، لەڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت هـیچ گـرنگییەک بەپـێگەو مـاف و پەروەردەی منـداڵ نەدرابـوو، بەڵام لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی ڕابـردوودا شـارەزایان و پسـپۆڕانی بـواری ئەدەبیـاتی منـداڵ ئـاوڕێکی جـدییان لەم پرسـە گـرنگە دایەوە، ئەمەش پەیوەنـدییەکی زۆری بە پێگەومـافی منـداڵەوە هەیە لەکـۆمەڵگەدا، لەدوای جەنگـی جیهـانی یەکەمەوە، بەشـێوەیەکی زۆربـاش و ورد ئـاوڕ لە ماف و پێداویستیەکانی منداڵ درایەوەو، دەیان لێکۆڵینەوەو، تـوێژینەوە ئەنجـام دران لەسـەر ئەدەبیـاتی منـداڵان، پێیـان وابـوو گرنگتـرین، وهەسـتیارترین قۆنـاغ، قۆنـاغی منـداڵییە، لەوێـوە ئەدەبیـاتی منـداڵانیان، وەک پێویسـتیەک،ئامڕازێکی گرنگ، کەدەبێت بابەتاکانی بگونجێت لەگەڵ ڕادەی تێگەیشتن و پەرەسەندنی زمان و باری گەشـەو زهـن و سـایکۆلۆژیای منداڵدا، وەک ئاشکرایە ئەدەبیاتی منداڵان، لەسـەرەتادا،دەماو دەم بـووە، شـێوازێکی داسـتان ئـامێز، گێڕدراوەتەوە، ئەمـانە

هــیچ بنەمــایەکی چیرۆکــی هونەرییــان نەبــووە، چــونکە، ئەدەبیــاتی منــداڵان، دەبێــت نوســراوبێت، نووســەرەکەی کەسێکی بەئاگاو پڕ زانیاری بێت، بەشێوازێک بنووسرێت، کــار لەســەر فەنتازیــای منــداڵان و خەیاڵــدانی بکــات و بیجوڵێنێــت، بەناوبــانگترین کەســانی ئەم بــوارە، هــانس ئەندەرشــون، هۆفمــان لــویس، کــارۆلە (لە شــاکارەکانیاندا گرنگیان داوە بە ژانەری چیرۆک، فەنتازیا، لەناو چیرۆکدا).

لایەنــی ڕۆشــنگەری وپەروەردەی منـداڵ،زیاتر کـاری بـۆ کــرا، فەیلەســوفی ئینگلیــزی (یۆهــان لــۆکێ) لەبەرهەمە نووسراوەکانیدا گرنگی بەلایەنی پەروەردەو فێرکردنی منداڵ دا، باوەڕی وابوو کەئەدەبی منداڵان، دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لەڕۆشنکردنەوەی زەینی منداڵ و، لایەنی ئەخلاقیی لەمنداڵـدا، هاوڕاکـانی یۆهـان لـۆکێ، نووسـەری فەرەنسـی (فێنیلۆن) بوو کە گرنگترین بەرهەمی ئەم نووسـەرە، لەسـەر پەروەردەی کچان بوو، کەئەوکات تەنها لەسـەر پەروەردەی کـوڕان، کـاردەکرا، نووسـەرانی ئەدەبیـاتی منـداڵان دەبێـت بەمیتـۆدی تـازە بـابەتی پڕچێـژ سـەرنجی منـداڵان ڕابکێشـن، بـۆیە نووسـەرانی ئەو سـەردەمە زۆربایەخیـان بە زەیـن و عەقڵییەتی منداڵ دەدا،ئەوکتێبانەی کە بۆ منداڵ دەنووسران، سەرچاوەی زانست وفێرکردن بوون ناوەڕۆکی بەرهەمەکان زانیـاری بـوون لەسـەر، ئـاین، لایەنـی کۆمەڵایەتی، نیشـتیمان

پەروەری، زانستیان بەمنداڵ دەبەخشی، و دواتر چەندین بەرهەم لەمەڕ جوگرافیا، بۆ منداڵ نووسرا، یەکێک لەو شاکارانە، نووسەری سویدی، (سەلما لاگەرلیوف) بوو کەتوانی جوگرافیای سوید لەڕێگەی ئەدەبیاتی منداڵان، لەڕێی چیرۆکەوە،لەناو پڕۆگڕامەکانی خوێندندا بنووسێت، جوگرافیای ولاتی سوید بەمنداڵەکان بناسێنێت تێڕوانینی شارەزایان و نووسەران، بۆ پەروەردەو فێرکردن لەڕێگەی ئەدەبیاتی مندلانەوە، زیادی کردو میتۆدو پێوەری نویٚ بۆ هەلسەنگاندنی منداڵ هاتە کایەوە کەقۆناغی منداڵی قۆناغێکی پڕ بەختەوەری، بیٚ گرفت و بیٚ گریە، دەبێت نووسەران، هەمیشەگرنگی بەم قۆناغە پڕ هەست وفەنتازیایە بدەن، لەمەبەدواوە چەندان نووسەرو پێداگۆگ، پەیدابوون و جەختیان لەسەر هەست وفەنتازیا دەکردەوە، وەک میتۆدی پەروەردەی منداڵ.

سەرجەم فەیلەسوفان و شارەزایان و نووسەرانی ئەدەبیاتی منداڵان، کۆک بوون لەسەر ئەوەی ئەدەبیاتی منداڵان، سیحری ئارامیی و ئاسایش، بۆ کۆمەڵگەکەی مسۆگەر دەکات، دەتوانێت لەڕێی ئەدەبیاتەوە، بۆگەلان بسەلمێنێت، کە ئەدەبیات یەکێکە لەهۆکارە هەرە گرنگەکان بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە مرۆڤایەتییەی کە نووسەر پێیەتی، کەسێکی تری وەکو ( تێری دیری) کە خاوەنی ٢٥٠

بەرهەمـی ئەدەبیـاتی منـداڵانە بەرهەمەکـانی بـۆ زیـاتر لەچل زمان، وەرگێڕدراون.

تێری دەڵێت: هیچ کات کۆمەڵگەیەک پێویستی بە شوێنێکی وەک دادگا نەدەبوو گەر ئێمە، بتـوانین منـداڵ بەمانـای وشـە، پەروەردە بکەیــن، و پەروەردەکــردنیش لەڕێــی ئەدەبیــاتی منـداڵانەوە، چـونکە ســەرجەم فەیلەســوفان دەڵــێن، مـرۆڤ سازی هەر لەتەمەنی منداڵییەوە دەستپێدەکات، ئێمە دەبێت منـداڵەکانمان،لەڕێی ئەدەبیـاتەوە، مرۆڤـانە پەروەردە بکەیـن، نەک تەنهـا بەخێویـان بکەیـن، کەئەمە دوو شـتی جیـاوازن، لەڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، ولاتێکـی پێشـکەوتوو پڕ داهێنـانی وەکـو یابـان بەسەرمەشـقی پێشـکەوتن لەئەدەبیـاتی منـداڵان دادەنرێـت، هەر کـۆمەڵگەیەک، تـوانی منـداڵ بکـاتە سـەنتەر، لەڕێـی ئەدەبیـاتەوە گۆشــی بکـات، دەتوانێـت بیرکـردنەوەو ئایندەی ئەو کومەڵگەیە مسۆگەر بکات.

بـێ شــک هەر کـۆمەڵگەیەک، نـیەت ونیـازی پێشــکەوتنی هەبێت،دەبێت، ئەدەبیـاتی منـداڵان بکـاتە یەکێک لە باشـترین ئامرازەکــانی، بابەتەکــانی،و کــاریگەری هەبێــت لەســـەر ئەندێشــەو هـزری منـداڵ، بونیـادی ئەدەبێکـی مـرۆڤ گەرای منـــداڵان دابنرێـــت، ئـــێمەش وەکـــو کـــۆمەڵگەی کـــوردی مێژوویەکــی باشــمان لەگرنگــی دان بەئەدەبیــاتی منــداڵان پێشـــکەش کـــردووە، هەرچەنـــدە بەداخەوە، کەسیســـتەمی

پەروەردەی کـــــوردی، نەیتوانیــــوە ســــوود لەئەدەبیــــات وەربگرێت وەکو پێویست، لەبەکارهێنانی وەک، فاکتەرێکی باش بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە، لەناوەندەکانی فێربووندا، بەڵام نووســەرانی بـواری منـداڵان درێغییـان نەکـردووە بەئاگـان لەوەی کە ســــەرجەم ژانــــرە ئەدەبیەکـــان کـــاریگەری ڕاســتەوخۆی لەســەر پـێگەو کەســایەتی منـداڵ لەئاینـدەدا دەبێت، دەمەوێت سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم، کە تازەترین لێکــۆڵینەوە دەیســــەلمێنێت کە میمــۆری مێشــکی مــرۆڤ زیاترلەهەموو ڕوداوێک، تەنها چیرۆکی تێدا دەمێنێتەوە.

بــۆیە ئەدەبیــاتی منـــداڵان ڕۆڵ وکـــاریگەری، لەســـەر پەروەردە، تەندروســــــتی،پێدانی ڕێنمـــــایی و زانیــــاری، دروستکردنی هاوسۆزیی، نیشتیمان پەروەریی، لێبووردەیی، سـەرجەم بەهاکـانی تـر هەیەو دەتـوانین ئەم ڕێـگەیە بکەیـنە فاکتەرێکی باش بۆ چاندنی ئەم بەهـا مرۆییـانە لەمنداڵییەوە، هەتاوەکو تـاکێکی هۆشـمەند، دواتـر کۆمەڵگەیەکی هۆشـمەند دروست بکەین.



**پەیام ئیبراهیم عبدالرحمان:**

خاوەنی پێنج کتێبی چیرۆکی تایبەت بە منداڵان

دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکانی (کورد جینیەس)ی پەروەردەیی و گۆڤاری (کورد جینیەسی) تایبەت بە منداڵان.

فەرمانبەر لە ئامادەیی کوردجینیەس ڕاگەیاندکاری پەروەردەیی

چەندین بەرنامەی پەروەردەیی و ئەدەبی ئەنجامداوە

پێشکەشکاری بەرنامەیەکی تایبەت بە منداڵان لە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی ساڵی ٢٠١٩.

# گرنگیی نووسینی تەمەن لەسەر بەرگی کتێبی منداڵان

د. هاوژین سڵیوە عیسا/ کۆیە

**وتەیەک:**

تەمـەنی منـداڵی هـەر هێنـدەی ژمـارەی پەنجـەکانی دوو دەستی مرۆڤ دەبێت، کەچی تا تـەواوی تەمـەنی یادگـاری و حەز و خولیا بۆ مـرۆڤ دەهێڵێتـەوە، هـۆی هـەڵبژاردنی ئـەم بابەتــەم ئــەوە بــوو کــە تــاکو ئێســتا لــە توێژینــەوە و نووسینەکان زۆر گرنگی بەم بابەتـە نـەدراوە، بۆیـە ویسـتم تیشکی بخەمە سەر. ئەم کورتـە نووسـینە لـە چـوار تـەوەرە پێکهــاتووە، تــەوەرەی یەکــەم: پێناســە و چــەمکی ئــەدەبی منــداڵان، زۆر بــەکورتی پێناســەم کــردووە و بەشــێک لــە تایبەتمەندی ئەدەبی منداڵانم خستۆتە ڕوو. تەوەرەی دووەم: قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ، هەوڵم داوە بە کـورتی هـەر چـوار قۆناغەکـەی تەمـەنی منـداڵان بخەمـە ڕوو، کـە پێکهـاتووە لـە قۆناغــەکانی: ڕیالیســتی، ئەندێشــەی ئــازاد، پاڵەوانییــەتی، مێرمنداڵی. تەوەرەی سێیەم: گرنگی نووسینی تەمـەن لەسـەر بەرگی کتێبی منداڵان: ئەم تەوەرەیان کرۆکی باسەکەمانە، بە نموونە هێنانەوە ئـەم ڕاسـتییەم خسـتۆتە ڕوو، کـە نووسـینی تەمەن لە سـەر بـەرگی کتێبـی منـداڵان زۆر گرنگـە. تـەوەرەی

چوارەم: پێشەکی نووسین بۆ کتێبی منداڵان: لەم تەوەرەیەدا ئەم ڕاستییەم خستۆتە ڕوو، کە بەشێکی نووسەرانی بواری منداڵان، کاتێ کە کتێبی منداڵان چاپ دەکەن پێشەکییەکی قورسی بۆ دەنووسن، یان داوا لە توێژەرێک دەکەن پێشەکییەکیان بۆ بنووسێ، ئەو پێشەکییەش لە توانای تێگەیشتنی منداڵ نییە. دواتر ئەنجام و پێشنیازەکانم بە سێ خاڵ خستۆتە ڕوو، لەگەڵ نووسینی لیستی سەرچاوە و پەراوێزەکان. هیوادارم بەم توێژینەوەیە کورتەم توانیبێتم خزمەتێکی گچکە پێشکەش بکەم.

**١. پێناسە و چەمکی ئەدەبی منداڵان:**

ئەدەبی منداڵان ئەو نووسینانەن لە شیعر و چیرۆک و شانۆنامە و رۆمان...کە گەورەکان بۆ منداڵانیان نووسیوە، هەندێ جاریش منداڵیش بابەتی ئەدەبی دەنووسێ. لە ڕووی بیرۆکە و زمان و دارشتنەوە دەبێ بابەتەکان پەروەردەیی و سەرنج ڕاکێش بن. بەزمانێکی سادە بخرێنە ڕوو کە منداڵ حەزی پێبکا و لێی تێبگا و حەزی خوێندنەوەی لا دروست ببێت، ئەمەش بەوە دەکرێ کە بابەتەکان سەرنجی منداڵان ڕابکێشن و چێژی لێوەربگرن، ئەگەر شیعر بوو، دەبێ کێشەکە لە حەوت برگە و هەشت برگەیی زیاتر نەبێ، بۆئەوەی منداڵ هەناسەبرکێ نەبێ و توانای دەربڕین و

خوێندنەوەی هەبێ. ئەدەبی منداڵان بناغەدانەری کەسایەتی منداڵە، تۆ کە منداڵێکت بارهێنا لەسەر ئەوەی گوێ بگرێ و کتێب بخوێنێتەوە، ئەوا کە گەورەش بوو لە گەڵ قۆناغەکانی تەمەنی خوێندنەوە دەکاتە کارێکی گرنگی ڕۆژانە و بەردەوام دەبێت. پەیامی ئەدەبی منداڵان هەر ئەوە نییە منداڵ بکرێتە ئەدیب و لە دواڕۆژ شیعر و چیرۆک بنووسێ، یان تەنها ئەدەبیاتی خۆش بوێ، بەڵکو لە ڕێی ئەدەبی منداڵانەوە پەلدەهاوێ بۆ زانستەکانی تر. سەلما لاغرلوف(١٨٥٨ - ١٩٤٠) خانمە نووسەرێکی بەتوانای بواری منداڵان بوو لە سوید لە ساڵی ١٩٠٩ خەڵاتی نۆبڵی بەدەست هێناوە. لە ساڵی ١٩٠٦ موغامەراتی سەمەرەی نووسیوەتەوە، کە ناسراوە بە (چیرۆکی نیڵس). لەلایەن کۆمەڵێ مامۆستای سویدەوە داوای لێکرا شتێکی وابنووسێ، چونکە هەستیان کرد قوتابییەکانیان لە بواری جوگرافیا لاوازن، دوای بڵاوبوونەوەی ئەم چیرۆکە و کردنی بە ئەفلام کارتۆن، منداڵان ئاستی مەعریفییان لە وانەی جوگرافیا بەرزبووەوە. کەواتە بابەتە ئەدەبییەکان تەنها خودی خۆیان نین، بەڵکو هەڵگری مەدلوولی مرۆڤدۆستی و ئاین و مێژوو و جوگرافیا و ...هەموو زانستەکانی ترن. ئەنشتاین دەڵێ: (ئەگەر دەتانەوێ منداڵەکانتان زیرەک بن، چیرۆکی خەیاڵاوییان بۆ بخوێننەوە، ئەگەر دەتانەوێ زیرەک

تربن، زیاتر چیرۆکی خەیاڵاوییان بۆ بخوێننەوە). ئەنشتاین بۆخۆی لە ڕشتەی فیزیا ئیشی دەکرد، بەڵام ئەهمیەت و بەهای ئەدەبیات و چیرۆکی منداڵانی دەزانی.((پەیامی هەرە گەورەی ئەدەبی منداڵان ئەوەیە،کە یارمەتی منداڵ بدات کە جیهان بناسن و بیدۆزنەوە و بیگۆڕن))(١) واتا ئەدەبی منداڵان وشیاریی و جیهانبینی منداڵ پەرە پێدەدات.

## ٢. قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ:

تەمەنی منداڵیی بە دوو قۆناغی بنچینەییدا دەڕوات، هەر لەو ڕۆژەی وە زگی داگی دەکەوێ و گەشەدەکات و تا دەگاتە نۆمانگ لە دایک دەبێ، کۆمەڵێ قۆناغی گەشە کردنی هەیە. کە لەدایک بووش تا دەگاتە تەمەنی مێرمنداڵی و گەنجیی. زانایان دابەشی چەند قۆناغێکیان کردووە، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بێت، قۆناغی دوای لەدایک بوونی منداڵە، هەرچەندە توێژینەوە لەم بارەیەوە کراوە، کە ئەوکاتەی منداڵ لە زگی دایکی دایە دەنگی دایکی دەناسێتەوە، حەز لەمۆسیقا دەکات و ...دەکا، زانایان بەشێوازی جیاواز باسی قۆناغی وشیاری منداڵیان کردووە.

### أ. قۆناغی ڕیالیستی: ٣-٥ساڵان:

لەم قۆناغەدا منداڵ گەشە دەکات و زمانی دەپژێ و دەوروبەری خۆی دەناسێ و حەزدەکا شت فێرببێ. ((منداڵ

بـەم ژینگـەیـە کاریگـەر دەبێـت و کاردانـەوەی جیـاوازی لا دروسـت دەبێت، بـە بـەردەوامی هـەوڵی دۆزینـەوەی پێگـەی خـۆی دەدات))(٢) لـەم قۆناغـەدا منـداڵ هـەموو شـتەکان بـە واقعی دەبینێ و خەیاڵ فراوان نییە، جارێ پێویستە ئەو ناو و شـێوەی بونـەوەرەکان ببینێت و بزانێت، نـاوی پەلـەوەر و ئـــاژەڵـــەکان کەرەســـتەکانی دەور و بـــەری، ئـــاو، درەخت...ئاسـمان، ئەسـتێرە، خـۆر، مانگ...واتـە کەتوارییـەتی شتەکان بدۆزێتەوە.

کارلوس زافون دەڵێت: ((لەتەمـەنی شـیرەخۆرەوە وێنـەی ڕوون و سادە سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت، کە وێنەی ئاژەڵ و باڵندەکانی تێدابێ، ئارەزووی ئەو کتێبانـە دەکـەن کـەل و پـەلی ناومـاڵ و یارییـەکان بـن، حـەزیان لـە گوێگرتنـە وایـان لێدەکات کـە وەڵام دانـەوەی حەماسـییان هـەبێ(٣) تەمـەنی داینگـە و پـێش قوتابخانـە: لـەو تەمـەنەدا منـداڵ حـەز لـەو چیرۆکانە دەکەن کە شتی بیندراوی ڕۆژانەن.

حـەز لـەو چیرۆکانـە دەکـەن، کـە نووسـینەکان کـەمبن و وێنـەکان گـەورە و جـوان بـن. حـەز لـەو شـیعرانە دەکـەن بـە ئاوازەوە بۆیان بلێیت، ئەو شـتانەش زۆر گـرنگن بـۆ توانـایی جوڵەیی و سەرنجدان.

**ب . قۆناغی ئەندێشەی ئازاد٦-٨ساڵان:**

ئەم قۆناغە ئاستی بیرکردنەوەی منداڵ فراوان دەبێت، دەوروبەری خۆی دەناسێتەوە، کۆمەڵێ وشە و دەستەواژە فێربووە، نەوزاد عەلی ئەحمەد دەڵێ: ((قوتابخانە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر پێگەیشتنی منداڵ، منداڵ لەم قۆناغەدا خەیاڵە سنووردارەکەی فراوان دەکات))(٤) نووسەری ناوبراو زیرەکانە لەگەڵ دیاریکردنی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ نموونەی شیعریشی بۆ هێناوەتەوە. لەم قۆناغەدا دەکرێ بابەتە ئەدەبییەکان باسی قوتابخانە و ڕێزگرتن و بابەتی خەیاڵاوی باس بکرێ، چونکە بابەتی خەیاڵاوی خەیاڵدانی منداڵ فراوان دەکات و زیاتر بیردەکاتەوە و چێژی لێوەردەگرێ.

**ج . قۆناغی پاڵەوانییەتی ٨-١٢ساڵ:**

ئەم قۆناغە منداڵ زیاتر هەست بە بوون و کەسایەتی خۆی دەکات و حەزی خۆنمایش کردن و بەدەرکەوتن دەکات، ((دەتوانین بڵێین منداڵ دەکەوێتە جوڵەیەکی بێ شومار و لە شوێنێک بەتەواوەتی ئارام ناگرێت، چونکە هەوڵدەدات خۆی لە جیهانێکی تر بدۆزێتەوە و جیاوازبێت لە جیهانی قۆناغەکانی پێشووی))(٥) حەزی لە کەشف کردنی شتەکانە، حەزی بە بەدواداچوون و فێربوونە. دەتوانێ

چیرۆکی وا بخوێنێتەوە کە هەندێ ئاڵۆزییان تێدایە،لەهەمان کاتیش وشەکانی ناسراوبن و چیرۆکی خەیاڵی بن. حەز لە شتی زانستی ئاسان کراو دەکات لە ناسینی گەردون و ئۆتۆمبیل و لەشی مرۆڤ.

**د . قۆناغی مێرمنداڵ ١٢-١٥ساڵ:**

ئەم قۆناغە قۆناغێکی هەستیارە بۆ منداڵ، منداڵ فەرهەنگێکی باشی وشەی کۆکردۆتەوە، قۆناغی بنەڕەتی خوێندنی تەواوکردووە، کۆمەڵێ زانیاری کۆکردۆتەوە، بۆیە ئاستی تێگەیشتنی فراوان بووە و لە هەنگاونانە بەرەو قۆناغی گەنجی،((لەم قۆناغەدا مێرمنداڵ حەز لە شتی جۆراوجۆر دەکات کە بیخوێنێتەوە، وەک چیرۆک و هەواڵ و وتاری سیاسی..))(٦) ئەم قۆناغە قۆناغی خەیاڵ و زیندەخەونە، بۆیە ئەو بابەتە ئەدەبیانە کە بۆئەم قۆناغە دەنووسرێ دەشێ دوور و درێژ تربن و توانای ئەوەی دەبێت ڕۆمانی مێرمنداڵانی سەد بۆ دوو سەد لاپەڕەیی بخوێنێتەوە.

**٣. گرنگی نووسینی تەمەن لەسەر بەرگی کتێبی منداڵان:**

لەگەڵ گەورەبوونی منداڵ جۆری خواردن و جل وبەرگی منداڵ پێویستە بگۆڕێت، وەک چۆن کاتێ منداڵ

دەچێتە شاری یاری تەمەنی منداڵەکان دیاریکراوە بۆ جۆری یاریکردنەکان، بەو پێودانەش ئەدەبی منداڵان دەبێ بەپێی قۆناغ و تایبەتمەندی منداڵ بنووسرێ و لەسەر بەرگی کتێبەکان ناوی لێبندرێت. خوازیارم وەزارەتی ڕۆشنبیری ژمارەی سپاردن بە هیچ کتێبێکی منداڵان نەدات، تاخاوەنەکەی قۆناغی ئەو تەمەنەی کە پێویستە لەسەر بەرگی کتێبەکان دانەنێت، ئەگەر کتێبەکە بۆ هەموو قۆناغەکان نووسرابێ، ئەوە پێویستە لەنێو کتێبەکە جودابکرێنەوە، بۆنموونە لە لاپەڕە یەک بۆ لاپەڕە بیست بۆقۆناغی ٣-٥ ساڵان، لە لاپەڕە ٢١- ٤١ بۆ تەمەنی ٦-٨ ساڵان....بەداخەوە لە کتێبە چاپکراوەکانی بواری منداڵان بەدەگمەن ئەوە دەبینین کە تەمەنی ئەو قۆناغەی گونجاوە دابندرێت. ڕاستە منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵ دەتوانێ بەرهەمی منداڵێکی پێنج ساڵانیش بخوێنێتەوە و چێژی لێوەربگرێ، بەڵام بەپێچەوانەکەی ناکرێ بەرهەمی منداڵێکی دوازدە ساڵان بۆمنداڵێکی پێنج ساڵان بخوێندرێتەوە، با بابەتەکە بەپراتیکی بکەین و بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە بگێڕمەوە:

چەند ساڵێک بەر لەئێستا (ڕین)ی کچم، کە ئەو کات تەمەنی نزیک بە چوار ساڵان بوو، شەوانە چیرۆکم بۆدەخوێندەوە، یان بۆم دەگێڕایەوە، زۆری حەز پێدەکرد،

بەتایبەتی حەزیدەکرد سەیری وێنەکان بکات و من بۆی بگێڕمەوە، شەوێکیان لە نێو کتێبخانەکەم گەڕام نامیلکەی (چۆلەکە بچکۆلەکە)ی (مەکسیم گۆرکی)م کەوتە بەردەست، کتێبۆکەیەکی ٢٠ لاپەڕەیی وێنەدارە، لەساڵی ١٩٨١ لەلایەن کاکەی فەلاح لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدرایتە سەر زمانی کوردی و لەلایەن هونەرمەند تشارۆشین وێنەکانی نێو کتێبۆکەکە کێشراون. دەست پێکی چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە: ((جیهانی چۆلەکە هەر تەواو وەک جیهانی مرۆڤ وایە، چۆلەکە نێر و مێیە گەورەکان باڵدارێکی بێزارکەرن، باسی هەموو شتێک دەکەن و ناوەرۆکی کتێبەکان دەگێڕنەوە، بەڵام لاوەکانیان بە ژیری دەژین. هەبوو نەبوو چۆلەکەیەکی بچکۆلانەی دەنووک زەرد هەبوو، ناوی (بۆدیک) بوو...))(٧) بەکوردییەکەی ناوەرۆکی چیرۆکەکە ئەوەیە، دایکی نەسیحەتی (بۆدیکی) دەکرد کە لە سەر تاقچەی پەنجەرەکە نەیێتە خوارەوە، ڕۆژێک بە باڵە فڕکە هاتە خوارەوە، پشیلەیەک تاوی دایێ و ویستی بیخوات و کلکی هەڵقەند....دواتر دایکی هات بەچکە چۆلەکەکەی ڕزگارکرد... کاتێ ئەم چیرۆکەم بۆ گێڕایەوە، هەر کە گەیشتمە ئەو شوێنەی کە پشیلەکە تاودەداتە (بۆدیک) و دەیەوێ بیخوا. کچەکەم لەزیرەی گریانی داو وتی: پشیلە دەمخوات، هەر چەندە وتم دایکی نەیهێشت پشیلە بیخوات.

ئـەو هــەر دەگریــا، دەیــوت: دەمخــوات دەمخــوات، پشــیلە دەمخوات، چونکە لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە، ئەو خۆی بـە بەچکـە چۆلەکەکـە دەهاتـە بـەرچاو، داکانـە چۆلەکەکـەش بــەدایکی خــۆی دەهاتــە بــەرچاو، بــەلای منداڵــەوە هــەموو بوونــەوەرێک دایکێکــی هــەیــە. لــەوەوە گرنگــی نووســینی ســەربەرگی کتێبــی منــداڵانم بــەلاوە گرنــگ بــوو. بۆیــە لــە کتێبــەکانی خــۆم گــرنگیم بــەم بابەتــەدا و دواتــریش ئــەو نووسینەی لێبەرهـەم هـات. هـەڵبەتـە ئـەو چیرۆکـە بۆتـەمـەنی سەروی حەوت ساڵان گونجاوە، چونکە ئەوکات منداڵ چۆتە قوتابخانــە و زیــاتر لای ڕاســت و چــەپی خــۆی دەناســێ و دەزانــێ لــە پــای خۆشــییەکانی ژیــان ئاســتەنگی و ناخۆشــی هەیە. وردە وردە دێتە نێو کەتواریەتی ژیان.

## ٤. پێشەکی نووسین بۆ کتێبی منداڵان:

جیهانی منداڵان ئەو جیهانە ورد و حەساسەیە، کە دەبێ زۆر بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، چونکە منداڵ بـەپێی بەرنامـەکانی کۆمـەڵگـا ڕەنگرێـژ دەبێـت. ئـەدەبی منـداڵانیش ئەدەبێکــە لەلایــەن گەورەکانــەوە بــۆ منــداڵ دەنووســرێ، زۆرجار هەیە منداڵیش شت دەنووسێ. وەک چۆن پزیشکی منــداڵان ئیشــەکەی قورســە، چونکــە منــداڵی نــەخۆش تــەنها دەگریێ و پزیشک دەبێ زۆر بە وریاییـەوە هۆکـاری گریـان

و نەخۆشــییەکەی بدۆزێتــەوە، بــەڵام کەســی گەورەســاڵ دەتـوانێ هـەموو کێشـەکانی خـۆی بـۆ پزیشـک بـەیان بکـات، ئەوکاتــە پزیشــک بەرچاوڕوونییــەکی باشــتری دەبــێ بۆچارەســەری نەخۆشــەکە. بــەو پێودانــەش نووســین بــۆ منــداڵان کــارێکی قورســـە. وەک چــۆن لـــە ئــەدەبیاتی گەورەساڵان دەقی باش و خراپ هـەیە، ئاوا لـە ئەدەبیاتی منداڵانیش دەقی باش و خراپ هـەیە. جیاوازییەکە ئەوەیە، کەســی گــەورە ســاڵ بــە وریاییــەوە بــاش و خــراپ لێکجودادەکاتەوە و هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ دەکا و دەزانـێ کامە کتێـب و کامـە دەق خـۆراکی سـوود بەخشـی مێشـکە، بەڵام منداڵ بێئەزموونە بۆیە نابێ خۆراکی بەسەرچووی دەرخوارد بدەین، مەبەست لەوەش نییە کە منداڵ دەقی باش و خراپ لێکناکاتەوە، تاڕادەیەکی باش لێکیدەکاتەوە و دەقی جـــوان و ســـــەرنج ڕاکێشـــــی خـــۆش دەوێ و زۆری دەخوێنێتـەوە و زۆرجـاریش لەبەریـدەکات، بـەڵام دەکەوێتـە ژێرکاریگــەری دەقــە خراپــەکانیش. بێینــەوە ســەر باســە ســەرەکییەکەی خۆمــان، لــە زۆرێــک لــە کتێبــی منــداڵان بەتایبـەتی لـە کتێبـی شـیعر و چیرۆکـی منـداڵان پێشـەکی دەبینین، سەرەتا کە سەیری دیزاینی کتێبەکە دەکەین زۆر جار کێشەی وای نییە، وێنەی ڕەنگاوڕەنگی لەگەڵ داندراوە، بە فۆنتێکی هەراش نووسراوە… بەڵام پێشەکییەکەی لەلایەن

کەسێکەوە نووسراوە، کە ئەم پێشەکییە بۆ منداڵ نەنووسراوە، بەڵکو بۆگەورە سالآن نووسراوە، پێشەکی نووسی منداڵان ئەوەی لەبیر چووە کە ئەم کتێبە تایبەتە بەمنداڵان و منداڵ دەیخوێننەوە، خۆ ئەگەر توێژینەوە بنووسیّ و لە شوێنی تر بڵاوبکرێتەوە ئاساییە، بەڵام چۆن دەبیّ لەگەڵ بەرهەمەکە دابندریّ، کە منداڵ لە یەکەم پەڕەوە تووشی بێزاری و بارقورسی و تێنەگەیشتن دەبێتەوە، وشە و ئیدیۆم و خوازەی وای تیادەدۆزێتەوە، لەوانە: ئاسمان و ڕێسمان، بەکێوهەڵگەڕانی نووسەر، خۆخواردنەوە و قەڵەمی بەبڕشت، ژانری ئەدەبی... داوام لێکراوە پێشەکی بۆ کتێبی منداڵان بنووسم. وتوومە نایبنووسم و هەڵەیە، بەنووسەرەکەم وتووە، گەر نووسیشت بەزمانێکی سادە بینووسە، بۆنموونە بنووسە: منداڵە چاوگەشەکان ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی کە دیخوێننەوە، چیرۆکی زۆرخۆشن لەبارەی خۆشەویستی دایک و باوک و خۆشەویستی قوتابخانە و لەبارەی پاک و خاوێنی ژینگە... هیوادارم یەکە یەکە بیانخوێننەوە و سوودی لێوەربگرن. کەچی دەبینین نووسەر پێشەکییەکی قورسی بۆ نووسیوە، کە منداڵ لێی تێناگات، ئەوە وەک ئەوە وایە  دوو شتی نەگونجاو بێنی و بەتۆبزی پێکەوەیان بلکێنی.

**ئەنجام و پێشنیاز:**

١ـ تـوێژەرانی بـواری دەروونزانـی قۆناغـەکانی تەمـەنی منـداڵانیان دابەشـی چـوار قۆنـاغ کـردووە ٣-٥سـاڵان، ٦-٨ سـاڵان، ٨-١٢- سـاڵان، ١٢- ١٥ سـاڵان، پێشـنیازدەکەم کـە سـوود لـەم ژمارانـە وەربگیرێـت و بـە گـوێرەی جـۆری نووسـینەکە تەمەنەکـە دیـاری بکـرێ و لەسـەر ڕووپێـوی بەرگی کتێبی منداڵان دابندرێت.

٢ـ زۆربـەی نووسـەرانی بـواری منـداڵان ژمـارەی تەمـەن لەسـەر بـەرگی کتێبـەکانیان دانـانێن و هەندێکیشـیان هـەر قەناعەتیان پێی نییە، پێشنیازدەکەم لـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری ژمارەی سپاردن بە کتێبی منداڵان نەدەن تاوەکو گونجاندنی ساڵی تەمەن لەسەر بەرگی کتێبەکە دانەندرێ.

٣ـ چەنـد گرنگـە لەسـەر بـەرگ تەمـەنی منـداڵ بنووسـرێ، ئەوەنـدەش گرنگـە لـە پێشـەکی نووسـینی کتێبـی منـداڵان حیسـابی تەمـەنی منداڵەکـە بکـرێ یـان نەنووسـرێ یـان کـە نووسرا و بەشێوەیەکی وا بنووسرێ حیسابی تەمەنی منداڵ و ئاستی تێگەیشتنەکەی بکرێ.

## سەرچاوە و پەراوێز:

١. مامەند، کەمال، ١٩٨١، چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی حوادس، بغداد، ل٢٣
٢. مەحمود، د. فازیل مەجید، ٢٠٠٤، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل٢٢
٣. ریوایة ظل الـريح – كارلوس زافون – www.ahjazeera.net
٤. ئەحمەد، نەوزاد عەلی، ١٩٩٨، منداڵ و ئەدەب، چاپخانەی ڕوون،سلێمانی، ل١٨
٥. س.پ.ل ٢٠
٦. س.پ.ل ٢٥
٧. مەکسیم گۆرکی،و. کاکەی فەلاح، ١٩٨١، چۆلەکە بچکۆلەکە، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی،ل٣

### د. هاوژین سڵێوە:



* د. هاوژین سڵێوە عیسا کەریم، لە دایکبووی (١/ ٥/ ١٩٧٩)، هەرمۆتە ـ کۆیە.
* (٢٠٠٤) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە.
* (٢٠٠٨) بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە.
* (٢٠١٢) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە.

* (٢٠١٧) پلـــەی زانســـتی بەرزبۆتـــەوە بـــۆ پرۆفیســـۆری یاریدەدەر.

* زمـانی (کـوردی) و (عـەرەبی)و (فارسـی) و (سـریانی) دەزانێت.

* (٢٠١٠) خـەڵاتی یەکـەمی لـە لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی لـە فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەدەستهێناوە.

* (٢٠١٢) لەسـەر ئاسـتی هـەرێمی کوردسـتاندا لـە بـارەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی خەڵاتی لاوی ساڵی پێبەخشراوە.

* (٢٠١٦) توێژینەوەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ (فازیل شەورۆ) نووسـیوە بـەناوی (جگـەرە لـەجیهانبینیی شـیعری شـێرکۆ بێکەسـدا)، لـە فێسـتیڤاڵی گـەلاوێژ بەشـداریان پێکـردووە و خەڵاتی یەکەمیان بەدەستهێناوە.

* جێگـــری بەڕێوەبـــەری نووســـینی گۆڤـــاری (زانکـــۆی کۆیە)بووە.

* ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (هـەنگاوی نوێ) بووە.

* یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری نووسـینی گۆڤـاری (شـارەوان) بووە.

* بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (کەلتووری کورد)بووە.

* جێگری سەرنووسەری گۆڤاری (کەکۆن)ە.

* ئەنــدامی دەســتەی نووســەرانی گۆڤــاری (ڕۆشــنبیری کەلدان)ە.
* مامۆستای ڕەخنەی ئەدەبییە لە زانکۆی کۆیە.
* ئەندامی سەنتەری مەلای گەورەیە.
* سەرۆکی بەشی زمانی کوردییە لە زانکۆی کۆیە.

**کتێبە چاپکراوەکانی:**

١.لە پاییزەوە بۆ بـەهار، شـیعر، چاپخانـەی بێریڤان، هـەولێر، ٢٠٠٧.

٢.وێنەی هونـەری لـە شـیعرەکانی شـێرکۆ بێکەسدا، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٩.

٣.خوشکە نەسیمۆ، کۆمەڵێ حیکایەتی سریانی، وەرگێڕانی لە زمـانی سـریانییەوە بـۆ زمـانی کـوردی، چاپخانـەی کـەمال، ٢٠١٢.

٤.مۆسیقای نامۆیی، شیعر، چاپخانەی کەمال، ٢٠١٣.

٥.ڕەهەندی دەروونی لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانـەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.

٦.خــۆری دەق و ئــاوێزەی ڕەخنــە، ڕەخنــەی ئــەدەبی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

٧.مێـژووی هەرمۆتــە، توێژینەوەیــەکی مێژوویــی لــەبارەی مەســـیحییەکانی کۆیـــە ـــ هەرمۆتـــە، چاپخانـــەی زانـــا، سلێمانی،٢٠١٣.

٨.هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، وەرگێڕانی لــە کوردییــەوە بــۆ زمــانی ســریانی، چاپخانــەی شــەهاب، هەولێر، ٢٠١٥.

٩. هێما ئایینی و ڕۆشنبیرییەکان، ن: صەبری المەقدەسی، و. لە عەرەبییەوە: دەلال صلیوە، پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی: د. هاوژین سلێوە، ٢٠١٥.

١٠. پـاییزی نیگـەرانی، شـیعر، چاپخانـەی شـەهاب، هـەولێر، ٢٠١٥.

١١. ئیرۆتیک لەشیعری (حەمام)ی شێرکۆ بێکەسدا، هاوبەش لەگەڵ د. دەریا حەویزی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥.

١٢. کاریکـاتێر لـە شـیعری کوردیـدا، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێر، ٢٠١٦

١٣. جگـــەرە لـــە جیهـــانبینیی شـــیعری شێرکۆبێکەســـدا، لەگــەڵ:(فازیل شــەوڕۆ) نووســیویانە، چاپخانــەی زانکــۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٧.

١٤. موسـیقی الاغتـراب، شـعر، المؤلـف: هــاوژین صــلیوە، ترجمة: محترم محمـد، مطبعة هاوار، دهوك ، ٢٠١٨.

١٥. ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی- لە شاری کۆیە(شیعر بە نموونە)، کتێبی هاوبەش لەگەڵ مامۆستا شادان شکر، ٢٠١٨.

١٦. تابلۆی پەپوولان، شیعر بۆمندالان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١٩.

١٧. توتییەکی ژیر، چیرۆک بۆمنداڵان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٩.

١٨. ڕەخنەی پراکتیکی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٩.

١٩. دایک لە جیهانبینیی شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی دەروونییە، لەگەڵ (فازیل شەوڕۆ) نووسیویانە، چاپخانەی سارا، سلێمانی، ٢٠١٩.

٢٠. ئاگردانێک بەقەد نیشتیمان، ژیاننامەی فاروق شەهید عەلی مەولوود، (یاداشتە ڕۆمان)، لەگەڵ (فازیل شەوڕۆ) دایانڕشتۆتەوە و کردوویانە بە بابەتێکی ئەدەبی، ٢٠٢٠.

٢١. دیوانی شێواو، توێژینەوە و ئامادەکردن، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٢٠.

٢٢. بنچینەیەک بۆفێربوونی زمانی فارسی، ٢٠٢٠ .

٢٣. خەونی فەرمانبەرێک - چیرۆک- ، ٢٠٢٠.

٢٤. زایەڵەی فلوتە ئەویندارەکەی سەرداری باب سەردار، لەگەڵ م.فازیل شەوڕۆ و د. هێمن عبدالحمید، ئامادەیان کردووە،٢٠٢٠.

٢٥. چیرۆکەکانی حەسەنۆک، ب١-٢، نووسینی محەمەد ڕەزا یوسفی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی، ٢٠٢١.
٢٦. حەزم لە مۆسیقایە، شیعری منداڵانی تەمەن (٣بۆ٥)ساڵان،٢٠٢١.
٢٧. بەچکە چۆلەکە، چیرۆکی منداڵانی(٣بۆ٥) ساڵان، ٢٠٢١.
٢٨. ئەدەب و هونەری منداڵان، دیمانە و ئامادەکردنی، د. هاوژین صلیوە و ڕۆستەم خامۆش، ٢٠٢٢.

# شیعر بۆ منداڵان نووسراو و شیعر دەرخکردن

محەمەد فەریق حەسەن/ سلێمانی

کاتێک شاعیری لای خۆمان، دێت شیعرەکەی پڕ دەکات لە فەرمان، فەرمایشت، ئامۆژگاری و حیکمەت، وەختێ ئەو لە بەرزاییەوە ڕووی دەم دەکاتە منداڵ و داوای لێ دەکات، وەها بکەو وەها مەکە. ئاواوە بچۆ، ئاواوە مەچۆ، ئەمەیان کاری چاکە، هۆ ئەوەشیان لەوێ فرە خراپ و نەکردەیە، بێئەوەی ئەو تاکە خۆ بە شاعیر و حەکیم زانە، شتێکی ئەوتۆ لە یاسا بزانێت، یان مافی یاسادانانی هەبێت، تاکلایەنە لە دەقی شیعردا ژمارەیەک یاساو ڕێسا بۆ منداڵان ڕێز دەکات و داواشیان دەکات، بەند بە بەندی بۆ جێبەجێ بکەن؛ ئیتر ئەو نووسراوە هەر شتێک بێت، شیعری منداڵان نییە!

لای خۆمان، شاعیرمان هەیە شیعرەکەی ڕێک لە ڕێنماییەکانی فەرمانگەی پۆلیسی هاتوچۆ دەچێت.

ئەرکی شیعریی بۆ منداڵ نووسراو نە ئامۆژگارییە، نە ڕێنمایی. منداڵی کوردیش وەک منداڵانی دونیا بە ئامۆژگاری پەست و بێزار دەبێت. شارەزای بوارەکە، کە لە پەروەردە و سایکۆلۆگیای منداڵان دەزانێت. ئەگەر ویستی نامەیەک بگەیەنێتە منداڵان، ئەوا لە ڕێی ئەو چیرۆکانەوە دەیگەیەنێت، کە کارەکتەرەکانی باڵندە و گیاندارن. بە تایبەتی ئەو باڵندەو

ئــاژەڵانەی کە لای منــداڵ خۆشەویســتن. واتە گیانــدارەکان ناڕاستەوخۆ لە ڕێی ئەزموون و گوتوبێژی نێوان خۆیانەوە ئەو نامەیە دەگەیەنن. نەک چیرۆکنووس ڕاستەوخۆ دروشـم بەرز بکــاتەوە و وتاریــان بــۆ بــدات. وەکــوتر ئەوە ئیمــامی مـــــزگەوتە، نەک شـــــاعیر کە ئامۆژگـــــاری پێشـــــکەش بە موسوڵمانان دەکات؛ ئەگەرچی ڕەنجی بە بایە. خۆ لەوەتەی یەکەم ئاین لەسەر زەوی دەرکەوتووە، یەکێک لە نامەکانی (چاکە بکە و خراپە مەکە) بووە. وڵات هەیە دەزگەی تایبەتی بە ناوی (الامر بالمعروف والنهي عن المنكر) هەیە. کەچی بە پێی ڕاپۆرتی ساڵانەی شارەزایانی ئەو وڵاتە، لەوێ ڕەوشت (بە حسێبی خۆیان) زفتە و ڕۆژ بە ڕۆژیش پتر ڕۆدەچێت.

خۆ مامۆستای قوتابخانەیش ئەم ڕاستییە دەزانێت. ئەو کاتی خۆی لە پەیمانگە و زانکۆ خوێندوویەتی، چلۆن و بە چ شــێوەیەک ڕێنمــایی قوتابییــان بکــات و بەرچاویــان ڕوون بکاتەوە.

دەبــا بــاوک و دایکــانیش ئامۆژگــاری بەســەر منداڵــدا نەبەخشــنەوە. بــا خۆیــان بــبن بە نمــوونە و پێشــەنگ بــۆ نەوەکانیــان. بــا ئەوان بە کــردەوە بیســەلمێنن، کە خۆیــان دەسـتپاک و زارپـاک و داوێنپـاکن، ئەوسـا ئیتـر پێویسـتییان بەوە نابێت ڕۆژانە ئامۆژگاریی منداڵی خۆیان بکەن. ئـاخر بــاوکێکی گەنــدەڵ چــۆن لەڕووی دێــت ئامۆژگــاری منــداڵی

خـــۆی بکـــات؟ ئەگەر کردیشـــی منـــداڵەکەی چـــۆن لێـــی وەردەگرێت؟ ئەوە بۆیە بەزۆری منداڵی پیاوو ژنە خۆفرۆش و گەندەڵەکان هەمیشە تێیناهێنن!

جێی بەزەیی پێداهاتنەوەیە، شیعر ئامۆژگاری بێت! چونکە ئەو شـیعرەی بریتـی بێت لە ئامۆژگـاریی ڕووت، مەعلـوومە کە ئیتـر وێـنە و خەیـاڵی تێـدا نەخـراوەتە کـار. بـۆ خـودی شـاعیریش وەهـا چـاکترە بەرهەمەکەی بە ڕەگەزی خەیاڵ و جـووڵە دەوڵەمەنـد بێـت، تـاکو لەم ڕێـیەوە، پتـر خەیـاڵی منـدالانیش بجووڵێنێت و لە جاران دەوڵەمەنتر و فراوانتـری بکـات. ئەوە ئاسـتی خەیـاڵفراوانی شـیعرە، کە خەیـاڵی منداڵ دەوڵەمەند دەکات. خەیاڵیش دایکی داهێنانە؛ وەک گوتوویانە، نەک ئامۆژگاری، جا لە هەر بوارێکدا بێت.

هەموو منداڵێک خاوەنی خەیاڵە. تۆ بە گوێی خۆت گوێت لێیەتـی، چـۆن ئەو لەگەڵ ورچە پەڕۆینەکەیدا دەدوێت، وەک ئەوەی مرۆڤـی زینـدوو بێـت و لە قسـەکانی تێبگـات. ئەو لەگەڵ بەرددا، بە بەردیی خۆی قسان دەکات. حیکایەتی بۆ دەگێڕێتەوە و گلەیی لێ دەکات. خۆ ڕەگەزی خەیاڵ لە لای هەمـوو منـداڵێک ئامـادەیە. ئەوەنـدە هەیە بە ئاسـتی جیـاواز چالاکە.

شیعری سـەرکەوتوویش ئەوەیـانە، کە ئاسـتی ئەو خەیـاڵە دەگۆڕێـت و چـالاکتری دەکـات. منـداڵ ئەگەر خەیـاڵی ئـازاد

بێت، ئەوا مێشکیشی ئازاد دەبێت. چێژ و ئارەزووی بۆ پرسی جوانی و بۆ ئیکۆنە جوانەکانیش هەڵدەکشێت.

تۆ سەرنج بدە، هەموو منداڵێکی ئەم جیهانە گیانداری خۆش دەوێت، لێ دواجار ئەوە گەورەکانن، فێری دەکەن ڕاوی ئاژەڵ بکات! واتە ئەوە خودی گەورەکانن، کە منداڵ فێر دەکەن چلۆن ئاژەڵ و باڵندە ڕاو بکات، بگرێت و بکوژێت!

ڕەنگە بپرسیت، ئەی کەواتە شاعیر چی بنووسێت باشە و باسی چی بۆ منداڵ بکات؟ من دەڵێم با بەرهەمی ئەویش وەک شیعری میللەتانی دونیا بێت. با باسی جوانیی سروشت و ئەو گیاندارانە بێت، کە لە باخچەی ئاژەڵان دەیانبینێت. با شاعیر باسی یارییەکی منداڵان، گەشتێک، بۆنەیەک، یان هەر بابەتێک، کە خەیاڵی منداڵی پێ فراوان ببێت و ئەوی پێی دڵخۆش ببێت، بکات. با ئەو باسی بۆنەی خێزانی و جەژنی میللییان بۆ بکات. با دەقەکەی ئاماژەی تێدا بێت، باس لە جووڵە و چالاکی بکات و منداڵ بهێنێتە جۆش و خرۆش و دڵی خۆش بکات. ڕاستت دەوێت ئەوەیان بڕیاری شاعیر خۆیەتی، کام بابەتە هەڵدەبژێرێت. وەلێ با دوور بێت لە ئامۆژگاری.

ئەوە گەورەکانن، لێدەبڕێن شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان بنووسن. ئێمەش لێرەدا، مەبەستمان لەو شیعرەیە کە گەورە

بـۆ منـداڵی دەنووسـێت. لە دۆخـی وەهـادا، ئەوی شـاعیر مـاوەیەکی زۆرە قۆنـاغی منـداڵیی تێپەڕانـدووە. کەواتە ئەو ناتوانێت وا بە ئاسانی دەیان ساڵ بۆ دواوە بگەڕێتەوە، تـاکو بزانێت منداڵ چی دەخوازێت و چلۆن بیر دەکاتەوە. ئەوەیش لەولاوە بوەسـتێت داوا و خولیـای منـداڵی ئەم سـەردەمە جیـاوازن، لە خواسـتەکانی دەورانـی منـداڵیی شـاعیر نـاچن! ئەوسا کوا ئایفۆن، ئایپاد، پلەی ستەیشن و نینتیندۆ وسـیرک و شـاری یـاری و سـینەمای منـداڵان هەبـوون؟ پێمـوایە، گەرەکە ئەوی شـاعیر، شـتێکیش لە سـایکۆلۆگیای منـداڵ بزانێت.

شـیعریش بـۆ ئەوە نانووسـرێت منـداڵ بە وشـکی لەبەری (دەرخ) بکات. منداڵی کوردیش، وەک منداڵانی دونیا، شـیعری لە سەمتی گۆرانیدا پێ خۆشە. خۆ منداڵ تووتی نییە، قسـەی شاعیر، یان بەرهەمـی هەر کەسێکی تـر بڵێتەوە و ئەزبەری بکـات. پێمـوایە تـۆ ئەگەر زۆر لە منـداڵ بکەیـت شـیعر لەبەربکات، ئەوا خراپ دەیچەوسێنیەوە، وەلێ وەختێ شـیعر بـوو بە گـۆرانی، ڕەگەزی ئـاواز و مـوزیکی چـووە پـاڵ، ئەو دەمە خۆی پێی خۆشـە لەبەری بکـات، گـوێی بـۆ ڕادێرێت و چێـژی لـێ ببینێـت. ئەوسـا وەهـا چـاکە لەگەڵ هەڤاڵانیـدا بە ئـاوازەوە شـیعرەکە بیچڕێت. واتە لە چـالاکی تـاکەوە دەبێت بە چـالاکیی دەسـتەجەمعی. بـا لە پێشـدا دادەکـانی بـاخچەی

منـداڵان، خۆیـان بـۆ منـداڵانی بچـڕن، پاشـان منـداڵانیش بە کۆرس، لەگەڵ مامۆسـتا و هاوپۆلەکانیدا بە ئـاوازەوە لەگەڵ جووڵەی جەستە و نمایشدا بیچڕن.

جیهانی منداڵ دونیایەکە لە ئەفسـوون، فانتاسـیا و خەیـاڵ. بـا لەڕێـی شـیعرەوە منـداڵەکان کـۆببنەوە و پـێکەوە کـاری هەرەوەزی ڕابپەڕێـنن. مـن پێمـوایە ئەگەر مامۆسـتا، منـداڵی ناچـار کـرد و فشـاری خسـتە سـەر، شـیعر دەرخ بکـات، ئەو حەلە زۆر بە ساکاری دەتوانین بڵێین، ئەو بێگـاری بەسـەردا سەپاندووە، کە کاری منداڵ نییەو سوودیشـی بۆ ئەو منداڵە تێدا نییە!

من لێرەدا، ڕاستەوخۆ مامۆستا گوناهبار ناکەم. وەزارەتی پەروەردە دەسەڵاتی پرۆگرام داڕشتنی هەیە، نەک مامۆسـتا. ڕۆڵی مامۆستا ئەوەندەیە، پرۆگرامـی پەروەردە بخـاتە واری جێبەجێکردنەوە. خۆ شیعر دەرخکردنیش، مێشکی منداڵی پێ چالاک نابێت، بەڵکو خەیاڵ و ئاوەزی ئەو سنووردار دەکات و دەیچڕووسـێنێت. ئەو منـداڵەیش دەتـرجێنێتە نێـو دۆخێکـی دەروونیی نائارام و نالەبارەوە، تاکو تەواو شیعرەکە ئەزبەر نەکـات، ئەو ئـارام نـابێتەوە. خـۆ ئەگەر، لەبەر هەر هۆکارێـک بێت، بۆی لەبەرنەکرا، ئەوا ئیتر ئەو نوقمی دڵەڕاوکـێ دەبێت و ترســـی ئەوەی لـــێ دەنیشـــێت، بـــۆ ســـبەی، لە لایەن مامۆسـتاوە تووشـی سـەرزەنشـت و لێپرسـینەوەی قـورس

ببێــت، یــان لەو وانەیەدا دەرنەچێــت. لە حاڵێکــدا ئەو ئەگەر، ئەزبەریشی بکات سوودێکی زانستیی پێ ناگەیەنێت.

ئیمەمانــان، بەشــێک لە تەمەنــی خۆمــان بە لەبەرکردنــی شـیعری (زهیـر بـن ابـي سـلمی، امـرؤ القیس، احمـد شـوقي، معروف رصافي، زهاوي و...) بەفیڕۆدا، بێئەوەی هیچمان لـێ بەستبێتەوە. لە حاڵێکدا دەکرا هەوڵ بدەین، ئەو شیعرانە بە ڕەوانــی بخــوێنینەوە و شــرۆڤەیان بکەیــن. ڕاســتت دەوێــت دەرخکردنــی شــیعر، کولتــووری عەرەبــانە و بــڕوا نــاکەم لە خۆرئاوای شارستانەت، کولتووری لەم جۆرە لەئارادا بێت. ئێمە وەک گەلی بندەستی عەرەبان، بە خـورتی بە سـەرماندا ســەپێنرابوو شــیعری شــاعیرانی عەرەب لەبەر بکەیــن. تــۆ هەروا ســەرنج بــدە، سیســتمەکە تەنــانەت لە ڕێــی ژانــری شیعریشەوە ئێمەیان چەوساندۆتەوە.

ئەوان لای خۆیـان، هەر تاکێـک سـەد دێـڕ شـیعری لەبەر بووبێــت، ئیتــر لاف و گەزافــی پێــوە لێــداوە. لە ســەردەمی جاهیلیدا، کە هێشتا کاغەز پەیدانەبووە، تـاکوتەرایەک مرۆڤـی هەڵکەوتوو نەبێت، خەڵک بە گشتی نەخوێندەوار بـوونە، بـۆ پاراســتنی قورئـان و شـیعر لە فەوتـان، ڕەنـگە ئەزبەرکـردن زەمانەتێک بووبێت. وەلـێ نهـا کە هەمـوو پێداویسـتییەکانی خوێندنەوە و نووسین و پاراستنی دەق لەبەردەستدان، ئیدی

شــیعر ئەزبەرکــردن چ ســوودی بــۆ مەردم هەیە؟ یــان چ جێیەک دەگرێت؟

ئەوەیش بزانە ئەگەر ئەوسا بە هۆی کێش و سـەرواوە، تــاڕادەیەک ئەزبەرکــردن کردەیەکــی ئاســان بووبێــت، ئەوا شیعری نوێ، کە ئەو ڕەگەزانەی پشتگوێ خستووە، شیعر بە ئاســانی ئەزبەر ناکرێــت، واتە ئەگەر ئـێمە ئەزبەرکردنــی شــیعری نــوێ، بەســەر منداڵــدا بســەپێنین ئەوا دوو جــاران ئەوی منـداڵمان چەوســاندۆتەوە. لێـرەوە، ئـێمە دەگەیـنە ئەو ڕاستییەی، کە شیعر ژانرێکە بۆ چێژ لـێ وەرگرتنە، نەک بۆ لەبەرکردن.

خۆ ئەگەر ئێوە بەخورتی شیعر بە منداڵان لەبەردەکەن، باشــتر وایە ئاســتی دەقەکە بەرزبێــت. هــونەری و بە واتــا دەوڵەمەند بێت و بە زمانی ڕەوان نووسرابێت.

لە ســـەردەمی ئێمەومانانــدا، دەبــوو مانگــانە چەنــدان قەسـیدەی عەرەبـی لەبەربکەیـن. ئەو شـیعرانە بە زمـانێکی هێنـدە قـورس و ئـاڵۆز نووسـرابوون، عەرەب خۆیشـیان بە چاکی لێی حاڵی نەدەبوون. ئێمە دەبوو بەشێک لە تەمەنی شــیرینی خۆمــان بەم کــارە بێســوودە بەبــا بــدەین. دەیــان قوتـابیی وریـا و زیـرەکیش هەر لەو سـۆنگەیەوە، کە مەیلـی شیعر دەرخکردنیان نەبوو، ڕەنجیان بەبا چوو، نەیانتوانی قۆناغەکــانی خوێنــدن ببــڕن. ئەگەر دەرخکردنــی شــیعر بە

زمانی خۆت، کارێکی سەخت بێت، داخۆ بۆ منداڵێکی کورد، کە زمـــان و نەتەوەی عەرەبـــی هەر بە بیســـتن بیســـتبوو، دەرخکردن بەو عەرەبییە ڕەقە کە لای کەم مۆدیلی دە پانزە ســـەدە لەمەوبەری نـــیمچەدورگەی عەرەبە، دەبێـــت چەنـــد کارێکی سەخت بووبێت؟

دەشێ لە قۆناغی سەروتری خوێندندا، چەند نموونەیەک شیعری دەوڵەمەند بە واتا بخرێنە نێو پرۆگرامی خوێندنی زمانەوە. وەلێ نەک بۆ ئەزبەرکردن، بەڵکو بۆ ئەوەی منداڵ فێربێـــت لەســـەر شـــیعرەکان بـــدوێت و بە زەینـــی خـــۆی شرۆڤەیان بکات. تاکو مێشکی بخاتە کار و فێری توێژینەوە و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە ببێت.

چ منـــداڵ چ گەورە بە ئەزبەرکردنـــی شـــیعر، ئاوەزیـــان چـالاک نابێـت، وەلـێ جێـی مشـتومڕ نیـیە، کە تـوێژینەوە و هەڵسـەنگاندنی دەق، بۆی هەیە ئەم ڕۆڵە ببینێت. مـن وەهـای بـۆ دەچـم کە ئەوە کـردەی شـیعر دەرخکـردنە، کە کـارێکی ئەوتـۆی بە قوتـابیی کـورد کـردووە، دوای ئەوەی خوێنـدنی پەیمانگە و زانکۆی تەواو کرد، ئیتر جارێکی دی نـاگەڕێتەوە ســـەر پرۆسێســـی خوێنـــدنەوە. ڕکیشـــی لە ئیکـــۆنی کتێـــب ببێتەوە.

عەرەب خۆیـان، لە سـەروەختی جاهیلیدا، لەو سـۆنگەیەوە شیعریان دەرخ کردووە، تـاکو زمـانە نیمچە سـتانداردەکەیان

بـۆ بپارێزێـت، کە لەبـن هەڕەشــەدا بـووە. هەر شــیعریش ســەربوردەی جەنگـی نێـوان خێڵەکـان و شـانازییەکانی بـۆ پاراســتوون. وێـرای ئەوەی، شـیعر تاقـانە هـونەری ئەوان بـووە، بە دیـوانی خۆیانیـان زانیـوە (الشـعر دیـوان العـرب) ئەوان، کە زمـــانی ئاخـــاوتن و نووســـینیان زۆر لە یەک جیاوازە، تاکو ئێستاش ترسیان لە فەوتـانی زمـانی فەرمـی و یەکگرتووی خۆیان هەیە. ئەوان پێشـیان وابووە، شـیعری بە (فوسحا) نووسراو، زمانەکەیان لە فەوتان دەپارێزێت.

یەک لە باری منداڵ، پێم باشـە شـیعری ئێمەی کوردیش، وەک شـیعری میللەتـانی جیهـان بێـت، جـوانی سروشـت بە خـودی مـرۆڤەوە ببەسـتێتەوە. باسـی ئەو گیانـدارانە بێت، لە بـاخچەی ئـاژەڵان دەیانبینێت، یـاری، گەشـت، بـۆنە، هەرچـی شتێک، کە خەیـاڵی منداڵ فـراوان بکـات و پێـی دڵخـۆش بێت بکــات. وەک بــۆنەی خێزانیــی و جەژنــی میللــی. داهێنــانە نوێیەکـان و بەسـتنەوەیان بە ژیـانی منـداڵەوە. گەشـت بـۆ بینینی دونیا. دەبا شیعر ڕەزمی تێدا بێت، بـاس لە جـووڵە و چالاکی بکات.

بە بەراورد لەگەڵ ژانـــری چیرۆکـــدا، گرفتـــی گەورەی ئەزبەرکردنـــی شـــیعر ئەوەیە، کە ئەوی منـــداڵ دەبێـــت دەقـاودەق، وەک شـاعیرەکە چـۆنی نووسـیوە وەهـا لەبەری بکـات. ئەو بـۆی نیـیە یەک وشــەی لـێ بگۆڕێـت، یـان یەک

وشـــەی  لێپـاش و پـێش بخـات، کەچـی ئەو بـۆی هەیە ئەو چیـرۆکەی کە دەیخـوێنێتەوە یـانژی دەیبیسـتێت، بە وشـــەو دارشـتنی خـۆی بیگێـڕێتەوە. بـۆیە لەبەرکردنـی دەقـی شـیعر منــداڵ دەچەوســـێنێتەوە و تەمەنـــی ئەو بەفیـــڕۆ دەدات. لە حاڵێکدا گرنـگ ئەوەیە منداڵ لە واتـا، هـزر و نـاوەڕۆکی ئەو شیعرە حاڵی ببێت و بتوانێت شتێک لە بارەیەوە بدوێت، یان بنووسێت. گرینگ ئەوەیە کاتێکی بەسـوودی پڕ لە جۆش و خرۆشی لەگەڵدا بەسەربەرێت و شادی بخاتە دەروونییەوە.

وەکـــوتر، مـــن بـــڕوا نـــاکەم لەم ســـەردەمەدا، شـــاعیران خۆیشـیان، شـیعری خۆیـان لەبەر بێـت، ئیتـر لە پـای چـی سیسـتمی پەروەردە، دێـت شـیعر بە منـداڵان لەبەر دەکـات؟ ئەوەتا لە کۆڕ و میهرەجانی شیعردا، وەختـایێ شـاعیر بانگ دەکرێتە پای مایکرۆفۆن، دیوانەکەی لەگەڵ خۆیـدا دەهێنێت. یـــان بەنووســـراوی، لە کۆمپیـــوتەرەکەیەوە دەیخـــوێنێتەوە. یانژی دەیبینی لەسەر کاغەز نووسیویێتی! لە حاڵێکدا خـودی شاعیر، دەقەکەی خۆی بۆ لەبەرنەکرێت، ئیتـر نـاهەقییە ئێمە ئەو بێگارە بەسـەر منداڵدا بسەپێنین؟

**حەمە فەریق حەسەن:**



مـحەمەد فەریـق حەسـەن. چیـرۆک، ڕۆمان و چیرۆکی منداڵان دەنووسێت. گرنگی بە پرسی زمان دەدات. وێڕای وەرگێـڕان، تـوێژینەوە لە مەڕ کـۆمەڵی کـــوردەواری و ئەدەبـــی منـــداڵان دەنووســـێت. (٤٤) کتێبـــی چـــاپکراوی هەیە. ١٩٧٩ بە سکرتێری ئیداریی لقی سلێمانیی نووسـەران هەڵبژێردراوە. حیکایەتی یەکەم فیلمی سینەمایی ٣٥ ملم_ ی لە باشوور نووسیوە، بە ناوی (نێرگز بـــووکی کوردســـتان). (هـــونەر و مەســـەلەکانی ســـەردەم ١٩٨٥)یشـــی، یەکەم کتێبـــی تـــوێژینەوەیە لەمەڕ هـــونەری شـــێوەکار لە باشـــووری کوردســـتان. ڕاپەڕینـــی ١٩٩١ بە ســـەرۆکی لقـی سـلێمانیی نووســـەران هەڵبژێـردراوە. ٢٠١٥ خەڵاتی حسێن عارف- ی بۆ چیرۆکی کوردی وەرگرتووە.

# ڕۆڵ و بایەخی ڕەخنە لە ئەدەبی منداڵاندا

زیاد ڕەشاد قادر/ هەولێر

## پێشەکی

ڕەخنەی ئەدەبی هاوشێوەی (ئەدەب) و (تیۆری ئەدەبی) یەکێکە لەو زانستانەی پێیان دەگوترێت ویژەناسی، یان ئەدەبیاتناسی. ئەگەر وشەی ڕەخنە (کریتیک Kritike) لەڕووی زمانەوانییەوە لەکن گریکییەکان هەردوو مانای جوداکردنەوە و هەڵسەنگاندن بگەیەنێت. لە زمانی عەرەبیشدا وشەی (النقد) بەواتای تەماشاکردن و جوداکردنەوەی پارەی ڕەسەن لە ئی قەڵب و ساختە بێت. ئەوا لەڕووی زاراوەییەوە ئەو پێناسەیە بە دروست دەبیندرێت کە پێی وایە ڕەخنە ئەو زانست و هونەرەیە کە کاری ئەدەبی پێ دەنرخێندرێت و بەهۆیەوە دەتواندرێت تێکستی ئەدەبیی چاک لە تێکستی ئەدەبیی خراپ جودا بکرێتەوە، واتای ڕاست و ناڕاست نیشان بکرێن و ئەو شوێنانەی کە هەڵەن بەهۆیەوە بدۆزرێنەوە. لە کوردەواریدا کە دەگوترێت ڕەخنەی لێ دەگرێ، واتە عەیبی لێ دەگرێ و ناتەواوییەکانی دەخاتە ڕوو. هەر لەم سۆنگەوە بە بابای ڕەخنەگر دەگوترێت ئەو کەسەیە کە بەرهەمی ئەدەبی یان هونەری... دەنرخێنی و هەڵەکان دەدۆزێتەوە.

## ئایا ڕەخنەی ئەدەبی منداڵانی کورد بوونی هەیە؟

بـۆ وەرامدانــەوەی پرســیاری (ئایــا ڕەخنــەی ئــەدەبی منداڵانی کورد بوونی هەیە)، بە بەڵێ یان نەخێر دەمانخاتە نێو حوکمدانێکی سەرپێیی خراپەوە، بۆیە ئەگەر بەکورتییش بێ دەبێ چاو بەو بەرهەمە ئەدەبییانەدا بخشێنینەوە کە لە چوارچێــوەی تێــزی ئــەکادیمی و گوتــار و لێکۆڵینــەوەدا نووسراون و لە دوو توێی کتێب یان لە ڕووپەلی میدیادا چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

بۆ نموونە هەر یەک لە کتێبەکانی: (نموونەو لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی منداڵانی کورد) لە نووسینی محەمەد ڕەشید فەتاح، (منــداڵ و ئــەدەب) لــە نووســینی نــەوزاد عــەلی ئەحمــەد، (سەرەتایەک دەربارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد) لە نووسینی ناهیدە ئەحمەد، (شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا) لــە نووســینی فــازڵ مەجید مــەحموود، هــەردوو بەرگی (ئەدەبی منداڵانی کورد) لە نووسینی حەمەکەریم هەورامی، (ڕۆژنامەگەریی منداڵان بە زمانی کوردی) لە نووسینی ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، (ئەدەبی زارۆکان) لە نووسینی محەمەد عەبدوڵڵا ئامێدی، (پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد) لە نووسینی حەمە ساڵح فەرهادی، (مەڵۆیێ لە ئەدەبی منداڵانی کورد) لە نووسینی د.ئیبراهیم ئەحمــەد شــوان... پێشــی ئەوانــەش هــەموو ئــەو گوتــار و

لێکۆڵینەوانەی لە چارەگی دووەمی سەدەی بیستەمەوە کە لە ڕۆژنامەکانی ژین و گەلاوێژ و پاشان کاروان و بەیان و تا دەگاتە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەمان لەلایەن هەر یەک لە (شاکر فەتتاح، عەبدولواحید نووری، جەزا عەلی ئەمین، عەلائەدین سەجادی، هەژار موکریانی، فەرەیدوون عەلی ئەمین، کەمال میراودەلی، عەبدوڕەزاق بیمار، عەبدولسەتتار تاهیر شەریف، ئازاد عەبدولواحید، حوسێن بەفرین، عوسمان هەورامی، ئیبراهیم قادر، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، هوشیار سیوەیلی، عەبدولغەنی عەلی یەحیا، ڕۆستەم باجەلان و محەمەد فەریق حەسەن...) بڵاو کراونەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی باس لە مێژووی سەرهەڵدان و پێناسە و جۆر و ڕەگەز و سیما و مەرج و قۆناخەکانی سەرپێکەوتن و گەشەسەندنی ئەدەبی منداڵانی کورد دەکەن، هەروەک لێرە و لەوێ ئاوڕ لە هەندێک مژاری وەک بێۆگرافیای نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان و بیبلۆگرافیای ئەو چاپکراوانەی کە دەکەونە نێو بازنەی ئەدەبی منداڵان و پرسی پەیوەندیی فۆلکلۆر بە ئەدەبی منداڵان و بایەخی ڕۆژنامەگەریی منداڵان دەدەنەوە، یاخود قسە لە ئەزموونی ئەدەبیی چەند شاعیر و نووسەرێک دەکەن.

ئەو بابەت و بەرهەمانەی باس کران سەر بە زەمەن و سەردەمی جودان و ئاستی نووسینەکانیش بەگشتی جیاوازن، دەتوانین بڵێین زۆرینەیان پەیوەندییان بە قۆناخی یەکەمی زانستی ئەدەبناسییەوە هەیە، کە پێکدێت لە پێناسە و پۆلینکاری و تایبەتمەندییەکان، هەرچی قۆناخی دووەمی زانستی ئەدەبناسییە، واتە ڕەخنەی ئەدەبییە کە قسەکردنە لەسەر جیاوازیی هونەرەکان و بایەخی جیاوازیی دەقە جۆراوجۆرەکان کەمتر لای لێ کراوەتەوە، هەرچەندە بەشێکیان بە دید و هەناسەیەکی ڕەخنەگرانەوە نووسراون و پەنجەیان بۆ بەشێک لەو تێکست و تێکستنووسانە بردووە کە بۆ منداڵان نووسیویانە و خستوویانەتە تای تەرازووی هەڵسەنگاندنەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین هێشتا ڕەخنەی ئەدەبی منداڵانی کورد بەتەواوی گەشەی نەسەندووە و پێش نەکەوتووە، بەڵام نابێ ئەو هەوڵە تاک و تەرایەی هەیە نادیدە بگیرێت و دەکرێ وەک سەرەتا و بناغەیەک بۆ زێتر پێشخستنی ئەو ڕشتەیەی نێو ئەدەبی منداڵانی کورد سەیر بکرێت و سوودی لێ وەربگیرێت، هەرچەند تا ئێستا هیچ نووسەرێکمان نییە بە تەواوەتی خۆی بۆ ڕەخنە لە ئەدەبی منداڵانی کورد تەرخان کردبێت و لەو بوارەدا پسپۆڕیتیی وەرگرتبێت. لەگەڵ ئەوەش لەناو ئەو هەوڵانەی کە باس کران دەتواندرێت کتێبەکەی د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان

بەناوی (مەڵۆیێ لە ئەدەبی منداڵانی کورد) کە بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە قسەی لەسەر چەند دەقێکی منداڵانە کردووە، هەروەها کتێبەکەی (محەمەد فەریق حەسەن) کە سەرنجی ڕەخنەگرانەی لەسەر چەند چیرۆکێکی منداڵانە خستووەتە ڕوو، هەروەها (حەمە ساڵح فەرهادی) لە بەشێکی کتێبی (کسپەی دەروون)دا ڕەخنەی لە بەرهەمێکی وەرگێڕدراوی مەحموود زامدار گرتووە. دەکرێت ئەم چەند بەرهەمە و هی دیکەش بە سەرەتایەکی باش دابندرێن، بۆ دەرکەوتنی ڕەخنە لە ئەدەبی منداڵانی کوردیدا.

دیارە هەر وەک چۆن لە ڕەخنەی ئەدەبی گەوراندا، (ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد)ی ئەمین فەیزی لە ساڵی (١٩٢٠)، (گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم)ی عەلی کەمال باپیر ئاغا لە ساڵی (١٩٣٩)، (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)ی ڕەفیق حیلمی لە ساڵی (١٩٤١) بەدواوە، (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی لە ساڵی (١٩٥٢) و بەشێکی ئەو وتارانەی لە گۆڤاری (گەلاوێژ) بڵاو دەکرانەوە لە (١٩٣٩-١٩٤٩) و هتد... هەموو ئەمانە سەد لە سەد مژاری ڕەخنەیی نەبوون، بەڵکو تێکەڵەیەک بوون لە بیۆگرافیا و بەرهەمی شاعیران و مێژووی ئەدەبی لەگەڵ هەندێ تێبینی و وردە سەرنجی ڕەخنەیی، بەڵام هەر ئەو کتێبانە بوونە بناغە و ڕێگە خۆشکەری سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی بە

مانا زانستییەکەی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، هەروەک پاشتر هەر یەک لە (حوسێن عارف، محەمەدی مەلا کەریم، کامل حەسەن بەسیر، عەلائەدین سەجادی، د.مارف خەزنەدار، د.عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ، د. ئیحسان فوئاد، عەبدولڕەزاق بیمار...) ڕۆڵیان دی، بەم پێودانگە هەموو ئەو بەرهەم و بابەتانەی بواری ئەدەبی منداڵان کە لەپێشدا ناومان هێنان، دەشێ ببنە سەرەتایەک بۆ بەسەرپێکەوتنی ڕەخنەیەکی ئەدەبی جددی و کاریگەر لە مەیدانی ئەدەبی منداڵاندا.

## هۆیەکانی پەیدا نەبوونی ڕەخنەیەکی جددی و کاریگەر

١ـ کورتیی تەمەنی ئەدەبی منداڵانی کورد لەچاو ئەدەبی گەورەساڵان، کە نێزیکەی سەدەیەک دەبێت، ئەمە جگە لەوەی تا نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ئەوانەی بۆ منداڵانیان دەنووسی و وەک شاعیر و چیرۆکنووسی منداڵان ناسرا بوون ژمارەیان زۆر کەم بوو.

٢ـ توێژینەوە و باسە ئەکادیمییەکان زۆر چوارچێوەدارن و ڕووبەری بیرکردنەوە و ڕادەربڕین و ئەنجام خستنەڕووی توێژەری زۆر بەرتەسک کردووەتەوە، کەمتر بواری ئەوە بە توێژەر دەدات باری سەرنج یان دیدی ڕەخنەگرانەی خۆی پیشان بدات.

٣ـ کارکردن لە مەیدانی ڕەخنە و نووسین لەسەر ئەم و ئەو، گلەیی و نیگەرانی و لۆمەی ئەم و ئەوی بەدوادا دێت، ئەم سەرئێشەیەش هەموو کەس بەرگەی ناگرێت.

٤ـ دەستبردن بۆ مژاری ڕەخنە خەیاڵکردن و وێنای بابەتێک نییە لە سیاقی دەقێکی ئەدەبیدا، بەڵکوو گەڕان و خوێندنەوە و خۆماندووکردنی زۆری دەوێ، هەروەک سەبر و سەلیقە و کاتی زۆری گەرەکە، بە سروشتی حاڵ پرۆسەیەکی تاقەتپڕوکێن و ماندووکەرە. چونکە ئەگەر بۆ نووسینی شیعر زێتر زمان و خەیاڵ یارمەتیدەر بن، ئەوا بۆ ڕەخنە هزر و بیرکردنەوە و خوێندنەوە و ڕۆشنبیریی گەرەکە.

٥ـ وەکوو پێویست بەردەست نەبوونی سەرچاوەی باش و باوەڕپێکراو لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی بەگشتی و ڕەخنەی ئەدەبی منداڵان بەتایبەتی. ئەمە جگە لەوەی بەشێک لەو کتێبانەی دەقی ئەدەبی منداڵانیان تێدا بڵاو کراوەتەوە، زۆر بە ئاسانی دەستناکەون.

٦ـ نادیاریی بەرواری نووسینی دەقی ئەدەبی منداڵان لەلایەن شاعیر و چیرۆکنووسانەوە، کە ئەوە دیاردەیەکی زەقە لە دونیای ئەدەبی منداڵانی کوردیدا، بەداخەوە بەشێکی زۆری شاعیر و چیرۆکنووسە هاوچەرخەکانیش بەرواری نووسینی تێکستەکانیان دیار نییە، کە لەکن هەمووان

ئاشـکرایە لـە پرۆسـەی ڕەخنـەدا زەمـەنی نووسـینی هـەر تێکستێک بایەخی خۆی هەیە. بۆ نموونە من دەزانم زێوەری شاعیر لە ساڵی (١٨٧٥) لە دایک بووە و لە ساڵی (١٩٤٨) کۆچی دوایی کردووە، بەم پێیەش دیار دەکەوێت زۆربەی بەرهەمە شیعرییەکانی کەوتوونەتە نێوان ساڵانی (١٩٠٠-١٩٤٨)، بەڵام کەمێک لە تێکستەکانی ـ ئەوانەی بۆ منداڵانی نووسیون ـ بەرواری نووسینیان دیارە، ئەمە بۆ (گۆران، دڵدار، فەرەیدوون عەلی ئەمین، عومەر عەبدولڕەحیم، ڕۆستەم باجەلان و عەزیزی مەلا ڕەش...)یش هەر ڕاستە. بێگومان ئەم پرسەش بۆ ڕەخنەگر دەبێتە ئاستەنگ و وەکوو پێویست ناتوانێت بەرەچاوکردنی ئەو سیاقە زەمەنییەی کە دەقەکەی تێدا نووسراوە بڕیاری گونجاو بدات.

### زەرورەتی ڕەخنە لە ئەدەبی منداڵانی کورد

بەهۆی ئەوەی لە ئەوڕۆی گۆڕەپانی ئەدەبی کوردیدا، بەتایبەت لە باشووری کوردستان، ئەو دەقە ئەدەبییانەی کە بۆ منداڵان دەنووسرێن بەشی زۆریان شیعرن، پاشان چیرۆک، جارەوباریش ئۆپەرێت و شانۆنامە، زۆر دەگمەنیش ڕۆمان و نۆڤلێتی منداڵان بەرچاو دەکەون. هەروەها جگە لە گۆڤارەکانی منداڵان لە ئێستادا لە

ژمارەیەک تەلەڤزیۆن و وێبسایت و پەیجی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام ئەو تێکستانە بڵاو دەکرێنەوە و ناوە ناوەش ئەو تێکستانە لە دوو توێی کتێبان دەکەونە بەر دیدەی خوێنەران.

جا لەو تێکستانە کە شیعر پانتاییەکی زۆر زێتری لە ژانرەکانی دیکە گرتووە، بۆ خۆی جێگای سەرنج و لەسەر وەستانە، هەروەها وەکوو پێویست پەیدا نەبوونی ڕۆمان و نۆڤلێتی منداڵان دیسان مایەی قسە لەسەرکردنی شێلگیرانەیە. لە لایەکی دی گومان لەوەدا نییە لەو تێکستانەی کە دەنووسرێن لەڕووی: زمان، ڕێنووس، کێش و سەروا، وێنەی هونەریی، ناوونیشان، قەبارەی نووسین و ژمارەی بەیتەکان... هەروەها پەیام، دیدگا، بابەت، ڕووداو، لایەنی پەروەردە و فێرکاری و هتد... لە ئاستی جودادان، تێکستمان هەیە زمانەکەی جوانە، کێشی شیعرەکانی ڕێکە، بەڵام لەڕووی پەروەردەییەوە نەگونجاوە. هەیە دیدگای ڕوونە و پەیامەکەی شارستانییە، وەلێ لە زمان و ڕێنووسدا وێرانە. هەیە ناوەرۆکەکەی گونجاوە بەڵام ناوونیشانەکەی ناجۆرە. هەیە وێنەی هونەریی ناسکی تێدایە، بەڵام وەکوو مەعلومات پڕە لە هەڵە، هەیە پڕە لە ڕستەی مفادار و قافیەی جوان، وەلێ زۆر زەق و ڕەق و شێوەی فەرمانکردن و تەڵقیندانە... هەروەها تێکستیشمان هەیە زۆر جوانە، وەلێ

هەرچەندی سەیری دەکەیت لە هەموو ڕوویەکەوە هێندەی سەر بە دونیای گەورەساڵانە، نیو هێندە لە فەرهەنگ و زەوق و سەلیقە و سایکۆلۆژیای منداڵ نێزیک نییە، تێکستیش هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە وێرانە و ڕووی بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی نییە، هەیشە شاکارە و دەکرێ وەک نموونەیەکی دەگمەن و ناوازە وەربگێڕدرێتە سەر زمانانی دیکەی دونیا.

خاڵێکی دیکە کە جێگەی لەسەر وەستانە و لای ئێمە کەم بە هەند وەرگیراوە، ئەویش ڕەچاوکردنی ئاستە جوداکانی تەمەنی منداڵە، کە ئەوانەی پسپۆڕی بواری پەروەردەیی و سایکۆلۆژیی منداڵن دابەشی دەکەنە سەر (٤ـ٥) قۆناخ، بێگومان ئەو پۆلینکارییانەش پێمان دەڵێن کە هەر قۆناخێکی تەمەن جۆرێک دەق و زمانێک و شێوازێکی تایبەتی لە بەرهەمی منداڵانەی دەوێ، بەکورتی زۆر جار وا دەبێ شیعرێک یان چیرۆکێک بۆ منداڵێکی حەفت ساڵان دەخوێنیتەوە، منداڵێکی چاردە ساڵان گاڵتەی پێ دێت، یان ڕۆمانێک بۆ منداڵێکی پازدە ساڵان باس دەکەیت، منداڵێکی نۆ ساڵان تەقەی سەری دێت و هیچی لێ تێناگات. لەگەڵ ئەوەش ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە لە گۆڕانی بەردەوامدایە، بۆ نموونە منداڵێکی کوردی سەد ساڵ پێش ئێستا کە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی پاشکەوتوو و لە

نێوەندی خێزانێکی کشتیار و شوانکارەییدا گەورە بووبێ، لەگەڵ منداڵێکی سەردەمی ئێستامان کە زۆرێک لە هۆکارەکانی خۆرۆشنبیرکردنی بۆ فەراهەم کراوە، جیاوازییەکەیان گەلێک زۆرە.

ئەوجا بەهۆی ئەوەی دونیای تازە لە گۆڕانی خێرادایە، بە دونیا پڕ جووڵەکەی منداڵیشەوە، بێنینە بەر چاومان شیعرێک کە هەشتا ـ نەوەد ساڵ بەری نووکە بۆ منداڵان نووسراوە و هانیان دەدات بە کوڕ و کچەوە دەبێ بچنە قوتابخانە، کە ئەو دەم تازە قوتابخانە پەیدا بوبوو، دایباب ئەگەر منداڵیشی بناردایەتە قوتابخانە، ڕێگری لە کچەکەی دەکرد بخوێنێت، بەڵام ئێستا بۆ نموونە هەمووان کێشەی ئەوەمان هەیە منداڵ گیرۆدەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانە و بەجۆرێک زیان بە زەین و چاو و پشت و پاشەڕۆژی خۆی دەگەیەنێت، لەبەرئەوە ڕێگە دروستەکە ئەوەیە کەرەستەکانی دەقی ئەدەبی منداڵانە لەگەڵ گۆڕانکاری لە دونیای تازەدا گۆڕانکارییان بەسەردا بێت.

ئەمە جگە لەوەی ئەو تێکستانەی کە سەر بە ئەدەبی منداڵانن و لە زمانانی دیکەوە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی، هەندێکیان لەو تێکستە گەورە و ئەفرێندراوانە نیین، بە نرخی بابەتی وەرگێڕدراو بە منداڵی کوردستان بفرۆشرێنەوە، واتە بەشێک لە وەرگێڕەکان سەرکەوتوو

نەبووینـە لـە هـەڵبژاردنـی تێکسـتی پـەیامـدار و داهێنەرانـە، کۆمـــەڵـــێ خـــەوش و ناتـــەواوی دیکـــە لـــە تێکســـتە وەرگێڕدراوەکاندا هەیە، وەک: وەرگێڕان لە زمانی دووەم و سـێیەمەوە، وەرگێڕانـی تێکسـتێک چەنـد جارێـک و لەلایـەن چـەنـد وەرگێڕێکـەوە، لەلایەکیـدی چەنـدین تێکسـتی دیکـەی جیهـانی کـەس ئاوڕیـان لـێ نەداتـەوە، هـەروەها بەشـێک لـە وەرگێڕەکـان لـە زمـانی لێـوەرگێڕدراو یـان لـە زمـانی بۆوەرگێڕدراو یاخود لە هـەردووکیان شـارەزایی پێویسـتیان نییە...

جا لە سۆنگەی ئـەوەی ئـەو بەرهەمانـە جودا بکرێنـەوە و کێشـانە بکـرێن و حوکمیـان لەسـەر بـدرێت، زۆر زەروورە ڕەخنـە وەک میکـانیزمێکی گونجـاو و پرۆسـەیـەکی ئـەدەبی، کـــارا بکرێـــت و قســـەی لەســـەر خـــەوش و کـــەلێن و کێماســـییەکان هـــەبێت، دەقـــە زەریـــف و جوانـــەکانیش هەڵسـەنگێنێت. بەهۆی نائامـادەیی ڕەخنـەی بوێر و جددی و کاریگەر، هەر ئەوە نییە دەقە داهێنـەر و جوانـەکان دەکەونـە خانـەی فەرامۆشـی و لەبیرچوونـەوە، لـە لایـەکی دی بـازاڕی ئەو بەرهەمانە خۆش دەبێ کـە بـەزۆر دەیانـەوێت تێکـەڵ بـە دەقە جوانەکان بن، لـە کاتێکدا دەزگاکانی چاپ و پـەخش و بـەڕێوەبەرایەتییـەکانی بڵاوکردنـەوە، نـەک هـەر قسـە و سانسـۆرێکیان لـەم بـارەوە نییـە، بـەڵکوو زۆر جـار بابەتەکـە

ئەوەنـدەی وەک بابـەتێکی بازرگـانی و هۆکارێـک بـۆ پـارە پـەیداکردن لێـی دەڕواندرێت، بـەقـەدەر ئـەوە وەک مژارێکـی ئــەدەبی و ئــەخلاقی و پــەروەردەیــی و پــڕ بەرپرســیارێتی تەماشا ناکرێت.

ئێمە لە ئەزموونی ڕۆژنامەوانیی منداڵانەماندا لـە گۆڤـاری جگەرگۆشــەکان، هەنــدێک جــار بەشــێک لــە هــاوڕێ و هاوپیشــەکانمان گازانــدەی ئــەوەیــان لــێ دەکــردین، کــە دەستەیـەک لـە شـاعیر و نووسـەران تێکستەکانیان لاوازن و شـیاوی ئـەوە نیـین بڵاویـان بکـەینـەوە، ئەگـەرچی ئەوسـا و ئێستاش ئێمە بەڕەهایی لەگەڵ ئەم تێفکرینـە هـاوڕا نـەبووین، بەڵام لە ڕوانگەی بڕوا بوونمان بەوەی گۆڕەپانی ئـەدەبیمان بەو فرەییەوە جوانە، ئەمـە لەلایـەک لەلایـەکی دی بـەبیانووی ئەوەی مادام شـەپۆلێک لە گـەنجان و نووسـەران بـەم تـەرزە دەنووســن و لــەنێو ڕۆژنامەگــەری و کتێبخانــەی کوردیشــدا ئەو کەسانە بوونەتە ناو و ناسراون، وەکوو خۆیان کە هـەن بـا ببینـدرێن و بـواری بڵاوبوونـەوەیـان پـێ بـدرێت، دواتـر ڕەخنە بێت ئیشی خۆی بکات و بڕیاری خۆی لە بارەیانـەوە بدات.

لێرەدا ئەوەی پێویستە بگوترێت، هەندێک جار لـەو دیـد و ســەرنجە ڕەخنــەییانــەی، لەســەر چەنــد تێکســتێکی ئــەدەبی دەگوترێن، قسە و شتی سـەیر و نازانستی دەخرێنە ڕوو. بـۆ

نموونە چ نەنگییەکی تێدایە وا لە منداڵ بکەین، شانازی بە دیرۆک و نەتەوە و ئاین و ڕەسەنایەتیی خۆیەوە بکات، بەڵکوو خەوش لەوەدایە تۆوی تۆڵە و کینە و ڕقەبەرایەتی لە دەروونیدا بچێنین. هەڵە نییە ئەگەر هانی بدەین گوند و شار و ژینگەی خۆی خۆش بوێت، بەڵام نابێ ئەو هاندانە بگاتە ئەوەی ڕکی لە گوند و شار و ژینگەی خەڵکی دیکە بێتەوە، کارێکی باش دەکەین گیانی کارکردن و دڵسۆزی بۆ نیشتمانی لەلا قووڵ بکەینەوە، وەلێ ئەمە سەر نەکێشێت بۆ ئەوەی چەکی بکەینە شان و بیبەینە بەرەکانی شەڕ و نێو مەعمەعە و ململانێ سیاسییەکانەوە. ئەوە کاری ڕەخنەیە بێت ئەوەی هاندانە بۆ دڵسۆزی و خۆشەویستی و خوێندن و کارکردن و ژینگەدۆستی... هەڵاوێرێت لەوەی هەڵنانە بۆ دەمارگیری و ڕەگەزپەرستی و تیرەگەری و شارچێتی و ڕکلێبوونەوە...

### منداڵ وەک بەشێک لە پرۆسەی ڕەخنە

ئایا دەکرێ چێژ و کارلێکی منداڵ لەگەڵ دەقێکی ئەدەبی بە نیشانەی سەرکەوتوویی ئەو دەقە دابندرێت؟ بەو واتایەی ئەگەر منداڵ دەقێکی بەلاوە خۆش بوو و چێژی لێ دیت و کاریگەری لەسەری هەبوو، چما دەکرێ بیکەینە پێوەری باشی و جوانیی ئەو تێکستە، بەپێچەوانەوەش ئەگەر

تێکستێک منداڵ تاقەتی خوێندنەوە و گوێ لێگرتنی نەبوو، هێمایە بۆ ئەوەی ئەو تێکستە خەوشدار و خراپە؟ هەروەک هەژاری موکریانی باس لەوە دەکات کە چەند تێکستێکی منداڵانەی وەرگێڕاوە، بەپیرەوەچوونی منداڵەکانی بە نیشانەی سەرکەوتنی وەرگێڕانەکە زانیوە و بەردەوام بووە. ماوەیەک ئەمین محەمەدیش وا مەشهوور بوو، هەر شیعرێکی کە دەنووسی لەپێشدا بە لیلۆی کیژی نیشان دەدا، ئەوجا پاکنووسی دەکرد و بڵاوی دەکردەوە، ڕەنگە زۆر شاعیر و نووسەری دیکەش بە هەمان هەنگاودا ڕۆیشتبن، یان ئەوانەی بە پیشە مامۆستای قوتابخانە بنەڕەتییەکان بووبن، لەڕێگەی خوێندنەوەی دەقەکانیان بۆ قوتابییان و ئاستی تێگەیشتن و پێشوازیکردنی قوتابییەکان لە تێکستەکە، هەندێ وشە و وێنە و واژەی پێ گۆڕیبن.

بەڵێ تۆی نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان کارێکی باش دەکەیت، ئەگەر دەقێکت بۆ منداڵان نووسی، پێش ئەوەی بڵاوی بکەیتەوە بە منداڵەکەی خۆتی نیشان بدەیت، یان بۆ قوتابییەکانتی بخوێنیتەوە، تا منداڵەکەت یان قوتابییەکەت ئەگەر دەقەکەتی بەلاوە خۆش و سەرنجڕاکێش بوو، بزانیت تێکستێکی باشت نووسیوە، بەڵام ئاوەز و ئارەزوو و تێگەیشتنی منداڵ بۆ دەقێک و چێژ لێ وەرگرتن و کار تێکردنی، ناکرێت سەدی سەد بکرێتە پێوەری

سەرکەوتوویی ئەو دەقە، چونکە منداڵ بە سروشتی خۆی حەزی لە وشەی سانا و سەرنجڕاکێشە، بەیتی کورت و ڕستەی ئاوازدار و وشەی ورشەداری پێ خۆشە، منداڵ کەیفی بەو وشە و دێرانە دێت قدیلانەی دەکاتەوە و ختووکەی هەست و ناخی دەدات، بەڵام ئەو ڕەخنەگر نییە، ناتوانێ ئەو تێکستە لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە هەڵسەنگێنێت و ڕۆڵی دادوەر ببینێت. بۆ نموونە زۆر جار دەبینین دەقێک ڕستەکانی زۆر واتادار نین، یان لەڕووی پەروەردەییەوە نەگونجاوە، یان زانیاریی نادروستی تێدایە، یان زۆر سواو و دووبارەیە، وەلێ منداڵ کە لە کۆنسێرتێک یان لە ڕێگەی تێپێکی گۆرانییەوە، یا لە شاشەی تیڤی گوێی لە دەقێکی منداڵانە دەبێ، هێندەی دەنگ و ئاواز و دیمەنی کلیپەکە بۆ لای خۆی کێشی دەکات، هێندە بیری بۆ بیرۆکە و ناوەرۆک و ناونیشانی دەقەکە ناچێ و نایەوێت کۆمێنتی لەسەر کێشی لەنگ و قافیە و پاشقافیە و ڕستەی بێ مفا و پەرەگرافی درێژدادڕ و ناوەڕۆکی ئاڵۆز و ئاستنزم و هتد... هەبێت.

لەبەرئەوە ئەگەر بڕیار بێت تەشویق و پێشوازیی منداڵ لە هەر دەقێک وەک یەکێک لە نیشانەکانی سەرکەوتنی ئەو دەقە هەژمار بکرێت، لێ نیشانەکانی دیکەی سەرکەوتنی دەقەکە، دەبێ لەلایەن ڕەخنەگری جددییەوە، ئەویش بە

حەزی کەسی و هەوەسکاری نا، بەڵکوو بەو کەرەستە و میکانزمانەی بۆ ڕەخنەگرتن لە هەردەقێکی ئەدەبی پێویستن، بێتە دیاریکردن، دەبێ ڕەخنەگر بە سوود وەرگرتن لە گەنجینەی زانیارییەکانی خۆی، بێت بڵێت ئەم وشەیە سەر بە فەرهەنگی منداڵ نییە و ئەو زانیارییە جێگای گومانە، کێشی ئەم شیعرە لەنگە و ئەم قافیەیە سواوە و ئەو ناوونیشانە نەقۆڵایە و ئەو بیرۆکەیە ناپەسەندە و ئەو بەیت یان پەرەگرافە لەڕووی خاڵبەندی و ڕێنووسەوە کێماسی هەیە و هتد... بەپێچەوانەوە ئەگەر تەنێ زەوق و چێژی منداڵ بە نیشانەی سەرکەوتنی هەر تێکستێک دابندرێت، وەکوو ئەوە وایە شیعرێک بۆ قوتابی یان کرێکار یان پێشمەرگە... بنووسیت و هەر کات دیتت ئەو تێکستەت لەکن قوتابی یان کرێکار یان پێشمەرگەوە پێشوازیی لێ دەکرێت، ئیدی وا بزانیت ئەو تێکستە لە هەموو ڕوویەکەوە تێر و تەواوە و لە سەرووی ڕەخنەوەیە! یان خواردنێک کە منداڵ حەزی لێیە و چێژی لێ وەردەگرێت، بەڵام زیان و سوودە تەندروستییەکانی ئەو خۆراکە، چۆن بخورێت و چەندی لێ بخورێت، دەبێت بسپێردرێتە کەسی پسپۆڕی خۆی. بەکورتی مەرج نییە هەموو دەم ئەوەی منداڵ دەیەوێت، هەر ئەوە بێت کە بۆ منداڵ پێویستە.

## تێکست بۆ منداڵ و ڕەخنە بۆ تێکستنووس

کە دەگوترێت ڕەخنە بەشێکە لە ئەدەب، وردتر بڵێین ڕەخنەی ئەدەبی منداڵان بەشێکە لە ئەدەبی منداڵان، ئەمە بەو واتایە نایەت، کە ئەو کتێبە ڕەنگاوڕەنگانە و ئەو گۆڤارانەی بۆ منداڵان دەردەچن، لەگەڵ شیعر و چیرۆک و دەقی دیکەی منداڵان، لکێکی دیکەی بەناوی ڕەخنەی ئەدەبی منداڵان تێ بئاخنین، نا، تێکستەکان بۆ منداڵان و لە دووتوێی کتێب و گۆڤاری منداڵاندا بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام ڕەخنەی ئەدەبی منداڵان بۆ گەورەکانە، بۆ ئەوەیە تێکستنووسەکان ـ کە زۆرینەیان گەورەساڵانن ـ بە خەوش و ناتەواوییەکانی خۆیان بزانن و بارە ئەدەبییەکە بەرەو پێشتر ببەن و خزمەتێکی گەورەتری ئەو لکە ئەدەبییە بکەن.

بەشێک لەوانەی کە شیعر یان چیرۆک بۆ منداڵان دەنووسن، ڕەنگە بەحوکمی مومارەسە و ئاوێتەبوونیان لەگەڵ دونیای منداڵان، چاکتر لە هەر کەسێکی دی وزە و ئیمکانیەتی ئەوەیان تێدا بێت، لە مەیدانی ڕەخنەدا قسەی خۆیان بکەن و ئەوان ببنە بەشێک لە دروستکردنی تەلاری ڕەخنەی ئەدەبی منداڵان. ئەوەتا لە دەمی پەیدابوونی شیعری نوێی کوردی لەسەر دەستی شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران و ڕەشید نەجیب و عەبدورەحمان بەگی باباندا، هەر یەک لە گۆران و شێخ نووری بە نووسینی

چەندین گوتاری ڕەخنەیی پشکدارییەکی نایابیان کردووە لە پێشخستن و وەسەرپێکەوتنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، لە بواری ئەدەبی منداڵانیشدا، هەر یەکە لە شاکر فەتتاح و فەرەیدوون عەلی ئەمین، لەپاڵ نووسین و وەرگێڕانی تێکستی منداڵانە، لێرە و لەوێ لەسەر ڕەوشی ئەدەبی منداڵانی کورد قسەیان کردووە، بۆ هەموو ئەوانەمان کە دوای ئەوان لە بواری ڕەخنەدا دەمانەوێ بنووسین، دەتوانین وەک سەرەتایەک مفایەکی گەورە لەو هەوڵانەی ئەوان وەربگرین.

## ڕەخنە لە چی و لە کێ بگیرێت؟

ئیشی ڕەخنە لە ئەدەبی منداڵان وەک ئی گەوران ئەوەیە کە ڕۆشنایی بخاتە سەر لایەنە تاریکەکانی هەر دەقێک و هەموو ئەو بەرهەمانە بەسەر بکاتەوە، کە پێویستیان بە لەسەر وەستان و لێپرسینەوە هەیە، بەڵام هەموو ئەو بەرهەمانەی کە هەر بە مردوویی لە دایک دەبن و ناتوانن هیچ ئیزافەیەک بخەنە سەر خەرمانی ئەدەبی و لە چەند بەناو تێکستێکی سواو و پواو و چەندبارە و بێ خوێن پێکهاتوون، هەق نییە، ڕەخنەگر هیچ پەڕەیەکی کتێب و گۆڤارانی پێ پڕ بکاتەوە و کاتی خۆی و خوێنەرانی پێ بگرێت.

سەبارەت بەو بەرهەمانەی کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا نووسراون، ئەگەر جارێک وەک ئەزموونی شاعیرانی ڕابردوو پێویست بێ بەسەر بکرێنەوە، ئەوا بۆ ئەو شاعیرانەی لە ژیاندا ماون و لە ئێستادا ئامادەییان لە گۆڕەپانەکەدا هەیە دەیان جار و سەدان جار پێویستترە. وردتر بڵێین ئەگەر قسەکردن لە ئەزموونی ـ بۆ نموونە ـ زێوەر، بێکەس، کاکەی فەللاح، ڕۆستەم باجەلان و ع.ع.شەونم... سوودێک بە پێشخستنی ئەدەبی منداڵانی کورد بگەیەنێت، ئەوا بەسەرکردنەوەی بەرهەمەکانی ـ بۆ نموونە ـ ئاکۆ محەمەد سابیر، عەلی بەختەوەر، سەلاح نیساری و ڕۆستەم خامۆش... دەیان و سەدان نرخی ئەدەبیی گەورەتری هەیە، بۆ پێشکێشکردنی بەرهەمی جوانتر و پێشکەوتووتر.

جا وەک چۆن یەکێک لە پایەکانی ڕەخنەگری سەرکەوتوو، لە ئەدەبی گەوراندا بوێرییە، بە هەمان شێوە ڕەخنەگری ئەدەبی منداڵان، ناکرێ بەناوی ڕێزگرتن و خۆشویستن و ڕەچاوکردنی ئەم قەڵەم و ئەو قەڵەم چاو لە کەموکورتییەکان بپۆشێت، بۆ نموونە ناکرێ لەبەرئەوەی زێوەر سەرمەشقی ئەدەبی منداڵانی کوردە وابزانین کە نووسیویەتی (کەسێ کە سەعی نەکا خوێڕی ناو کۆڵانە) کارێکی باشی کردووە، یان گۆران کە هەندێک بیروڕای

سیاسیی خۆی لەو سەردەمەدا بە ناڕاستەوخۆ کردووەتە ناو بەشێک لە شیعرە منداڵانییەکانی، بەناوی ئەوەی کە ئەو شاعیرەمان نوێکەرەوەی شیعری کوردییە ئەم گوتارەی نەخرێتە بەر نەشتەری ڕەخنە. ناکرێ لەبەر ئەوەی پێگە و ڕۆڵی فەرەیدوون عەلی ئەمین لەم ئاست و گەورەییەدایە، چاوپۆشی لەوە بکرێت سەرجەمی ئەو شیعرانەی بۆ منداڵانی نووسیون، بە (کاکە، برا و چۆن کوڕێکم...) قسە لەگەڵ منداڵی کوڕ دەکات و ناوەکانی (ئالان، هیوا، ئازاد، سیروان و سۆران...) دێنێت، بەڵام منداڵی کیژ کەوتوونەتە دەرەوەی شیعرەکانییەوە، قسەی لەسەر نەکرێت. ئەمە بە هەمان شێوە بۆ زەکی هەناری و عوسمان هەورامی و لەتیف هەڵمەت و کازم کۆیی و هتد... هەر ڕاستە بە شاعیرانی هاوچەرخیشەوە.

## ڕەخنەگر بڕیاردەر و دادوەرە، بەڵام...

ڕەخنەگر بەپشت بەستن بە کەرەستە و میکانزمەکانی ڕەخنەی زانستی و بە بەرنامە و میتۆدی تایبەت ڕەخنە دەگرێ و پرۆسەکە بەرەو پێش دەبات، بەکورتی وەزیفەی ڕەخنەگر لێپرسینەوە و حوکمدانە بەو یاسا و ڕێسا و داب و دەستوورەی لەبەردەستیدا هەیە، بەڵام ئەویش لەسەرووی لێپرسینەوە نییە و ئەو حوکم و بڕیارەی دەری

دەکات، تا قسە و بەڵگەی بەرانبەر هەبێت چەندی پێویست بکات قابیلی پێداچوونەوە و تێهەڵچوونەوەیە، وەک لەپێشدا باس کرا ڕەخنەگر دوور لە حەزی کەسی و هەوەسکاری دەبێ کاری خۆی بکات، ئەگەرچی لە پرۆسەی هەڵسەنگاندندا و ڕۆشنایی خستنە سەر هەر دەقێک بمانەوێ یان نا بەشێک لە تێگەیشتن و دونیابینی و بۆچوونی تایبەتی ڕەخنەگر سێبەری بەسەر هەر گوتارێکی ڕەخنەییەوە دەبێت، بەڵام هەر کات ئەو بۆچوونە تایبەتییانە تەواو جێگای پێوەرە بابەتی و خودییەکانیان گرتەوە و ڕەخنەگر هەڵسا بە گەز و تەرازووی شەخسی و شارچێتی و ڕک و کینە، یان سۆز و خزمایەتی و حیزبایەتی موجامەلە و ماستاوچێتی... ڕەخنەی گرت، ئەوا وەک چۆن تێکستە کرچوکاڵ و نەخەملێو و ناسەرکەوتووەکان ناتوانن لە کاروانی پێشخستنی ئەدەبدا، پشکداری بکەن، بەهەمان شێوە ئەو تەرزە ڕەخنەیەش، هەندێک لاپەڕە ڕەش دەکەنەوە، بەڵام لە ڕووبەری ئەدەبی منداڵانی کورددا جێگە و پێگەیەکیان نییە و نابێت.

### ئەنجامگری

ــ تا ئەم ساتەوەختە، لەبەر کۆمەڵێک هۆی خودی و بابەتی ڕەخنەیەکی جددی و تێر و تەواو و کاریگەر، لە

ئەدەبی منداڵانی کورددا نەهاتووەتە بوون، بەڵام مەیدانەکە ئەوەندەش چۆڵ و وشک نییە، بناغە و زەمینەیەک هەیە، دەکرێت بە هەوڵی خەمخۆرانەی هەمووان تەلاری گەورە و پتەوی لەسەر بونیاد بندرێت.

ـ کارێکی بەسوودە بۆ زێتر نێزیکبوونەوە لە دونیا تایبەتەکەی منداڵان، بەر لە بڵاوکردنەوەی هەر تێکستێکی منداڵانە، شاعیر یان نووسەر ئەو تێکستە بۆ منداڵەکەی یان قوتابییەکانی بخوێنێتەوە، بەڵام نە منداڵ ڕەخنەگرە، نە وەزیفەی ئەوە لەباتی ڕەخنەگر بەرهەمی دانسقە و داهێنەرانە، لە هی چرووک و سواو جودا بکاتەوە.

ـ هەموو ئەوانەی لە گۆڕەپانی ئەوڕۆی ئەدەبی منداڵانی کوردیدا، شیعر و چیرۆک دەنووسن، لە سۆنگەی ئەزموون و تیکەڵاوییان بەم مژارە، هەر ئەوان شیاوتر و لەپێشترن بەشێکیان خۆیان بۆ پرسی ڕەخنە لەو مەیدانەدا یەکلا بکەنەوە.

ـ ئەگەر نووسین و خوێندنەوە و بڵاوکردنەوەی تێکستی منداڵانە بۆ منداڵ و لەپێناوی منداڵ و لە بڵاوکراوە و دوانگەکانی تایبەت بە منداڵانەوە بڵاو بکرێنەوە و پەخش بکرێن، ئەوا مژاری ڕەخنە بۆ نووسەر و بۆ گەورەکانە و لە دوانگەی تایبەت بە گەورەساڵانەوە بڵاو دەکرێنەوە.

- ڕەخنەی جددی بە کەرەستە و میکانیزمی تایبەت نەک بە حەز و هەوەس بەرهەمە جددی و داهێنەرەکان بەسەردەکاتەوە و بڕیاریان لەسەر دەدات، بەڵام وەک چۆن دەق و دەقنووس هێڵی سوور نیین، بە هەمان شێوە نە ڕەخنە و نە ڕەخنەگر موقەددەسن، ڕەخنەگر بڕیار دەدات، وەلێ لە هەر کوێ پێوەری زانستی و بەڵگە هەبوون، ڕێی تێدەچێ بڕیارەکانی ڕەخنەگر پووچەڵ بکرێنەوە.

## سەرچاوەکان

١ـ ئیبراهیم ئەحمەد شوان، مەڵۆیێ لە ئەدەبی منداڵانی کورد، چاپخانەی هیڤی، هەولێر، ٢٠١٨.

٢ـ بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ ١، هەولێر، ٢٠٠٤.

٢ـ جون ایکن، کیف تکتب للاطفال، ترجمە: کاظم سعدالدین، الطبعە الاولی، الناشر دارالثقافە الاطفال، بغداد، ١٩٨٨.

٣ـ حەمەساڵح فەرهادی، کسپەی دەروون، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر, ٢٠١٢.

٤ـ حەمە ساڵح فەرهادی، پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

٥ــ زیاد ڕەشاد قادر، شیعری منداڵان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا(زێوەر، گۆران، لەتیف هەڵمەت و ئەمین محەمەد) بە نموونە، نامەی ماستەر، دەستنووس.

٦ـ د. کامل حەسەن بەسیر ، ڕەخنەسازی مێژووی پەیڕەوکردن، بەغدا، ١٩٨٣.

٧ــ حەمەکەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد (لێکۆڵینەوە.. مێژووی سەرهەڵدان)، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥

٨ـ حەمەکەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد دوای ڕاپەڕین (لێکۆڵینەوە.. نرخاندن، میکانیزمەکان)، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی دەزگای ئاراس، بەرگی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٧.

٩ـ محەمەد ڕەشید فەتاح، نموونەو لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی منداڵانی کورد، بەڕێوەبەرایەتی زنجیرە کتێبی منداڵان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٩.

١٠ـ محەمەد فەریق حەسەن، ئەوسا و ئێستای چیرۆکی منداڵان، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٦.

١١ــ ناهیدە ئەحمەد، سەرەتایەک دەربارەی سەهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٢ــ نەوزاد عەلی ئەحمەد، منداڵو ئەدەب (لێکۆڵینەوە)، چاپی سێیەمی ئەلیکترۆنی، ٢٠٠٧.

١٣ــ نزار وصفي اللبدیي (الدكتور)، أدب الطفوله واقع و تطلعات (دراسه نظریه تطبیقیه)، دار الكتاب الجامعی، ط١، الامارات، ٢٠٠١.

**زیاد رەشاد:**



* زیــاد ڕەشــاد قــادر، لە دایکبــووی هەولێر/١٩٧٤.

* زێتر لە دە ساڵ وەک بەڕێوەبەری نووســـین و ســەرنووســــەر لە گۆڤــاری جگەرگۆشەکان کاری کردووە.

* ماستەر لە ئەدەبی منداڵان، خاوەنی نۆ کتێبی چاپکراو کە سیانیان شیعر و چیرۆکی منداڵانەن.

# بەراوردی ئاستی ئەدەبیاتی منداڵان و کاریگەریی لەسەر کەلتووری کۆمەڵایەتی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نەتەوەکان

د. ماجید خەلیل/ سلێمانی

لە هەر وڵاتێکدا زەمینەیەکی ئەدەبی بۆ پەروەردەی منداڵ نەڕەخسابێت، فۆڕمێکی توندوتیژ و تێڕامانێکی تەواو پەڕگیر کۆمەڵی تەنیوە. نموونەی زیندووی ئەزموونی گەلان ئەم راستییەمان پێدەڵێت.

پێناسە و چەمکی ئەدەبیاتێک بەناوی ئەدەبیاتی منداڵانەوە نوێیە، بەگشتی ئەدەبیاتی زاڕۆ یان منداڵ بەراوردی جۆرێکە لە جۆرەکانی نووسینی ئەدەبیی، کە ئاڕاستەی تەمەنێکی دیاریکراوی قۆناغێکی تەمەنی مرۆڤ دەکرێت کە بە زاڕۆ ناودەبرێت. ئەم ئەدەبی نوسراوە لە روانگەی مانا وشێواز و ئامانجەوە تایبەتمەنی خۆی هەیە.

بە مانایەکیترئەدەبی منداڵان جۆرێکە لە جۆرەکانی هونەری ئەدەبیی. لەهەمانکاتدا زانیارییە و هونەریشە. تایبەتە بە منداڵانی قۆناغی پێش قوتابخانەی بنەڕەتی تاوەکو قۆناغی مێردمنداڵی (نەوجەوان) و باڵقبوو یان پێگەیشتوو.

بەگشتی ئـەدەبی منداڵان هەمـوو ئەو بابـەتە نووسـراو و زارەکییـانەش دەگــرێتەوە، کە بـۆ منــداڵانیان نووسـیون و دەنووســن یــا گێڕاویــانەتەوە و بۆیــان دەگێــڕنەوە، کە بە تـایبەت بـۆ منـداڵان نووسـراون یـا وتـراون، لەگـەڵ وێنـەی روونکـردنـەوەدا، منـداڵان دەیانخـوێنـنەوە، وەک: پەخـشان، چـیرۆک، هـۆنـراوە، رۆمـان، شـانـۆ، ئـۆپـەرێـت، هـەروەهـا پەرتــووکی چاپکــراو و گۆڤــاری تایبــەت بە منــداڵان. کە لەپــاڵ فـێرکــردن و سـوودبەخشــین، چــێژ و شــادی و خــۆشیش بە منــداڵان دەبەخشــن. لـەم میانـەدا بیرمەنـد و نوسـەر و ئەدیبـە دیارەکـان گـەلێ پێناسـەیان بـۆ ئـەو فـەزا فیکرییانە داتاشیوە کە خۆی لە ئـەدەبی منداڵاندا دەبینێتـەوە، باشـترین پێناسـە بۆ چـەمکی ئـەدەبی منـداڵان، پێناسـەکەی (ماریــا نیکــۆڵا) یە کە دەڵــێت:" ئــەدەبی منــداڵان، ئــەو ئەدەبــەیە کە لە لایــەن کەســانی شــارەزای جیــهانی منداڵانـەوە نووسـراوە و بەرهەمهـێنراوە و بڵاوکـراوەتەوە. کە خوێنەری سەرکییەکەی منداڵانن"

ئەدەبــی منــداڵان، بە واتــا گشــتییەکەی، ئەو بەرهەمە هـزرییانەیە لە هەموو بوارەکانی زانستیدا، کـە لە پەرتـووکی چاپکراودا ئاراستەی منداڵانی دەکەن.

ئەدەبـی منـداڵان وەک چەمـکە تـایبەتییەکەی، گوزارشـتی جــوان و وتــەی شــیرین و ئاســان دەگەیەنــێ، کە خۆشــی

دەخــاتە دەروونــی منــداڵان و زەردەخــەنە دەخــاتە ســەر لێـوەکانیان و گەشـی دەخەنە روویـان و گەشبینی و هیوا و بڕوا و متمانەبەخۆبوونیان پێدەبەخشێت. ئـەدەب بۆ منـداڵان خۆراکــێکی رۆحــییە، کە هــۆش و خەیــاڵی منــداڵان پێویســتیان پــێی هەیە، زاخـاوی بیــر و هــۆشیان دەدات و زەین روون و رۆشـنبیر و زۆرزانیان دەکات.

لە بــارەی بەهــا و گرنگــی ئەدەبــی منــداڵان، شاعــیری ناسراوی بولگاری (ران بوسلیک) دەڵێت:"ئەدەب بۆ منـداڵان، وەک شیری دایک و هەوای پاک وایە، کە پێویستە هـەبن"

دکتــۆر (ناســرەدین ئەلئەســەدی) یــش دەڵێــت:"ئەدەبی منــداڵان بــۆ بیــر، وەک ڤــیتامینەکان وایە.. کە هــۆش و ئەندێشە پێویستییان بە جۆرەکـانی هـەیە. هـەر جۆرێکـیش لایەک لە بیـر و هـەست و لایـەنە ئەندێشـەییەکـان مەسـت دەکـات".

(دۆن مـورایــــــە) ش دەڵێت:"ئـــــــەدەبی منــــــداڵان، کـاریگەرییــەکی گرنــگ و بایەخــێکی جیـاوازی لە ژیــانی ئەمڕۆ و داهـاتوودا هـەیە".

یەکەم شـت کە لەبەرچاوبگیرێت، ئەوەیە کە نووسـین بـۆ منداڵان، جۆرێکە لە جۆرەکـانی پـەروەردەی منـداڵان. بۆئـەم مەبەسـتەیـش هـەر لەپێناسـەکانەوە تێدەگـەیـن کـە ئـەدەبی منداڵان ئامانجـەکانی رۆشـنە، واتـە کـار لەسـەر پـەروەردەی

منداڵ دەکات، دیارە ئامانج لەپەروەردەی منداڵیش رامکردنی ئایندەی مرۆڤایەتییە. بۆیە ئەدەبی منداڵان تەنها ئەرکی ئامادەکردنی منداڵ نییە بەوەی چیرۆک و چوارچێوەیەکی گشتگیر بۆ راهێنانی منداڵ دابتاشێت، بەڵکو گرنگترین ئەرکی ئەدەب خۆی لە پەروەردەی زارۆدا دەبینێتەوە کە ئامانج لێی پەروەردەی ئایندەی مرۆڤە. لێرەدا بەراوردێک دێتە پێشەوە کە راستەوخۆ ئەرکی ئەدەبی منداڵ لەپەروەردەدا دەبینێتەوە و ئەزموونگەلێکیش و راونگەیەوە نیشاندەدات کە تێیدا کاریگەری ئەدەب لە پێشکەوتن و دواخستنی کۆمەڵگەکاندا دەستنیشاندەکات. ئەم جیاوازییەش لەسۆنگەی کلتووری کۆمەلایەتی خۆرئاواو رۆژهەلاتەوە تێبینیدەکرێت. چوون لە هەر دووکیاندا جۆرێک لە رێچکانی ئەدەبی کاریگەر هەیە، بەلام بایەخە زیادەکە لە خۆرئاوادایە. بۆنموونە ناوگەلێک هەن لە جیهانی رۆژهەلات و رۆژئاوادا کە بایەخی لە پێشینەیان تەرخانکردووە بۆ ئەدەبی منداڵان، بۆ نموونە:

ئەمیری شاعیران ئەحمەد شەوقی ١٨٦٨ - ١٩٣٢ کە شاعیرێکی میسرییە لە شیعر و پەخشان و شانۆکانیدا بایەخی زۆری بە ئەدەبی منداڵان داوە. هەروەها کامل گەیلانی لە میسر و سولەیمان عیسای سوری و ئەحمەد نەجیبی سیاسەتوانی میسری کە زۆرترین بەرپرسیاریەتی

سیاسی لەمیسر هەبووە، لەهەمان کاتدا چیرۆکنووسێکی بەتوانابووە و بایەخی فرەی بەجیهانی منداڵان داوە.

بەڵام لە جیهانی خۆرئاوادا ئاوڕدانەوە لە ئەدەبی منداڵ گەلێ دێرینترە. نووسینەکانی شارل بێرۆی فەڕەنسی کە ١٦٢٨ لەدایک بووە. رۆڵی مەزنی لە داڕشتنی ئەدەبێکی جیهانی پەیوەست بە منداڵ هەبووە. دانیل دیفۆ ١٦٦٠ دامەزرێنەری رۆمانی ئینگلیزی، بەتایبەتی بە رۆمانی رۆبنسن کرۆزۆ ناوی دەرکردووە، هاوکات جۆناتان سیفتی بەریتانی لە ١٦٦٧، جاکوب غریم ئەڵمانی ١٧٨٥، پوشکێنی روسی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە، هانسن ئەندرسنی دانیمارکی و چەندانی تر رۆڵی پێشەنگیان لە داڕشتنی ئەدەبی منداڵاندا هەبووە. هەموو ئەوانە وەک لە خوارەوە رووندەکەینەوە کاریگەرییان لە هێوری هێزی ئاشتەواییو پەروەردەی گشتی کۆمەڵگا بەجێهێشتووە.

ئەدەبیاتی منداڵان، باشترین بابەت و ئامرازی ئافراندنی پەروەردەیە، ئەو سەردەمەی رەنگدانەوەی ئەدەبێکی تایبەتمەندی بۆ منداڵ پێنەبێت، سەردەمێکی تاریکە و تاوان باڵی کێشاوە بەسەریدا. ئەزموونی ئەوانیتر پێمان دەڵێت، هەرکاتێک جوڵانەوەی رووناکبیری و رێنیسانس شانبەشانی تەواوی کایەکانی تر، ئاوڕیشی لە ئەندێشەی ئەدەبیاتێک دایەوە کەتێیدا زارۆکان پەروەردە بکات، ئەوکات داهاتووی

ئەو جـوڵانەوەیە، جێگەیەکـی جیـاواز و جـوانتری دەبێـت. لە دەسـتپێکی سـەدەی نـۆزدەدا، بەدیـاریکراوی لە کیشـوەری ئەورووپادا، سـەردەمی رۆشـنگەریی لە پاریسـەوە پانتـاییەکی گەورەی جیهـانی گـرتەوە، لەهیچکـام لەو پانتـاییەدا هێنـدەی دانیمـارک کـارکردن لەسـەر ئاسـودەیی مـرۆڤ نەیتـوانی شـوێنی خـۆی بگرێـت. تەنهـا هۆکـاریش بـۆ چێبـوونی ژینگەیەکـی ئاسـودە و ئـارامی مـرۆڤ لە بـابەتی بایەخـدانی تـایبەتەوە بـوو بە منـداڵ. لەمییـانەدا دانیمـارک وەک وڵاتێکـی ئێستای ئەسکەندەنافی لە پێشـەنگدا بـوو، بەجۆرێـک ئـارامش و ئاسـودەیی رۆحـی ئینسـانەکان بـووەتە کەلتـووری ئەو وڵاتەو تاوەکو ئێستای سەدەی بیست و یەکیش بەئـارامترین گەلانی ناوچەکە ناسراون.

دیـارە ئەم بـابەتە رۆحیـانە بەبـێ هـیچ پاسـاوێکی زانسـتی لەنێـو کۆمەڵگەکـانی رۆژهەڵاتـدا وابەسـتە کـراون بە بـابەتی ئـایینییەوە، گەلانـی رۆژهەڵات پێیـان وایە ئـایین ئـامرازی هێوربـوونەوەو پـاکبوونەوەی مـرۆڤە، بەڵام لەسـەر ئەرزی واقیعـدا ئاینەکـان نەیـانتوانی ئەو رۆڵە بگێـڕن. لەسـەدەی نـۆزدەدا وەک تێکـڕای کایەکـانی تـر، لە چوارچێـوەی هیومانیزمدا، کارکردنی کەلتوری مرۆڤسـازی برەوی پێدرا، لەو بازنەیەشدا منداڵ کرایە سـەنتەر، چون تیۆرەکان پێیان وتـن، منـداڵ کلیلـی کـردنەوەی کلتـورە داخراوەکـانە، منـداڵ

ســـەرەداوی داهێنـــانی داهـــاتوویەکی ئـــارامە، ئەوەیـــش لە پەروەردەی منداڵەوە دێتەدی، پەروەردەی منداڵیش خـۆی لە خۆیـدا ئەدەبـی منـداڵ باشـترین ئامرازەکـانی تێگەیشـتن و تێڕامـانی مرۆڤـانە بەرجەسـتە دەکـات. لەم میـانەدا کەسـێکی وەک و هـــانس کریســـتیان ئاندرســـن (١٨٠٥ – ١٨٧٥) بە نووســـینەکانی لەبـــواری ئەدەبـــی منداڵـــدا، تـــوانی ســـیحری ئارامشی ئەسکەندەنافیا لە بواری کۆمەڵایەتیدا بێنێتەکایەوە. ئەم بوارە لای کەسێکی وەکو تێری دیری teary deary لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەزموون کرا، ناوبراو خاوەنی ٢٥٠ بەرهەمـــی نوســـراوی تـــایبەتە بە ئەدەبـــی منـــداڵ، لە بوارەکـــانی رۆمـــان و چیـــرۆک دەیـــان زنجیرەکتێبـــی وەک مێژووی ترسـناک و چراکـان بکوژێننەوەی بە زیـاتر لە چل زمانی دنیا وەرگێـڕاون، ئەو زۆرتـرین بەرهەمـی فرۆشـراوی بە دەیان ملیۆن پێوانەی شکاندووە. ئەو پێی وایە بەریتانیا چ پێویســـتی بە ســـیکیوریتی بەهێـــز و کـــامێرای چـــاودێری بـــووگەر لەرابـــردوودا بـــایەخ بە ئەدەبـــی منـــداڵ بـــدرایە.پێی وابـوو مـرۆڤ سـازی لە منداڵەوە دەسـتپێدەکات، کـۆمەڵگەی ئـارام لەلایەن سیاسـییەکی وەک چەرچـڵ بەدی نـایە، ئەو لە توانایـدانییە سـەرکەوتن مسـۆگەرکات بـا بـراوەی جەنگێکـی جیهـانیش بێـت، بەڵکـو کـۆمەڵی ئـارام و سـەرکەوتن کاتێـک دەستەبەر دەبێت کە منداڵسازیی بکرێت، منداڵیش بە ئەدەبی

مرۆڤانە گۆشدەکرێ نەک بە شیری کوالیتی بەرز و جێگەی نەرم و گەرم.

دیارە لە بارەی ئەدەبی منداڵانەوە رۆژهەڵاتی دووریش سەرمەشـــقایەتی خـــۆی نوانـــدووە، ئەوانـــیش بەتـــایبەتی یابانییەکـان لە قۆنـاغی موروومـاچییەوە کە دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەدەی چـواردە و شـازدە، بنـاغەی ئـاوڕێکی جـددییان لە ئەدەبـی منـداڵ دایەوە. دواتـریش لە سـەدەی حەڤدەهەمـدا کونیـو یاناگیتـا تـوانی بە کـۆمەڵە داسـتان و چیرۆکێـک چوارچێوەی بیرکردنەوەی ئایندەی کۆمەڵی یابانی مسۆگەر بکـــات. لە ئەدەبیـــاتی مۆدێرنیشـــدا تیزابـــۆرۆ یاماگاتـــا یارمەتیـدەری سـەرەکی پێگەیانـدنی مرۆڤـی بە پەروەردە بـوون لە یابانـدا. تەنـانەت یەکێـک لە هەسـتانەوە خێراکـانی بـــواری پێشـــکەوتن و پەروەردە لە رۆژهەڵاتـــی دووردا وابەستەیە بە بایەخدان بە بابەتە ئەدەبییەکانی بواری منداڵ. بە شێوازێکی گشتی چ لە ئەورووپاو چ لە رۆژهەڵاتی دووردا دروستبوونی جیاوازی لە دروستبوونی مرۆڤی مۆدێرن، بە پێودانگی هیومانیستیانەوە، وابەستەیە بەو پێشینەیەی کە لە ژینگەکەیـدا بـارهێنراوە، ئەویـش بایەخـدانە بە پەروەردەی منداڵ لە رێگەی ئەدەب و ئەندێشەی منداڵانەوە.

بەشێوازێکی گشتی یەکێک لە هۆکارەکانی وابەستەبوونی سیســـتەمە سیاســـیی و کۆمەڵایەتییەکـــان لە رۆژهەڵاتـــی

ناوەڕاستدا بە رەوشێک کە تێیدا ئازادی، مافی مرۆڤ، دیموکراسی، گەندەڵی تێیاندا ونە، پەیوەندیدارن بە زەمینەیەک کە بایەخی پەروەردەی منداڵ کە باشترین رێگەکانی ئەو پەروەردەیەش گەڕانەوەیە بۆ میکانیزمی ئەدەب و ئەندێشە ئەدەبییەکان لەو ناوچانەدا بێبایەخن. هەربۆیە تاوەکو ئێستایش لە هیچ وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا،بێجگە لە ئیسرائیل، نەتوانراوە رێگەیەکی رۆشن بۆ بونیادنانی ئەدەبێکی مرۆڤگەرای منداڵانە دابنرێت، هەموو ئەو هەوڵانەی کە هەن بەکارهێنانی منداڵن بۆ خزمەتی خەباتە ئایدیۆلۆژییە ئیتنی و مەزهەبییەکان، ئەو بوارەیش ترسناکترین ئایندەیەکە کە رووبەڕووی منداڵی ئەورۆ و نەوەی داهاتوو دەکرێتەوە. ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەدیب و نووسەرانی فرەش لەو بوارەدا کاریانکردووە، بەڵام نەتوانراوە وەک خۆرئاوا زەمینە و رێکخستنێکی بایەتیی و ئایندەیی بۆ بکەن.



**ماجید خەلیل فەتاح:**

شــوێنی کــار: زانکــۆی ســلێمانی، کـــۆلێژی زانســـتەمرۆڤایەتییەکان، بەشـــی فەلســـەفەو تـــوێژینەوە کلتورییەکان.

بڕوانــامە: ماســتەر و دکتــۆرا لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد.

نازناوی زانستی: مامۆستا

بەرهەم و نووسین و وەرگێڕانی (٣٥) کتێب لە بوارەکانی ئەدەبی هاوچەرخ، فەلسەفە، مێژوو.

ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

توێژەر لە تۆڕی ناوەندی رۆشنگەری چاودێر.

هەڵگری بڕوانـامەی زمـانی ئینگلیـزی لە زانکـۆی شـەفێڵد هالاّم لە بەریتانیا.

## گرنگی ئەدەبی منداڵ لەکارامەییە کۆمەڵایەتیەکاندا

مەحمود عەبدولکەریم باجەڵان/ سلێمانی

ئاشـکرایە قۆنـاغی منـداڵیتی بەشـێکی بنچینەیـی و بنەمـای سـەرجەم گەشـەو پێگەیانـدنەکانی مـرۆڤە، بەتـایبەت لە پێنج سـاڵی یەکەم وسـەرەتای دەسـتپێکردنی قۆنـاغی بنەڕەتـی خوێندنەوە، واتا بازنەی یەکەمی خوێندن کە پۆلەکانی یەکەم و دووەم وسێیەم دەگرێتەوە.ئەو کاریگەریانەی کە لەقۆناغی منداڵیـدا درووسـت دەبـن بـۆی هەیە تاکۆتـایی تەمەن کاریگەریەکـانی درێـژە بکێشـێت و ئەگەر گۆڕانیشـی بەسەردابێت هەر بنەماکانی ئەو کاریگەرییە لەسەر ڕەفتاری تـاک دەمێنێـتەوە، بـۆیە هەرچـی لەم قۆنـاغە هەسـتیارەی تەمەنی مرۆڤدا ئەنجام دەدرێت بەرامبەر بە منداڵ، دەبێت بەهەنـد وەربگیرێـت و بەجـدی وبەوردیـی دیراسـە بکرێـت، یەکێـک لەو هۆکـارە زۆر کـاریگەرانەی کە دەکرێـت وەک هۆکـارێکی بنەڕەتـی دابنرێـت بـۆ کـارلێکردن لەگەشـەو پێگەیاندنی ڕەفتاری منداڵ هەر لەسەرەتاکانی لەدایکبوونەوە تـا دوا قۆناغەکـانی منـداڵی کە بە پێـوەرە نێـو دەوڵەتـی و ڕێککەوتنەکـانی مـافی منـداڵ تـا تەمەنـی هەژدەسـاڵان درێژەدەکێشـێت، ئەدەبـی منـداڵە بەهەمـوو نەش و پێکهاتەکانییەوە، چـونکە ئەدەبی منداڵ تەنها شـتێکی سـادە

نییه و تێپەڕببێت و کاریگەری نەبێت، بەڵکو منداڵ چێژی لێ دەبینێت و دەیڵێتەوەو کاری لەگەڵ دەکات و زۆر جاریش بەکرداری ئاوێتەی دەبێت و دووپاتی دەکاتەوە.

**دیراسەکردنی ئەدەبی منداڵان:**

دیراسەکردنی ئەدەبی منداڵان تەنها لەڕووە ئەدەبییەکەیەوە گرنگ نییە، بەڵکو پێویستە لەسەرجەم لایەنەکانی تریشەوە دیراسە بکرێت و لێکۆڵینەوەی دەربارەبکرێت، وەک لایەنی دەروونی لەئەدەبی منداڵدا، لایەنی مەعریفی، فیکری، کۆمەڵایەتی..و زۆر لایەنی تریش کە گرنگن چ وەک نووسەری بواری منداڵ و چ وەک ڕەخنەو لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی منداڵ دیراسەبکرێن، چونکە ئەدەب گرنگە چ جای ئەدەبی منداڵ و لەقۆناغی پڕ ئاڵۆزی و گۆڕانکاری و کارلێکی منداڵیدا بێت، گەمارۆدانی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەدەبی منداڵ وادەکات تێگەیشتن و چەمکێکی زیاتر بەماناو واتای ئەدەبی منداڵ ببەخشرێت، و بە قووڵتر و فراوانتر بۆ ئەدەبی منداڵ بڕوانرێت، زیاتریش بتوانرێت کار بۆ منداڵ و کاریگەریەکانی سەر ڕەفتاری منداڵ بەشێوە پۆزەتیڤیەکەی بکرێت، بەمەش هەم ئەدەبی منداڵ گەورەتر دەبێت و هەمیش کاریگەریەکەی ڕوونتر و باشتر دەبێت و ئەنجام و دەرهاویشتەکانیشی ئاکامدارتر

دەبن، بۆیە لیرەدا بە پێویستمان زانی قسەوباسێکی کورت و پوخت لەسەر گرنگی ئەدەبی منداڵ بکەین لە پێکهێنان و کارامەییەکانی کۆمەڵایەتی منداڵاندا.

**مەبەست لە کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان چییە؟**

کارامەییەکانی ژیان، کۆمەڵێکی زۆرو فراوان لەکارامەیی دەستکەوت و وەرگیراو دەگەرێتەوە، مرۆڤ لەرێی فێربوونی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆوە دەستی دەکەوێت و تاک دەتوانێت لەهەڵوێستەکانی ژیانی، یاخود لە تەنگ و چەڵەمەو کێشەکانیدا بەکاریان بهێنێت، چ لەخێزاندا یان لە دەزگا فێرکاری و کۆمەڵایەتیەکانی تردا بێت، چونکە ئەم کارامەییانە بنەڕەتین و دەستنیشانی ڕادەی سەرکەوتن یان زاڵبوونی تاک دەکەن لەڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانیدا، یەکێ لە بنەڕەتیترین ئەم کارامەییانە کارامەیی و پێکهاتنی کۆمەڵایەتییە، بەتایبەت لەقۆناغی منداڵیدا.

کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان سەرجەم ئەو توانا و لێهاتوویانە دەگەرێتەوە کە تاک بەهۆیانەوە دەتوانێت بەشێوەیەکی گونجاوو پۆزەتیڤ تێکەڵ بەکۆمەڵ و دەوروبەرەکەی ببێت، و بەشێوەیەکی گونجاو وەڵامی دەوروبەرەکەی بداتەوە،سەرجەم ئەم کارامەییانە گرنگن بۆ پەیوەندی و هاوبەستی زارەکی و نازارەکی لەنێو

تاکەکانداو سەرکەوتنی لە پەیوەندییە جۆربەجۆرەکانیدا و خۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاری و دەورووبەریدا. منداڵ وەک تاکێکی مرۆڤ خۆی لەخۆیدا تاکێکی کۆمەڵایەتیە، بەڵام دەستکەوتنی کارامەییە ڕەفتارییە کۆمەڵایەتیەکانی تەنها لەخۆوە بەدی نایەن،گەرچی ئامادەسازیش بێت لەڕووی پێکهاتن و لایەنی دەرونی و بایەلۆجی و ژیریشەوە،بەڵکو بەشێکی بنەڕەتی پەیوەندی لەسەر پێڕاهاتن و فێربوون و کاریگەریە دەرەکیەکانەوە هەیە،وەک پەروەردەو فێرکردن،کە بێگومان ئەدەبی منداڵ بەشێکی بنەڕەتیە لەو ئاڕاستەکردن و کاریگەریانە لەسەر جۆری وەڵامدانەوەی کارامەییە ڕەفتاریە کۆمەڵایەتیەکانی منداڵ، بەتایبەت لە پێنج ساڵی یەکەم و بازنەی یەکەمی خوێندنی بنەڕەتیدا.

### ئەدەبی منداڵ و قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵ:

ئاشنابوون و ئاگاداربوون لە گەشەجۆربەجۆرەکانی منداڵ بۆ نووسەری بواری منداڵان بەتایبەتی بواری ئەدەبی منداڵان بە هەموو بەشەکانییەوە گەلێ گرنگ و پێویستە، چونکە نووسین بۆ هەر تەمەنێکی منداڵ جۆرێ پێویستی و داخوازی لەسەرنووسەر پێویست دەکات کە پێکهاتەی ئەدەبی و زمانیی و هونەریی و ناوەڕۆکیی نووسینەکەی

لەسەر پێکبهێنێت، بۆ ئەم ئاگادارییە نەک هەر ئامانجەکە دەخاتە بەر بەرپرسیارێتیەوە بەڵکو دوورنییە ئەنجام و ئاکامێکی دژوارو نێگەتیڤی لێ بکەوێتەوە، بۆیە دەستنیشانکردنی ئاستی تەمەن لەنووسیندا گرنگە بۆ ئەوەی نووسەر بتوانێت ئامانجەکەی بپێکێت و ئەوەی مەبەستیەتی بیگەیەنێت لە هەر بوارێکی گەشەی منداڵەوە بێت، بۆیە مەبەستمانە لێرەدا چەند خاڵێک لەسەر جیاکەرەوەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی لە پێنجساڵی یەکەم و سێ ساڵی یەکەمی قۆناغی خوێندندا بخەینەڕوو،

**بازنەی یەکەمی خوێندن بەکورتی دەخەینە ڕوو:**

یەکەم: قۆناغی ٠-٣ ساڵ

گرنگترین سیما دیارەکانی کۆمەڵایەتی لەم قۆناغەدا:

١. لەشەش مانگیەوە سەرنجی دەورووبەر دەدات و وەڵامدانەوەی دەبێت و پێیان کاریگەر دەبێت.

٢. لەدوای یەک ساڵەوە پەیوەندی لەگەڵ گەورانەوە زیاتر دەبێت وەک لە منداڵ، وەک دایک و باوک و کەسەکانی تر لەناو خێزان و دەرەوەی خێزان.

٣. لەدووساڵانەوە پەیوەندییەکانی فراوانتر دەبێت و لەگەڵ منداڵانی تریش یاری دەکات، بەڵام پەیوەندییەکەی تاکی دەبێت نەک کۆمەڵی.

داخـوازییە پەروەردەییەکانی ئەم قۆنـاغە وادەخوازێت کە هاوبەسـتی کـۆمەڵایەتی کـاریگەری دەبێـت لە دەسـتهاتی زمـانیی منـداڵ ، پەیوەنـدی ئەرێنـی لەخۆشەویسـتی و گرنگیپێدان لەلایەن دایکوباوکەوە بۆ یەکتـر و بـۆ منداڵ زۆر گـرنگە بـۆ پێگەیشـتنێکی باشـی منداڵ لەڕووی سـۆزداری و هەڵچونی و کۆمەڵایەتیەوە.

**دووەم: قۆناغی: ٣-٦ ساڵ**

لەگرنگتـرین داخوازییەکـانی گەشـەی کـۆمەڵایەتی لەم قۆناغەدا ئەوەیە منداڵ فێرببێت چۆن لەگەڵ خۆیدا دەژێت و چۆن لەگەڵ کەسو شـتەکانی دەورووبەریدا ئاوێتەدەبێت و کارلێـک دەکـات، گـرنگە لێـرەدا بڕوابەخۆبـوون و متمـانەو گونجاندنی کۆمەڵایەتی بۆی دەستەبەر بکرێت.

دیـارترین دەرکەوتەکـانی گەشـەی کـۆمەڵایەتی لەم قۆناغەدا:

١- یـاریکردنی منـداڵ گەشـەیەکی بەرچـاو بەخـۆیەوە دەبینێت،هاوڕێیەک یان دوو هاوڕێی هەیە، بەڵام جێگیرنین و زوودەگۆڕێن.

٢- تێهەڵچـوون لەنێـوان منـداڵانی ئەم قۆنـاغە زووزوو درووسـت دەبێـت، چـونکە نـاتوانن هاوکـارو هەماهەنـگ

بن،کۆمەڵیـان بچـووک و نـاڕێکخراوەو زیـاتر حەز بەیـارییە درامییەکان دەکەن.

٣- گونجـان لەگەڵ ژیـنگەی کـۆمەڵایەتی دەوروووبەر و قبوڵکردنی.

٤- منـداڵ حەز بەهاوکـاری دایکوبـاوکی دەکـات و حەزی بەسەرنج ڕاکێشانیان هەیە، زیاتر بەخۆیدا دەنازێت و حەزی بە وەسف و پیاهەڵدان هەیە.

٥- خواسـتی کێبڕکـێ و سـەربەخۆبوون هەیەو ویژدانـی دەستبەگەشەدەکات .

لەو ئەرکە پەروەردەییـانەی کە پێویسـتن لەم قۆنـاغەدا لەگەڵ منداڵدا ئەنجام بدرێن،گرنگیدانە بۆ بەکۆمەڵایەتیکردنی منداڵ، سەرمەشقبوونی کرداری بۆ گەیاندنی بەهـاو ڕەفتـارە پۆزەتیڤەکان، بەکارنەهێنانی سزا و ئەشـکەنجە بۆ سـەپاندنی یاساکان بەڵکو لەڕێی پاداشت و هاندانەوەبێت، ئەنجـامنەدانی جیـاوازی ڕاو ڕاسـپاردەکان بـۆ منـداڵ چـونکە دووچـاری سەرلێشێوانی دەکات.

### سێیەم: قۆناغی ٦-٩ ساڵ

ئەم قۆنـاغە قۆنـاغی چـوونە قوتابخـانەو دەسـتپێکردنی سـەرەتای خوێنـدنی منـداڵە، ئیتـر یـان ڕاسـتەوخۆ لەنێـو خێزانەوە دەچیت یـان لەبـاخچەی منـداڵانەوە، لەم قۆنـاغەدا

ئاستی مەعریفی منداڵ گەشەی کردووەو ئامادەسازە بۆ فێربوونی جەستەیی و ژیریی و فراوانبوونی ژینگەی کۆمەڵایەتی و پێدانی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان.

پێکهێنانە کۆمەڵایەتیەکانی منداڵ بەردەوام دەبێت تالێرەدا قوتابخانەش وەک هەماهەنگیەک لەگەڵ خێزان ڕۆڵی هەبێت لەبونیادنان و پێکهێنانی کۆمەڵایەتی منداڵ.

دەتوانین ئاشکراترین سیما جیاکەرەوەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵ لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە:

١- منداڵان دەتوانن باشتر هەڵبژاردن بکەن و بتوانن هاوڕێیەک یان زیاتر بەتایبەت هەڵبژێرن.

٢- لەکۆتاییەکانی ئەم قۆناغەدا منداڵان ئارەزووی ئەو یارییانە دەکەن کە لەکۆمەڵ و گروپی کەم کەم پێک دێن، زیاتریش حەزیان لەوەیە یاساکانی یاریەکان بپارێزن و پێوەی پابەند بن.

٣- تێبینی کێبڕکێ و خۆبردنەپیشەوە لەم قۆناغەدا لەنێوان منداڵاندا دەکرێت، سەرەتای ئەم کێبڕکێیانە تاکی و کەسیین پاشان بەرەو گروپ و کۆمەڵبوون دەڕۆن.

٤- دەرکەوتنی هەست بەجیاوازی جێندەری و جیاوازی لەڕۆڵ و کارو یاریەکان لەنێوان هەردووڕەگەزی منداڵاندا و هەندێ کات گرفت کەوتنەوە بەو هۆیانەوە لەنێوانیاندا.

٥- فراوانبوونی بازنەی کۆمەڵایەتی منداڵ لەم قۆناغەدا و منداڵ گوێگرێکی باشە لەم تەمەنەیاندا.

٦- ڕەفتاری کۆمەڵایەتی منداڵ بەندە لەسەر ئەزموون و ئەوشارەزاییانەی کە پیا تێپەڕیوەو پیاتێدەپەڕێت.

٧- سەرهەڵدانی هەست و لایەنی ویژدانی و نیگەرانبوون لە کاردانەوەی هەڵوێستە نەرێنیەکان لەکاتی ئەنجامدانی ڕەفتارێکی نەگونجاو لەنێو کۆمەڵداو بێکاریگەربوونی منداڵ .

لەڕووی پەروەردەییەوە گرنگە هاوڕێو هاوکاری منداڵ بین لەم قۆناغەداو پێبەخشینی ڕێزگرتنی ئاڵوگۆڕ لەنێوانیاندا و ئازاد کردنیان لەهەڵبژاردنی یاری و گرنگی پێدانی کەسێتیان و چەسپاندنی بنەماکانی هاوکاری و ڕاستگۆیی و بەدەنگەوەهاتنی کۆمەڵایەتی لەم قۆناغەدا.

**ڕەنگدانەوەی کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان لەئەدەبی منداڵاندا:**

ئەدەبی منداڵ، وەک هۆکارێکی کاریگەر دەتوانێت، ڕۆڵ ببینێت وەک ناوەندێک لەنێوان کەسەکان و منداڵدا، تا لە ڕێی خوێندنەوەو ناوەڕۆکی بەرهەمەئەدەبیەکانەوە، پەیوەندی و هاوبەستی خۆشەویستی و لێک گەیشتن و ئاخاوتن و گوێگرتن و درووستکردنی گفتوگۆو پرسیار و وەڵام و کارلێکی زمانی جەستەو ئاماژەکان بەدیبهێنێت، هەریەک

لەمانە ئەگەر بەشێوەیەکی درووست و گونجاو لەگەڵ ئاست و تەمەنـــدا ئەنجـــام بـــدرێن، کـــاریگەری زۆری دەبێـــت لە بەکۆمەڵایەتی کردنی منداڵ و بەتاڵکردنەوەی ئەو گرێیانەی کە دووچـاری منـداڵ دەبـن، بەهـۆی نەتـوانینی دەربڕینـی ڕاستەوخۆوە. بە پێی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بەدوو شێوە فێردەبێت، جۆرێکیان لەرێی دووبارکردنەوەو چاولێکـــارییەوە،جۆرێکی تریـــان لەڕێـــی ســـەرنج و تێبینیکـــردنەوە، بە بیـــرورای (بانـــدۆرا) مـــرۆڤ تەنهـــا کاریگەرنابێت بەڕووداوە زیندووەکانی دەورووبەری، بەڵکو دەکرێـــت منـــداڵ بەتێبینـــی و ســـەرنجدان لەهەرشـــتێک کەکـاریگەری لەسـەرهەبێت کاریگەربێت و کـاری لێبکـات و گۆڕانکاری ڕەفتاری لەسەر درووست بکات،بۆ نمونە کتێب ،بینینـی فـیلم، یـاری، یـان هەربـابەتێکی تـر، کەواتە کتێبـی ئەدەبـــی منـــداڵان و خوێنـــدنەوەو ســـەرنجدانی، یەکـــێکە لەوهۆکـارانەی کە ئەدیبـی بـواری منـداڵان دەتوانێـت ئەو ڕەفتارو ئاکارەکۆمەڵایەتیانەی مەبەستیەتی لەکەسێتی منداڵدا بیچەســـــپێنێت لەڕێگـــــای بەرهەمە ئەدەبیەکـــــانیەوە بیگەیەنێت،چونکە تیـۆری فێربـوونی کـۆمەڵایەتی پێیـان وایە ڕەفتارەکۆمەڵایەتیەکـانیش ڕەفتـاری فێربـوونین ودەکرێـت مرۆڤ وەک هەر فێربوونێکی تر فێری ببێت.

دارِشتنەوەی دەقی ئەدەبی بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کرداری پەیامی بگەیەنێت، نابێت بەزمانی ڕاستەوخۆو ئامۆژگاری ئاسا دابڕێژرێت، بەڵکو وروژاندنی بیری منداڵ و خستنەنێودۆخێکی کێشە والەمنداڵ دەکات حەزی گەڕان و دۆزینەوەی لا بوروژێت و خۆی بەدوای فێربوونەکاندا بگەڕێت، بابەتی سەرکەشی و ململانێ و گرێ پێویستن لەئەدەبی منداڵاندا بوونیان هەبێت، ڕۆڵ و ڕۆڵ بەخشین بە کاراکتەرەکانی نێو چیرۆک و ئۆپەرێت و شانۆکانی منداڵ کاریگەری زۆر گرنگیان هەیە لە تێگەیاندنی ڕۆڵ و ئەنجامدانی ئەرک و بەرپرسیاریتی لەلای منداڵ، سەرجەم کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان و بەتایبەت ئەو کارامەییانەی کە هۆش و بیری منداڵ بۆ لای بابەتە گرنگەکانی ژیان و ئەو کارامەییانە دەبەن کە وا لە منداڵ دەکەن بە بوێرانەو ژیرانە لەهەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکان تێبگات پێویستن، لەو کارامەییانە وەک کارامەیی سەربەخۆبوون، گرنگە منداڵ خۆی بە پاشکۆی ئەوانی تر نەزانێت و وەک کەسێکی بڕوابەخۆی سەربەخۆ بیربکاتەوەو بڕیاربدات، ئەمەش دەبێت بەورییاییەوە لەدەقەکاندا گرنگی پێ بدرێت، هەروەها کارامەیی چارەسەرکردنی کێشە و بنیاتنانی خود و سەرکردبوون و کارکردن لەسەر ئاڕاستەو بەها پۆزەتیڤەکان ڕۆڵیان هەیە لە ئاڕاستەکردنی منداڵ لەئەدەبی منداڵاندا.

**مەحمود عەبدولکەریم قادر:**



لەدایکبوون: ١٩٧٤
کـــار: سـەرپەرشــــتیاری پەروەردەیــــی –زمـــــانی کوردی
بڕوانامە: دبلۆم- زمانی کوردی پلە: نایاب

**چالاکی:**

* ئەندامی دەستەی نووسـەرانی گۆڤاری (کـوردجینیەس ڕۆشنبیریی) و (کوردجینیەس منداڵان)

* نووســــــەری گۆشـــــەی هەفتـــــانەی لەپەنـــــجەرەی پەروەردەوە، لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

* دیـزاینەر و ئەنـدامی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری ئاڕاستەی پەروەردەیی

* کتێب: لەپێناوی پەروەردەیەکی باشتر ٢٠٠٧

* سـەرۆکی لقی سلێمانی سـەندیکای گشـتی ڕاهێنەرانی عێراق

# ڕۆڵی نووسەری ژن لەئەدەبیاتی منداڵانی کورددا

زارا ئەحمەد جاف/ ڕانیە

تا ئەمڕۆش ئەدەبیاتی منداڵانی کورد لە چاو ئەدەبیاتی گەورەکان بەپێی پێویست هەلی گەشەکردنی بۆ نەڕەخساوە، لەسەرەتادا نووسین لە بواری ئەدەبیاتی منداڵان بەئاست نزمی سەیردەکرا، زۆر جار لەژێرناوی جیاجیاو خوازراودا بەشەرمەوە لەبوارەکەدا بۆمنداڵانیان نوسیوە و بابەتەکانیان بڵاو کردۆتەوە . هۆکاری ئەوەش ئەوە بووە بوارەکە هەستیارو تازە بووە و شارەزایی ئەوتۆیان لە دەروونناسی و سایکۆلۆژی پەروەردەی منداڵدا نەبووە، هەوڵیان داوە دەستکاری ئەودەقانە بکەن کە بۆگەورەکانیان نووسیوە، تاوەکو بەمەزەندەوبۆچوونی خۆیان لەگەڵ منداڵدا بیانگونجێنن .وایان زانیوە هەردەقێکی سادەو ساکاربێت ئەوەلەگەڵ منداڵدادەگونجێت .

بێگومان چۆن ئەدەبیاتی منداڵان لای زۆرێک لەگەلان گرنگ بووە، لە ناو کلتورو ئەدەبیاتی منداڵانی ( کورد)دا ژنانی کورد، ڕۆڵی کاریگەرو بەرچاویان هەبووە لە ناو ئەدەبیاتی منداڵاندا، بۆیەکەم جار هەردایک بووە هاتووە لەڕێی ( گۆرانی و لایلایەو داستان و هۆرەو لاوک و نەزیلە و چیرۆکی فۆلکلۆر) ی بە دەنگ و ئاوازەوە گۆرانی

بۆ کۆرپەکەی وتووە . کەوایە ڕۆڵی دایک، وەکو ژن، لە ناو ئەدەبیاتی منداڵاندا بە یەکەم سەرچاوەو سەرەتای دەستپێکی ئەدەبیاتی (زارەکی) منداڵان دادەنرێت.

ئەوەی گرنگە لێرەدا دەمانەوێت قسەی لەسەر بکەین و بابەتەکەی لەسەر چڕبکەینەوە ئەوەیە وەکو (نووسین) چۆن واکراوەو وابکرێت لەوقۆناغەسەرەتاییەدا کەمنداڵ چاو دەکاتەوە پەیامی بوارێکی واهەستیارو پیرۆزیی دایک وەکو ژنێک،کەخۆی باشتر لە معاناتی منداڵ تێدەگات و بەداواکاریی و ویستەکانی منداڵ ئاشنایە و لەگەڵ منداڵەکەیدا سەرقاڵ دەبێت، بچێتە لای کەسێکی، تایبەت مەندو بەتواناترو نزیکتر لەمنداڵ، دەستێکی پارێز تا شتەکان بەهەڵە و ناپەروەردەییانە بە منداڵ نەوترێن، وەکو نووسەرێک، بێت باشتر گوزارشتیان لێبکات وابکات هەنگاو بەهەنگاو زانستیانە منداڵ ئاشنای فەرهەنگی کوردی نەتەوەکەی خۆی بکات، ئەویش نووسەری ژنە، تا بەلێهاتوویی، پەروەردەییانە بە کەسایەتییەکی بەهێزەوە ڕۆڵێکی کاریگەرتر لەبوارەکەدا بگێڕێ،ڕۆڵی نووسەرانی پیاویش فەرامۆش ناکرێت و گرنگە، بەڵام لێرەدا سەرنجی من لەسەر ڕۆڵی ژنی نووسەرە کە ئەرک و بەرپرسیاریەتیەکی گەورەتری دەکەوێتە ئەستۆ.

لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەوڵی پاراستنی جێندەریمان نەداوە هەتا داتاو سەرژمێرییەک یان نووسینێک سەبارەت بەڕۆڵی ژنـی نووسەر لەبـواری ئەدەبیـاتی منداڵانـدا لای لێنەکراوەتەوە،ئەگەر بەئاماژەیەکی سەرپێییش بێت سەرنج لەو نووسینانە بدەین کە بۆ منداڵان نووسراون، زیاتر ڕۆڵی کارەکتەری پیاو زاڵە ئەوەندە گرنگی بە ناوو ڕەگەزی مێ نەدراوە، هەتا ناوهێنانی ناوی کوڕان لەنووسینەکاندا ئاماژەیە بەجیاوازی ڕەگەزایەتی و تاکایەتی لەلایەکیتر ئەوەیە، نووسەرانی ژنمان لەوبواردەدا کەمترن

بەڵێ ئەگەرچی بە راورد بە پیاوان نووسەرانی ژنمان لەم بوارەدا لە ئاست خەون و خۆزگەی ئێمەدا نەبووبێت، بەڵام بۆ ئەوسەردەمەی ئێستا بنچینە بوون ڕۆڵێکی باشیان هەبووە، بەهەندزانین و بیرکردنەوەی ژنان بۆبواری ئەدەبیاتی منداڵان کەمتر نین لە هی پیاوان، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی باوک سالاریدا بیرکردنەوەی پیاو لە پێشەوەی گفتوگۆو گۆڕانکارییەکاندا بوون، بەڵام دەشێت ئەو جۆرەبیرکردنەوە باوانە بێت کە کلتورێکی ئاخنراو بە بەها ئاینیەکانەوە گرێ درابێت.

سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی، دۆخی چەق بەستووی ئەدەبیاتی بواری منداڵانی بەئاگا هێنا، ئەگەر ژنان لەڕێی پێگەی خانەوادەکانیانەوە هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخسابێت بێنە

پێشەوە، ئەوا لەبوارەکەدا دەستیان بۆ نووسین بردووە، لە دونیای ئەدەبیاتدا ژنان لە پەراوێزی ئەم دونیایەدا و لە کات و شوێنی جیاوازدا توانییان لا لە بوارەکە بکەنەوە، نووسەری بوارەکە خولیای نووسین و خوێندنەوە بوون، ودەرفەتیان بۆڕەخسا، بۆ هاتنە ناو بواری ئەدەبیاتی منداڵان. تا بتوانن ڕۆڵ و کاریگەریی بونیادی خۆیان وەکو نزیکتر لەمنداڵ وێنا بکەن، لەڕێی ئەدەبیاتی منداڵان، پەروەردەییانە منداڵان ئاڕاستە بکرێن و بڕیار بدەن متمانەیان بە خۆیان هەبێت. بەسروشتی ژینگەی خۆیان ئاشنا بکرێن و بتوانن خۆیان بۆچارەسەری کێشەکانیان هەوڵ بدەن.

لە چوارچێوەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کلتوریەکانەوە، ژنانی نووسەر هەوڵیاندا ئەوبۆشاییانە پڕ بکەنەوە کە لە سایەی دۆخە نەخوازراوەکاندا منداڵانمان تێیدا پەراوێز خرابوون . نووسەری ژن هات هەتا میهرەبانانە دوور لە توندوتیژیی و هەڵسوکەوتی نابەجێ، پەروەردەییانە منداڵ ئاڕاستە بکات وکۆمەڵگەش لەسەرئەوەڕابهێنێت.

ژنی نووسەری بواری ئەدەبیاتی منداڵان، واتا بوێریی ویاخی بوون لە کلتورە چەق بەستووەکان، واتا قوربانیدان لەپێناو گەیاندنی ئەوپەیامەی لەتوێشوویدا هەوڵی پێگەیشتنی بۆ دەدات، . بێ پێنوسی نووسەری ژن بوارەکە خاڵی دەبێت

لە شۆڕبوونەوە بەناو واقیعدا، دوورمان دەخاتەوە لە ئاشنا بوون بەو جیهانە ئەفسوناوییەی کە نووسەرێکی ژنی تایبەت بەبوارەکە دەیخولقێنێت .جائەگەر بوارەکە بۆ پتەوکردنی بناغەی کۆمەڵگەیەک بێت ئەوانیش منداڵانن.

(ئەسترید لینگرێنە) خانمە چیرۆکنووسی ناوداری سویدی دەڵێت منداڵان پەرجوو واتا (موعجیزە) دروست دەکەن بۆیە دەمەوێت بۆ بازنەیەک لە خوێنەران بنووسم کە موعجیزە دروست دەکەن.

بێگومان هەرلەکۆنەوە نووسەرانی ژنیش بەئازادی و بوێریی و متمانەبەخۆبوونەوە لەناو بوارەکەدا هاوشانی پیاوان هاوکارو تەواوکاری یەکتربوون، ڕۆڵو کاریگەری کارا دەگێڕن لەخزمەت کردن بەبوارەکە، بەپێی ئەوهەلو مەرجانەی بۆیان ڕەخساوە ودەرەخسێت دەتوانن موعجیزە دروست بکەن.

(جاکلین ساندەرز) دەڵێت: با ئەدەبی منداڵان ئەوەندە، ئاسان نەکرێتەوە، بڵێین منداڵان هیچ نازانن. دەزانین کە سەردەم سەردەمی تەکنەلۆژیایە بە بیستراوو بینراو ئاشنابوونە بە ئەدەب و وێنەو جۆرەها ئامێرو کەرەستەی پێشکەوتوو، ئەزموونکراو ئەزموون نەکراو کە تایبەتن بە سەردەمی خۆیان لەسایەی گۆڕانکاری و داهێنان و پشکەوتنی تەکنەلۆژیادا زیاتر لە هەموو سەردەمێک بوارەکە

پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کۆمەڵێک نووسەری تایبەتی ئەدەبیاتی منداڵان لە نێویاندا ژنی بە توانا، ئاوڕیان لە ئەدەبیاتی منداڵان دایەوە، چەندین بەرهەمی پەروەردەیی و ژیان دۆستیی و مرۆڤ دۆستیی بەسوودیان بۆ منداڵان نووسی و چاپیان کردن، بەهۆی ئاسانکاری تەکنەلۆژیا زوودەکەوێتە بەردیدەی منداڵان .

لەم سەردەمەدا پێویستیمان بە گەشەکردنی زیاتری ئەدەبیاتی منداڵان هەیە، لەبەرئەوەی پەروەردەی نوێ و ڕۆشنبیری و ئەدەبی منداڵان بوونەتە دووانە و تەواوکاری یەکتر، لەبەرئەوەی دوو هۆکاری سەرەکین کەکاریگەرییان هەیە لەسەر پێشکەوتن و خێرایی بەرەو پێش چوونی جیهانگیری و گەشەی هۆشیاریی منداڵ و پەروەردەیەکی سەردەمیانەو مۆدێرن، هۆیەکی گرنگیتریش، دەگەڕێتەوە بۆ دەزگای بڵاوکردنەوەو چاپکردنی کتێبی منداڵان و کردنەوەی کتێبخانەی تایبەت بە منداڵان . سەرەڕای ئەمانەش حەز و پەرۆشیی خودی منداڵان، بۆ خوێندنەوەی کتێب و ئەو بابەتانەی تایبەت بوون بە سەرجەم ژانرە ئەدەبییەکانی منداڵان. گۆڤارو ڕاگەیاندنی کارا لەبوارەکەداهاوکارو هۆکارێکی گرنگی دەرخستن و گەیاندنی ئەو پێشکەوتنانە بوون، بوو بەهۆی نرخاندنی زیاتری ڕۆڵی نووسەری ژن لەبوارەکەدا.

بێگومـان ژنـی نووسـەری بـواری منـداڵان لەهەر پـێگەو شـوێنێکی ئەوژیانەدا بێت، سـەر بەهـەر کامپێکی فێمینیستی بێـت ڕۆڵ و کاریگـەریی هۆشـیارییەکی مـەزن دروسـت دەکات، ڕۆڵی هەیە لەبەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەدا،

بـواری پێشـکەوتن و ئاسـتی ڕوانـین لە ژنـان لەهەرکۆمەڵگەیەکـدا ڕەنگـدانەوەو پێشـکەوتنی ئەوکـۆمەڵگەیەیە، هەر کـۆمەڵگەیەک دان بە گرینگـی ڕۆڵـی نووسـەری ژنـدا نەنـێ و ڕۆڵیـان لە بڕیـاردان و پـێگەی نووسـیندا بەهەنـد نەزانـێ، ئەوەئەو کـۆمەڵگەیە بەرەو دواکەوتـن و دیکتـاتۆریەت و پیاوسـالاری دەڕوات،بێگومـان ئەوەش زیـانێکی گەورە بەئەدەبیـاتی منـداڵان و بەمنـداڵ دەگەیەنێت.لەبەرئەوەی پێوەری سـەرکەوتن وشکسـتی هەر دەسـەڵاتێک، ئەوپـلان وبەرنـامەی کـارانەیەتی کەلەبـواری بنیاتنـان و هـاتنە پێشـەوەی ژنـانی نووسـەری بـوارەکە دا پێشکەش بە کۆمەڵگەی دەکات، بەم پێیە ڕازی کردنـی ژنانی نووسـەر، لە پشـتگیری و هانـدانیان و چارەسـەرکردنی لەمپەرەکـانی بەردەم هـاتنە پێشـەوەیان لەلایەن دەسـەڵاتەوە مانـای سـەرکەوتن و بەپێچەوانەکەشـیەوە نیگەرانـی و ناڕەزایی هەمان تویژ مانای قەیرانی هەردەسەڵاتێکە.

نکـوڵی لەوەناکرێـت ئەگەر چـی ژنـان ڕۆڵوگاریگەرییـان هەیە لەبوارەکەدا، بەڵام کار بۆ کۆکردنەوەی کۆی ئایدیاکان

ئەوانەی لەمەیدانەکە کار لەبوارەکەدا دەکەن نەکراوە، زۆر جار ژنانیش نایانەوێ یان هەلیان بۆنەڕەخساوە وەک ژن دەرکەون، زۆرجـــار ترســـیان لەشکســـت هەیە بـــۆیە پەرتەوازەو پەرتـــن، تـــرس نەبـــێ ژنـــان دەتـــوانن شـــوێن ســـەرکەوتنیان لـــە بـــوارە کەدا بچەســـپێنن، بەشـــێوەیەکی نمونەیی،پیاوان سـەرکەوتنەکانیان لەبوارەکـەدا دەگەڕێننەوە بـۆ شـارەزایی ولێهـاتوویی ئازایـەتی و بـوێری نێـو نـاخی خۆیان، بەڵام ژنان دەیگێڕنەوە بۆ ڕەخسـاندنی دەورو بەر، یان یارمەتی کەسانیتر یان هەوڵی جدییان داوە

هەتـا ڕاگەیانـدنەکانیش هۆکـاری سـەرکەوتنەکانی ژنـان دەگێڕنەوە بۆ هۆکارە دەرەکییەکان، دەکرێت نووسەرانی ژن کـاربکەن بـۆ بنیاتنـانی هەڵوێسـتی باشـتر لەپێنـاو یەکسـانی جێندەریـــــدا لە نێـــــوان نووســـــەرانی هەردوو ڕەگەز دا ناکۆکیەکــــانی ژنــــان لەگەڵ پیاوانــــدا بەرەویەکســــانی ڕاستەقینەمان نابە دەبێت دژی هەر جیاکاری و ڕەگەزایەتی وپەراوێزخستنێکی ڕۆڵی نووسەرانی ژن بوەستینەوە، لەڕێی ئـەدەبیاتی منـداڵان دەسـت بە چاکـسازی و گۆڕانکـاری و بنیاتنـانی هەسـتی هاوسـەنگی و یەکسـانی ڕەگەزی لە نێـوان کچـان و کوڕانـدا بکرێـت، هــەر لە منــداڵییەوە منــداڵان بە یەکسانی ڕەگـەزی وبەهـاو ئەرکە پەروەردەییـەکان گۆش بکـرێن، بـۆ هـێنانـەدی ئـەم ئامانجـانەش، وەکـو ژن وەکـو

دایک مامۆستاکـان ومیدیـا و ڕاگەیانـدنەکان و گۆڤـارەکانی منـداڵان بە هاوکـاری نووسـەری ژنـی ئەدەبیـاتی منـداڵان، دەتوانن ڕۆڵـی باڵایان لەم ئەرکە گرنگ و پیرۆزەدا هەبێت. ئازادی و گەشەکردن و پێشکەوتنی گەل و نیشـتمان بەنـدن بە بەدیهــێنانی یەکــسانی ڕەگــەزییەوە تابتوانرێـت لەڕێــی ئەدەبیـاتەوە کۆتـایی بە ئەو ئاریشـانە بهێنـرێن کە لە نـاو ژیــنگەی منداڵانــدا بوونیــان هەیە، وا ئاڕاســتەبکرێن تــا بەشـێوەیەکی دروست وگەشبینانە دوور لە شەرموپاساوی لاواز لەناو ژینگەی خۆیاندا ژیان بکەن.

گرنگە ژنان ئەوبیرکردنەوانەیان بگۆڕن کەدەڵێن ئەوکارە بە من ناکرێت، یان ئامادەنیم ئەو کارە بکەم.واباشـترە ژنان لەوبوارەدا درێغی نەکەن لەدەرخستنی تواناکانیان بۆزیاتر خزمەت کردن لەڕێی ئەوهەلومەرجەی کە بۆیان دەڕەخسێت . چـــــونکە بەبۆچـــــوونی زۆربەی شــــــارەزایان، ژن سەرکەوتووترە لەبواری پەروەردەکردندا، بۆیە باشتر وایە بەردەوام بـن بـۆ ئاشـتەوایی لەکـارو پەیوەندییەکانـدا، ژنـانی نووسەری بواری منداڵان ڕاگری خێزان و یەکەم دەستپێکی بەخێو کـردن و پەروەردە کردنـی منـداڵن، دەکـرێ حەکیمـانە مامەڵە بکەن لەکاتی کێشـەو گرفتەکانـدا گوێیـان لـێ بگیرێت، لەڕێی ئەدەبیاتەوە هەوڵـی چارەسـەر کردنیان بدەن، مـرۆڤ دۆسـتو ژیـان دۆسـت بـن لەپێنـاو ئاشـتەواییدا لەژێر سـایەی

خۆشەویستیدا لە ناوخێزان و لە ناو قوتابخانەو کۆمەڵگادا هاوکاربێت، بتوانێت لەڕێی ئەدەبیاتەوە منداڵان ئاڕاستە بکات و ژیانیان پڕ چێژ بکات.

نووسەرانی ژن لەنووسینەکانیاندا گرنگی بەبابەتە پەروەردەییەکان بدەن لەگەڵ خەیاڵداڤاویتەیەکی ڕەنگاوڕەنگ دروست بکەن، جیاوازی تاکایەتی و ڕەگەزایەتی لەبەرچاو بگرن دوور لەدەستەواژەی لاوازو شێواوو داشۆراو لە بەهاکۆمەڵایەتیەکان، منداڵان ئاڕاستە بکەن. ئەوان بەشداردە بن لە هاوکاری و بەدەنگەوە چوونی دەنگە زوڵاڵەکان وهێنانەپێشەوەیان.

ژنانی نووسەری بواری منداڵان بەرپرسیارێتییەکی گەورەیان لەئەستۆدایە لەپێناو خزمەت کردن و بنیاتنانی کەسایەتییەکی دروست بۆکۆمەڵگا، ژنی نووسەر لەڕێی نووسینەوە دەبێتە دایکی هەموو منداڵانی جیهان.و ئێستاش لەوسەردەمی تەکنەلۆژیاو مۆدێرنیتەدا لەهەموو کاتێک زیاتر ژنانی نووسەری بوارەکە پێویستییان بەبەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی خۆیان هەیە، تاوەکو بتوانن سەرکەوتوو بن و مافەکانیشیان مسۆگەر بکەن.

دەبێت لەکۆمەڵگەی کوردیدا ژنانی نووسەری بواری منداڵان داهێنەربن،نەک تەنها تیشک لەسەر کۆی ژمارەی ڕۆڵەکان بێت و تواناکانیان و چۆنایەتیان پەراوێز بخرێن.

لەڕێی ئەو بوارە وەڵامێکی دروستی پرسیارە جددیی و وردەکانی منداڵان بدەنەوە. لە پرسیارە زیرەکەکانی منداڵان تێبگەن و نەترسن.

پێویستە نووسەری ژن تاکێکی کۆمەڵایەتی بێت وەکو چاودێرێک وابێت بەسەر کۆمەڵگەوە بەپێی گرنگی و کاریگەری ڕۆڵی لە بوارەکەدا، بێدەنگ نەوەستێت لەئاست هەڵەپەروەردەیی و ئەدەبیەکان و لە دەست خستنەسەر کێشەکان، بوێر بێت لە ڕاست کردنەوەیاندا، بزانێت ئایادەوروبەر وکۆمەڵگە یان ئەوناوەندانەی منداڵان لەخۆدەگرن تاچەند لەئاست ئەوبەرپرسیاریەتەدان، کە پێشکەشی منداڵانی دەکەن، میهرەبانانە پەلە نەکات لەنووسیندا پلانی هەبێت لەنووسینی ئەوباتانەی گرنگن لەژیانی منداڵداو ئامانجداریان بکات، ڕۆژبەڕۆژ بابەتی تازەو دروستکار دوور لەبابەتی توندوتیژیی و کرچوو کاڵ وساواو دوبارە، بگونجێت لەگەڵ مەودای بیرکردنەوەو قۆناغەکانی گەشەی منداڵ وسەردەمیانە بێتە خزمەت منداڵان.

ئەگەر نووسین لە بواری ئەدەبیاتی منداڵان ئەرکێکی قورس بێت، بۆژنان بوارەکە قورستر دەبێت چەند بوارەکەگرنگ وهەستیارە ئەوەندەش بەتواناوە لەگەڵ بوارەکەدابمێنێتەوە قسەبکەن، بۆ هاندانی کۆمەڵگە،

بەقســـەکردن ئەو چەق بەســـتوویيە تێــک دەشـــکێنن کە دەتــوانێ بیرکردنەوەکۆنەکـان بگـۆڕێ، ئەگەر بەرەوباشــتر گـۆڕا ئەوە هەڵســوکەوتەکان دەگـۆڕێن دواتــر دەتــوانرێ دامەزراوەکان بگۆڕێ.

بێگومان ڕۆڵی ژنان و پیاوان پێکەوە ڕۆڵـی ژنان لە ناو بوارەکەدا کاریگەرتردەکات

لێــک تێنەگەیشـــتن هەردەم بـــریتیە لەشـــەقامێکی دوو ئاڕاستە، تەواوی ژنانی نووسەرانی نێوبوارەکە ئەوە نـازانن، هەربۆیە بەلێکترازان ئاسودەترن.

زۆربەی ژنـانی نووســەر بەداخەوە ســەرنجیان لای ئەوە نیــیە کە لەنەوەی داهــاتوودا نەهــامەتییە کۆمەڵایەتیەکـــان بگـۆڕن، یـان چـی بـکەن چـۆن لە ڕێـی ئەدەبیـاتی منـداڵانەوە تاکێکی بوێرو بەهێز پەروەردەبکەن، بەڵکو لەهەوڵی ئەوەدان چـۆن تـاک لایەنـانە نمـایش بـکەن و لـوت بەرزانـە خۆیـان دەربـخەن، یـان کاتەکانیـان تـێ بپەڕێـنن. زۆرجـاریش ژنـان بەپێــی ئەدای کارەکانیـــان حـــوکم نـــادرێن، بەڵکـــو چەنـــد توانیویانە جێی خۆیان بکەنەوە؟

دوای ئەوهەمـوو کـاتە لەئێسـتادا زۆرجـارکۆمەڵگە دەبێتـە لەمپەروبەربەســت بۆبــەردەم هــەنگاوەکانی ژنــی نووســەر، ڕێکخەرانــی کـۆڕو ســیمینارەکان، هــەتا ڕاگــەیانـدکاران و نووســەرانی ژن پــەرە بــە ڕۆڵـی ژنـانی نووسـەری بوارەکـە

نـادەن، ئینجـا بەهۆکـاری خۆپەرسـتی بێـت یـان پەراوێـز خسـتنیان بێـت، بەدەمەوەچونیـان بـۆ دەرکەوتـن و پاڵپشـتی نووســـەرانی ژن وەک پێویســـت نــیە، تیشــک زیـــاتر لەسـەرناوچەیـەک، چەنـد کەسـێک چڕدەکـرێتەوەو بەگشـتی دەرکەوتنی ژنانی بەتوانا لەبوارەکەدا بەهەند نازان.

جیـاوازی کردنێکــی زۆرهەیە ســەبارەت بە ڕێزلێنــان و هەتابڵاوکردنەوەکانیش بەپێی ئاستی تواناکانی خۆی لێیان ناڕوانرێت.

لایەنە پەیوەندیدارەکانیش لەئاست ئەوبوارە هەستیارەی منداڵان خەمساردن!

لەبواری پەروەردەشـدا لە ڕووی بابەتە ئەدەبیەکانی نـاو پڕۆگرامەکــانی خوێنــدن پێــداچوونەوە بــۆ پڕۆگرامەکــانی خوێندن نەکراوە، نازانرێت تاچەندڕەچاوی جێندەری کراوە یان نا

تــا ئەمــڕۆش سەرانســەری جیهــان لەئاســت منــداڵان کەمتەرخەمن.

ژنـی نووسـەری منداڵان، بە دڵێکـی فـراوان، ئەو ڕەخنە و تێبینیــانە وەربگرێــت، کە هاوکــارو شــارەزایان و هەتــا ڕەخنەگـرانیش لە نووسـینەکانی دەگـرن. بە هەلێکـی باشـی بزانێـت، بـۆ بەهێزکردنـی خـاڵە لاوازەکـان، زۆر گرنگەژنـانی نووسەری بواری منداڵان بێنە مەیدان و ژمارەیان زیاتر بن

تـا سـوود لەڕاو سـەرنجەکانیان وەربگیـرێ و هاوسـەنگی دروست بکرێت.

لە دیـدارێکی ئـاوادا، فەلسـەفەی نووسـەری ژن لە بـواری ئەدەبیـاتی منـداڵان دەسـت گرێـدانێکی ئومێـد بەخشـە، بـۆ چرۆکردنی خەونەکان، وابەنیـازین ئەو دیـدارە ببێتە پـردی بەیەکگەیشـتنی توانـا جیاوازەکـان هەروەهـادەرکەوتنی قسەکەری نوێی ژن دەنگ زوڵاڵ شان

بەشـانی پیـاوان بێـنە مەیـدان و، بڵـێن ئـێمە هەیـن ئەوە دەکەیـن ئـاوا دەکەیـن، لەبـوارەکەدا نەک بپرسـن چیمـان بۆدەکەن؟

ناکۆکییەکـانی ژنـان لەگەڵ پیاوانـدا بەرەویەکسـانی ڕاسـتەقینەمان نابـەن، پێویسـتە دژی هەر جیاکـاری و ڕەگەزایەتـی وپەراوێزخسـتنێکی ڕۆڵـی نووسـەری ژن لە بوارەکەدا بوەستینەوە،

بـوار بـدەین ژنـان ڕۆڵ وپـێگەی شایسـتە بەتوانـاو لێهـاتوویی خۆیـان وەربگـرن، ئـازادبن لە ئایـدیاو فەلسـەفەی کارکردنـدا. ڕۆڵـی خۆیـان بگێڕن لە چارەسـەرکردنی هەمـوو ئەو هەڵەو کەمـوو کورتیـانەی ڕوودەدەن لەکێشـە زمانەوانیەکان و هەڵە باوەکان، لەفەرهەنگ وزمانەوانیدا کە دەگەڕێنەوە بۆبوونی کێشە لەنـاو ئەدەبیاتی منداڵانـدا، منداڵ

پێویستی بەوەهەیە لایەنی سۆزداری بەهێز بکرێت، لەنێو سروشتی ژینگەی خۆیدا ژیان بکات

کەچەقێکە بۆبەهێز کردنی گشت لایەنەکانیتر، بەتایبەتی لایەنی کۆمەلایەتی و هزری و جەستەیی. دەبێت نووسەرانی ژن، کاریگەریی زیاتر دروست بکەن، ئەوە بگەیەنن کە بواری ئەدەبیاتی منداڵان خزمەتە بە گەورەترین توێژی کۆمەڵگە، نابێت ئاوابە لاوازی لێی بڕوانرێت . ژنان ڕێگەنەدەن لەو دۆخە نالەبارو جەنجاڵەدا ئەو سنوورە بەرتەسک بکرێتەوە کەتێیدا خەون وئامانجەکانیان گەشە دەکەن ودەبێت ببنە دایکی هەموو منداڵانی جیهان.

**زارا ئەحمەد جاف:**



شاعیرو چیرۆکنووس لەدەڤەری ڕاپەڕین، لە ساڵی (٢٠٠٢)وە لەو بوارەدا بۆ منداڵان دەنووسێ و لە زۆربەی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی تایبەتن بە منداڵان لەنێو هەرێم و دەرەوەی هەرێم، شیعرو چیرۆکی بلاوکردۆتەوە، یەکەم

شـیعری بـۆ منـداڵان بە نـاوی (ئاسـمان) سـاڵی (٢٠٠٦) لە گۆڤـاری پەپـوولەدا بـڵاو بـۆتەوە، یەکەم چیرۆکیشـی بـۆ منـداڵان بە نـاوی (لانە بـوو بە هـاوڕێی گـوڵ و پەپـوولە) لە ساڵی (٢٠٠٧)  لە گۆڤاری مشکەدا بڵاو بۆتەوە.

دەستەی نوسیاری گۆڤاری منداڵانی (مشـکە) بـووە، کە لە لایەن دەزگـای چـاپ و بڵاوکـردنەوەی ئـاراس لە هەولێـر دەردەچوو.

چەنـدین بـابەتی پەروەردەیـی بۆمنـداڵی لەڕۆژنـامەی (ئامانج) کەیەکێتی مامۆستایان دەری دەکرد بڵاو کردۆتەوە پەیـامنێری بەشـی منـداڵانی ڕۆژنـامەی (لێـدوان) بـوو، کەلەدەڤەری ڕاپەڕین دەردەچوو.

بە بڵاوکـردنەوەی چەندین بـابەتو ڕاپۆرت چەندین کـارو چالاکی بۆ منداڵان ڕۆڵی کاریگەری هەبووە.

ئەندامی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە

خـاوەنی  (٧) کتێبـی چـاپکراوە بۆمنـداڵان  بـابەتی شـیعر، چیـرۆک، ئۆپەرێـت، شـانۆیی. ئێسـتا سەرپەرشـتیاری پەروەردەییە لەدەڤەری ڕاپەڕین.

# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی منداڵاندا

ڕۆستەم خامۆش - هەولێر

**پێشەکی:**

بەو پێیەی ڕاگەیاندن (میدیا) دەسەڵاتی چوارەمە، کەواتە ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن زۆر گرنگ و پڕ بایەخن، چونکە هەر بابەتێک بچێتە نێو میدیا، بێگومان بە هەر سێ جۆرەکەی: (خوێنراو، بینراو، بیستراو)، و لەگەڵ سۆشیالمیدیا، کە ئێستا ئەویش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە و گەیاندن تێیدا زۆر ئاسان و خێرایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو بابەتە زیاتر دەناسرێ و دەنگدانەوەی دەبێ، کەواتە هەر شتێک میدیا باسی کرد، سنوورەکان دەبڕێ و زیاتر بڵاو دەبێتەوە و دەگاتە هەموو شوێنێکی سەر زەوی.

قسەی ئێمە لەبارەی (ڕۆڵی ڕاگەیاندن، لە ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی منداڵان)ـە، کە میدیا بە هەموو جۆرەکانیەوە کەمتر قسەی لەسەر کردووە و وەک پێویست باسی نەکردووە و ئاوڕی لێنەداوەتەوە، کە دەبوو زۆر زیاتر گرنگی پێ دابایە. بۆیە کە دەڵێین ئەدەبیاتی منداڵان گەشەی نەکردووە و ئەوەندە بەرەو پێش نەچووە، یەکێ لە هۆکارەکان ئەوەیە کە ڕاگەیاندن کەمتەرخەم بووە لە گەیاندن و بڵاو کردنەوەی ئەدەبی منداڵان، کە دەڵێین

ئەدەبی منداڵان، واتە: سەرچاوەی ڕۆشنبیریی و هۆشیاریی و پەروەردەیە بۆ منداڵان، ئەدەبی منداڵان لە ڕێی دەقە جوان و باشەکانەوە، دەرخستنی جوانبینینی ژیان و چێژوەرگرتنە، کەواتە میدیا گرنگی بەو هەموو باشیی و جوانییە نەداوە کە لە ئەدەبی منداڵاندا هەن، بۆیە هەر چەندە گرنگی پێبدرێ، هێشتا هەر کەمە، بەڵام بەداخەوە کە(میدیا)وەک پێویست گرنگی پێنەداوە و بە زۆر شتی دیکەوە سەرقاڵ بووە، کە زیانی هەبووە بۆ کۆمەڵگە بە گشتیی و بە تایبەتی بۆ توێژی منداڵان.

**سەرچاوەکانی بڵاو کردنەوەی ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی منداڵان.**

**بەشی یەکەم: بە زمانی منداڵان**

**یەکەم: کتێب و نامیلکەی منداڵان**

کتێب، باشترین سەرچاوەی ڕۆشنبیریی و گەیاندنی پەیامی پڕ لە زانست و زانیاری و ئەدەب و هونەرە بۆ منداڵان، دەتوانین بڵێین لە چەند ساڵی ڕابردوو، تا ڕادەیەک گرنگی پێدرا و چەند کتێب و نامیلکەی تایبەت بە منداڵان چاپ و بڵاو کرانەوە، کە بێگومان زۆربەیان سوودیان هەبوو بۆ منداڵان، ڕەنگە بەشێکیشیان شایانی ڕەخنە لێگرتن بوو بن، چونکە نووسەرەکانیان نەیانتوانیوە بە زمانی منداڵ بنووسن، بەڵام لەئێستادا کتێبی تایبەت بە منداڵان وەک

پێویسـت نـابینرێن لە نێـو کتێبخانەکـان، بـۆیە منـداڵان لەو جـۆرە کتێـب و نامیلکـانە بێبەشـن، کە هەم چێـژی لێـدەبینن، هەم سـەرچاوەن بـۆ پەروەردە و ڕۆشـنبیری، بەڵام ئەگەر لایەنـی پەیوەندیـدار و ناوەنـدەکانی چـاپ و بـڵاو کـردنەوە، گرنگـی بە کتێبـی منـداڵان بـدەن، ئەوا منـداڵانیش بەردەوام دەبـن لە خوێنـدنەوە و لە داهـاتووش دەبـن بە خـوێنەرێکی زۆر باش و هۆشیار و بە ئاگا، ڕەنگە زۆرێکیان ببنە خـاوەن قەڵەمی جوان و سوودبەخش.

### دووەم: ڕۆژنامە و گۆڤاری منداڵان

یەکێـک لەو چەمکـانەی پەیوەنـدیی ڕاسـتەو ڕاسـت و بەردەوامـی بە ئەدەبـی منـداڵانەوە هەیە، ڕۆژنـامەگەریی منـداڵانە، یـا ئەو بەش و لاپەڕانەیە کە لە سـەرەتای پەیـدابوونی ڕۆژنـامەگەریی کـوردییەوە تـایبەت بە بەرهەم و بابەتی منداڵانە تەرخان کراون.

لەبـارەی مێـژووی دەرچـوونی گۆڤـاری منـداڵان، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن و دەڵێن: بۆ یەکەمین جار لە جیهاندا، لە سەدەی هەژدەهەمیندا، لە وڵاتـی (فەڕەنسا) لە دایکبوو.. یەکەمین گۆڤاری منداڵان، لە نێوان سـاڵانی (١٧٤٧-١٧٩١)دا، لە (فەرەنسـا)دا بە نـاوی (هـاوڕێی منداڵان)ـەوە دەرچـوو.. بەڕێـوەبەری ئەم گۆڤـارە، نووسـەرێکی

ئەدەبدۆستی منداڵان بوو، ناوی خۆی ئاشکرا نەکرد، بە ناوی خوازراوی (هاوڕێی منداڵان)ـەوە گۆڤارەکەی دەرکرد، کە بە زمانێکی ئاسان و شیرین و بە شێوازێکی ناسک و ڕەوان بابەتەکانی دادەڕشتن. ((لە ئێستادا ژمارەی ئەو گۆڤارە بابەت گشتییانەی، کە لە هەموو جیهاندا بۆ منداڵان دەردەچن، زیاتر لە (٥٥٠٠) گۆڤاری لۆکاڵیی و جیهانین، تەنها لە فەڕەنسادا، مانگانە (١٠٥) گۆڤاری گشتی بۆ منداڵان دەردەکرێن و بە هەزاران ژمارەیان لێ بڵاو دەکەنەوە)).

هەروەها، ((ژمارەی ئەو گۆڤارە مانگانانەی کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بۆ منداڵان دەردەچن، نزیکەی (٤٥٠) گۆڤاری مانگانەن، لە ئینگلتەراشدا، زیاتر لە (١٠٩) گۆڤار بۆ منداڵان دەردەچن)).

وەک دەبینین لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە (کوردستان)ی دایکە و یەکەم ژمارەی لە قاهیرەی پایتەختی میسر لە (٢٢)ی نیسانی (١٨٩٨)دەرچووە، ئەگەر بەش و لاپەڕەی تایبەتیش نەبووبێ تایبەت بە بەرهەم و بابەتی منداڵانە، ئەوا ناڕاستەوخۆ ئەو بەشەی فەرامۆش نەکراوە)).

هەرچەندە وەک پێویست ڕۆژنامەی تایبەت بە منداڵانمان نەبووە بە زمانی کوردی، وەلێ ئەوەی کە ئێستا زانراوە، (ئاسۆی منداڵ)، هەفتەنامەیەکی تایبەت بە منداڵان بووە و (٣٩) ژمارەی لێدەرچووە، ئەو هەفتەنامەیە پاشکۆی

ڕۆژنــامەی (ئاســۆ)بووە، کە یەکەم ژمــارەی لە ڕێکەوتــی ٦/١/٢٠١١ لە شـاری سـلێمانی بڵاوکـراوەتەوە، دواتـر لەگەڵ داخستنی ڕۆژنامەی (ئاسۆ)، هەفتەنامەی (ئاسۆی منداڵ)یش لە ڕێکەوتی ٢٠/١١/٢٠١١، ڕاگیرا. بەڵام هەر لە سـەرەتاوە و تـا هەنـوکە زۆربەی ڕۆژنـامە کوردییەکـان لاپەڕەیەک، یـان چەند لاپەڕەیەکیان بۆ منداڵان تەرخان کـردووە، کە شـیعر و چیرۆک و وێنە و کاری دەستی منداڵانیان بڵاو کردووەتەوە.

((ڕۆژنامەنووســیی منــداڵان بە پــلەی یەکەم پشـــت بە هەســتی بینــین دەبەســتێ و ئەوەی بە چــاو دەیبینــێ زۆر کاریگەریی زیاترە لەوەی دەیخوێنێتەوە)).

هەروەها ((ڕۆژنامەنووسیی منداڵان زمانی منداڵ بە وشـە و زاراوە دەوڵەمەنـد دەکـات و زمـان پـاراوی دەکـات، کە ئەمەش شێوازێکی کۆمەڵایەتییە و زمانیان بەهێز دەکات)).

((لەساڵی "١٩٤٦" لە کاتی دامەزراندنی یەکەمین کۆماری کوردستان لە "مەهاباد"، کارگەرانی چاپخانەی کوردستان لە پــاڵ کۆمەڵێــک گۆڤــار و ڕۆژنــامەی سیاســی و ئەدەبــی هەمەجۆر، بۆ یەکەمجار گۆڤارێکی تـایبەت بە منداڵانیشـیان بەناوی (گڕوگاڵی منداڵانی کورد)دەرکرد، مخابن ئەو گۆڤارە تەنهــا (ســێ) ژمــارەی لێــدەرچوو، دواتــر بە هــۆی لە دەســتچوونی کۆمــار، ئەویــش وەک زۆربەی پــڕۆژە نەتەوەییەکانی تری سێبەری کۆمار لەدەستچوو)).

دواتـــــــــر ((گۆڤـــــــاری (ڕۆژی کوردســــــــتان) کە سەرنووســەرەکەی (ســاڵح یوسـفی)بوو، لەگەڵ نووســەرانی شـاری سـلێمانی، لە مایسـی (١٩٧٢)یەکەم ژمـارەی گۆڤـاری (ئەستێرە)ی وەکو پاشکۆیەک دەرکرد، واتە: دوای (٢٦)ساڵ لە دەرچــوونی گۆڤــاری (گڕوگــاڵی منــداڵانی کــورد) لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، لە مەهابـاد، گۆڤـاری (ئەسـتێرە)لە باشـووری کوردسـتان، لە سـاڵی (١٩٧٢)، کە ئەویـش تەنهـا (٣)ژمارەی لێدەرچوو)).

لە دوای ڕاپەڕیـــنەکەی ســـاڵی (١٩٩١) لە باشـــووری کوردسـتان، زیـاتر دەرفەت ڕەخسـا بۆ دەرچـوونی چەنـدین گۆڤـاری هەمەجـۆر، لەوانەش هەنـدێ گۆڤـاری تـایبەت بە منــداڵان لە دایــک بــوون، کە ئەو گۆڤــارانە بــوونە هــۆی دڵخۆشـکردن و سـوودگەیاندن بە منداڵان، و لە چەند سـاڵی ڕابــردووش کۆمەڵێـک گۆڤـاری جـوان و سـوود بەخشــی منداڵان لە هەرێمـی کوردسـتان چاپ و بـڵاو دەکـرانەوە، کە کاریگەریەکی باشیان هەبوو بۆ بەرەو پێش بردنـی ئەدەب و ڕۆشـــنبیریی منـــداڵان، بەڵام بەداخەوە ئێســـتا زۆربەیـــان دەرناچن، جگە لە چەند گۆڤارێک نەبێ، ئەوانیش کە نـاگەنە پەنجەکــانی دەســت، جــێگەی دەستخۆشـــی و پێــزانینە کە دڵسـۆزانێک هەن هێشـتا خەمخـۆری ئەو بـوارەن و تـا ئێسـتا بەردەوامییـان پێـداوە و منـداڵانیش چاویـان پـێ ڕۆشــن

دەبێــتەوە، لە ئەنجــامی ڕاگیــران و دەرنەچــوونی چەنــدین گۆڤـاری تـایبەت بە منـداڵان، ئەوا ڕەوتـی ڕۆژنـامەگەریی و ئەدەبی منداڵانی کورد زیانی بەرکەوتووە.

**سێیەم: ڕادیۆ**

دیارە ڕادیۆ تا ئێستاش بایی خۆی گوێگری هەر ماوە و ڕۆڵ دەبینـێ لە گەیانـدن، جـا زۆربەی ڕادیۆکـان بەرنـامەی تایبەت بە منداڵانیان هەبووە و هەندێ لە ڕادیۆکان ئێستاش بەرنـامەی تـایبەت بە منـداڵانیان هەیە و پێشـکەش دەکـرێ، بەشـێک لە بەرنامەکـان لەلایەن گەورەسـاڵانەوە پێشـکەش دەکرێن و بە زمانی منداڵ قسە و گفتوگۆ دەکەن، هەندێکیش منداڵان خۆیان بەرنامە پێشکەش دەکەن و کۆمەڵێک زانیاری و بـــابەتی هەمەڕەنـــگ و شـــیعر و چیرۆکـــی منـــداڵان دەخـوێننەوە، منـداڵانیش گـوێ لە بەرنـامەکە دەگـرن و زۆر جاریش پەیوەندی دەکەن و بەشـداری لە برگە و بابەتەکان دەکەن، جـا ئەوەش متمـــانە و بـــاوەڕ بەخۆبـــوون لای ئەو منـداڵانە دروسـت دەبـێ، و زانیـاری و ڕۆشـنبیرییان زیـاتر دەبێ و شێوازی ئاخاوتن و گفتوگۆیان جوانتر دەبێ لە چاو ئەو منداڵانەی کە گرنگی بەو جۆرە بەرنامانە نادەن.

**چوارەم: تەلەفزیۆن**

هەر چەندە ئێستا کەناڵی ئاسمانیی و ناوخۆیی تایبەت بە منداڵان هەن، بەڵام زۆربەمان ئەوە دەزانین و هاوڕاین، کە بەرنامەی تایبەت بە منداڵان لە تەلەفزیۆن، لە ساڵانی ڕابردوو پڕ چێژتر و خۆشتر بوو، بەڵام ئێستا هەست دەکرێ کە بەو شێوەیە نییە، کە ئامانجی ڕۆشنبیریی و پەیامی پەروەردەیی هەڵگرتبێ. لە کتێبی (ئەدەب و هونەری منداڵان) دیمانە و ئامادەکردنی: د. هاوژین سڵیوە و ڕۆستەم خامۆش، دیمانەمان لەگەڵ بەڕێزێک ساز کردووە و دەڵێ: (من جارێک ویستم بەرنامەی منداڵان لە کەناڵێک پێشکەش بکەم، بەڕێوەبەری کەناڵەکە، وتی: ((زۆر باشە وەرە لامان (٣٠) خولەکەت پێ پڕ دەکەینەوە)). واتە: بەڕێوەبەری کەناڵەکە، بەرنامەی منداڵانیان لا گرنگ نەبووە و تەنها بۆ ئەوە بووە کە بڵێن بەرنامەی منداڵانیان هەیە. بۆیە وا چاکە ئەوانەی بەرنامەی منداڵان ئامادە و پێشکەش دەکەن، شارەزا و زمانپاراو بن، لەبارەی ئەدەب و هونەر و پەروەردە و دەروونزانی منداڵان زانیارییان هەبێ و بە ئاسانی و بە زمانێکی سادە بیگەیەنن بە منداڵان.

## سەرچاوەکانی گەیاندن و خزمەتکردن بە ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی منداڵان
## بەشی دووەم: بە زمانی گەورەساڵان

### یەکەم: کتێب

باشترین و جوانترین شت لەسەر زەوی، کتێبە، بەڵێ کتێبە ڕۆشەنکەرەوەی ژیان و چالاککردنی مێشکی مرۆڤ، بەڵام ئێمە دەمانەوێ باس لە گرنگی و پێویست بوونی کتێب لەبارەی ئەدەبیاتی منداڵان بکەین، جا ئەگەر بتەوێ هەموو کتێبخانەکانی کوردستان بگەڕێی، بۆ دەستکەوتنی کتێب لەبارەی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد، بە هەموو بەشەکانیەوە، ڕەنگە چەند کتێبێک هەبن لەو بارەیەوە، بەڵام ئەوانیش وەک پێویست بەر دەست نین، بۆیە بە دڵنیاییەوە بە دەستی خاڵیی دەگەڕێیتەوە، چونکە تا ئێستا چەند کتێبێکی کەم لەو بارەوە چاپکراون و کەمتر ئاوڕ لەو ئەدەبە پێویست و ناسک و جوانەی منداڵان دراوەتەوە. بۆیە لەگەڵ هاوڕێی بەڕێزم د. هاوژین سلێوە درکمان بەوە کرد و بە پێویستمان زانی کە هەوڵی خۆمان بدەین بۆ کارێک کە لە پێش ئێمە نەکرا بێ لەبارەی ئەدەب و هونەری منداڵان، دوای چەند ساڵ هەوڵ و ماندوو بوون، توانیمان کتێبی(ئەدەب و هونەری منداڵان)بە قەبارەی گەورە و (٥٥٢) لاپەڕە ئامادە بکەین و لە ساڵی (٢٠٢٢) چاپی بکەین. زۆرێک لەو

بەڕێـــزانەی بینیویـــانە، یـــان دەســـتیان کەوتـــووە و خوێنـــدویانەتەوە، پێیـــان وایە کتێبـــێکە، دەکـــرێ وەک ســـەرچاوەیەکی بـــاش بـــۆ تێگەیشـــتن و ناســـینی ئەدەب و هونەری منداڵان، لێی بڕوانرێ و کەڵکی لێ وەربگیرێ.

**دووەم: گۆڤار**

چەند ساڵ پێش ئێستا، کۆمەڵێک گۆڤار هەبوون کە لە هەموو بوارەکاندا خزمەتێکی باشیان پێشکەش کردووە، بە تایبەتی لە بواری ئەدەب و هونەر و ڕووناکبیریی، ئێستاش هەندێ لەو گۆڤارانە هەر بەردەوامن، لەگەڵ ئەوانیش چەند گۆڤارێکی دیکە لە دایکبوون، بەڵام ئەگەر بتەوێ لاپەڕەی هەموو گۆڤارەکانی پێشتر و ئەوانەی ئێستاش کە دەردەچن، هەڵبدەیتەوە، ئەوا بۆت دەردەکەوێ، کەمتر ئاوڕ لە ئەدەبی منـداڵان دراوەتەوە، بەڵام ســەرەڕای کەمتەرخەمــی، وەلــێ هەندێ وتار و توێژینەوە و چاوپێکەوتن دەبینرێن لە بارەی ئەدەبیاتی منداڵان، کە بێگومان ئەوەش باشە و دەکرێ زیاتر و زۆرتر لای لێبکرێتەوە، کە من بە پێی توانای خۆم کارم لەســەر زەقکــردنەوە و بە گرنــگ زانینــی ئەدەبــی منــداڵان کردووە و لە چەند گۆڤارێک بڵاوم کردوونەتەوە، بەڵام وا چاکە و پێویستە کە گۆڤاری تایبەت بە وتار و توێژینەوە و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە هەبوایە لە بارەی ئەدەبیاتی منداڵان.

**سێیەم: ڕۆژنامە**

ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمە، یان ئەو کەسانەی کە حەزی ئەوەیان هەبێ لە بارەی ئەدەبی منداڵان، بابەتێک بخوێننەوە، یان وەک سەرچاوە و سوود لێبینین بە دوایدا بگەڕێن لەلاپەڕەی ڕۆژنامەکان، ئەوا بێشک دوای ماندوو بوونێکی زۆر، بایی ئەوەندەت دەستناکەوێ، چونکە زۆرینەی ڕۆژنامەکان سیاسەتی کارکردنی خۆیانیان هەیە، یان بە هەندێ بابەتی دیکەوە سەرقاڵن، کە ڕەنگە وەک پێویست نەخوێندرێتەوە و لە ئێستادا خوێنەر خۆی بەو جۆرە نووسینانە ماندوو نەکات. خۆم دیمانەم لەبارەی ئەدەبی منداڵان ئامادە کردووە و ناردوومە بۆ ڕۆژنامەکان، زۆربەی ڕۆژنامەکان ئەو بابەتەیان پێباش بووە و لایان گرنگ بووە و دواتر بڵاویان کردووەتەوە، بەڵام ڕۆژنامە هەبووە وەڵامیان نەداوینەتەوە و دیمانەکەیان بڵاو نەکردووەتەوە، چونکە لە گرنگی ئەدەبی منداڵان نەگەیشتوون.

**چوارەم: ماڵپەڕ**

لە ئێستادا لەڕێی ئینتەرنێتەوە، بە هۆی خێرا گەیاندن و زوو بڵاو کردنەوەی بابەت، ماڵپەڕەکان خوێنەر و بینەری زۆریان هەیە و بابەتی هەمەجۆر پەخش دەکەن، زیاتر

مەبەســـــتمان ئەو مـــــاڵپەڕانەیە کە بە زمـــــانی کـــــوردیی بابەتەکانیـــان بـــڵاو دەکەنەوە، زۆربەیـــان ڕۆژانە هەواڵ و ڕاپۆرت و بابەتی نوێ بە شێوەیەکی گشتیی بڵاو دەکەنەوە، کە گرنگی بە زۆر بابەت دەدەن، دەکرێ هەندێ بابەت وەک ســـەرچاوە کەڵکـــی لێـــوەر بگیـــرێ، ســـەرەڕای باشـــیی و سوودبەخشـــی هەنـدێ لە بابەتەکـان، زۆر بـابەتیش هەن و دەبینــرێن، کە بێســـوودن، بەڵام دەبـــێ بڵێـــین بەداخەوە کە ماڵپەڕەکانیش وەک پێویست بابەت لەسەر ئەدەبی منداڵان بڵاو ناکەنەوە، وەلێ دوای گەڕان و خۆ ماندوو کردن لە نێو ماڵپەڕەکـان، هەنـدێ وتـار و دیمـانە و دیـد و بۆچـوون لەو بـــارەوە دەکەونە بەرچـــاو، بەڵام لە ئاســـت داخـــوازیی نووسەرانی ئەو بوارەدا نییە.

### پێنجەم: سۆشیالمیدیا

سۆشـــیالمیدیا، یـــان (تۆڕەکۆمەڵایەتییەکـــان) لە ئێســـتادا بەکارهێنەرانیـــان گەیشـــتوون، بە(ملیـــۆن، یـــان ملیـــار)کەس، ئەوەش بەڕاستی کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە بۆ گەیاندن، چـونکە ڕێـگەو شـێوازی بـڵاو کـردنەوە لە سۆشـیالمیدیا بەو جـۆرەن: (نووسـین، وێـنە، دەنـگ، ڤیـدیۆ). کەواتە لە ڕێـگەی مۆبـــــــــــایلێکی زیـــــــــــــرەکەوە، وەک ئەوە وایە کە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکـان (ڕۆژنـامە بخـوێنیەوە و گـوێ لەڕادیـۆ

بگـری و سـەیری تەلەفزیـۆن بکەیـت). کەواتە سۆشـیالمیدیا هەمـوو شـتێکی تێـدایە و بە گـوێرەی ئاسـتی تێگەیشـتن و ڕۆشنبیریی بە کارهێنەرانیان تێکەڵەیەکە لە: (چاک و خراپ)، چونکە هەموو جۆرە تەمەنێک و بیر و باوەڕ و... هتد، تێدا کۆبووەتەوە.

لە چاو زۆریی بە کارهێنەرانی سۆشـیالمیدیا، کەمتر قسـە و باسی لە بارەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی منداڵان تێدایە، بەڵام دەبـێ ئەو ڕاسـتییەش بڵێـین، کە کەسـانێکی دڵسـۆز هەن گرنگـی بە ئەدەب و ڕۆشـنبیریی منـداڵان دەدەن و چالاکـانە کـار دەکەن، خـۆم یەکـێکم لەوانەی کە زۆربەی نووسـین و شـیعر و بـابەتە ئەدەبییەکـانم تـایبەت بە منـداڵان بـڵاو دەکەمەوە، کە هەم بە زمـانی منـداڵانن، و هەم بە زمـانی گەورەساڵان.

**ئەنجام:**

لە کۆتاییدا بۆمان دەرکەوت کە (میدیا)بە هەموو جۆر و بەشەکانیەوە، هەر لە سەرەتاوە پشکی منداڵانی تێدا بووە و ئـاوڕی لێـداوەتەوە، بەڵام کەمتەرخەمـیش بـووە لە قسـە و گفتوگـۆی جـددی و زەقکـردنەوە و گەیانـدن و بـڵاو کردنەوەی(ئەدەب و ڕۆشنبیریی منداڵان)، و کەمتر لە خەمی ئەو بـوارەدا بـووە، بەڵـێ وەک پێویسـت ئـاوڕ لە ئەدەب و

ڕۆشـــنبیریی منـــداڵان نەدراوەتەوە، هەر چەنـــدە هەنـــدێ لە دەرگەکـــان واڵا کـــراون بـــۆ ئەو مەبەســـتە، بەڵام شـــارەزا و خەمخـــۆر و دڵســـۆزان وەک پێویســـت لە مەیـــدانی ئەدەب و ڕۆشنبیریی منداڵان نابینرێن، ئەو کەسانەی کە توێژەر، یان شاعیر و نووسەرن لە بواری ئەدەبی منداڵان، وەک پێویست لە ڕاگەیانـدنەکان دەرنـاکەون، یـان خۆیـان نایـانەوێ لەوێ خزمەت بکەن، بۆیە زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش بایەخ بەو بوارە نادەن.

پێویســـتە ڕۆڵ و کـــاریگەریی هەنـــدێ ڕۆژنـــامە و گۆڤـــار لەبەر چـاو بگیـرێن، کە هەمیشـە دەرگەیـان واڵا کـردووە بـۆ گرنگیـــــدان بە(ئەدەب و ڕۆشـــــنبیریی منـــــداڵان)و بـــــڵاو کردنەوەیان لە زۆربەی ژمارەکانیان.

خاڵێکی دیکەش هەیە کە پێویستە بزانـرێ، ئێمە (خەریکی دیمـانە و ئامـادەکردنی کتێبـی (ئەدەب و هـونەری منـداڵان) بووین، لەدەرگەی زۆر کەسماندا لە شـاعیران و نووسـەرانی بـواری ئەدەبـی منـداڵان، بـۆ ئەوەی دیمانەیـان لەگەڵ سـاز بکەین و سەرەتا لە ڕۆژنامە، یان لە گۆڤار بڵاوی بکەینەوە، مەبەسـت و نیازیشـمان تەنهـا ئەوە بـوو کە ئـاوڕ لە قەڵەمـی ئەو نووسـەرانە بدەینەوە و خزمەتێک بە ئەدەبیاتی منـداڵان بکەیـــن، خۆشـــبەختانە زۆرێـــک ئامادەییـــان دەربـــڕی و دیمانەمان لەگەڵ کردن و ناویـان چـووە نێو کتێبی(ئەدەب و

هـونەری منـداڵان)، بەڵام هەنـدێکیان بەهەر هۆکارێـک بـێ، دەسـتباریان لەگەڵ نەگـرتین و نەبـوونە هاوکارمـان بـۆ خزمەتـی ئەدەبیـاتی منـداڵان. کەواتە ئەگەر لەلایەک میـدیا و لایەنی پەیوەندیدار بە کەمتەرخەم بزانین، بێگومـان بەشـێک لە نووسەرانیش ئەو کەمتەرخەم یەیان بەردەکەوێ، بۆیە بۆ پێشخسـتن و گەشەسـەندنی زیـاتری ئەدەبیـاتی منـداڵانی کـورد، پێویسـتە هەمووومـان بە گیـانی پـڕ لە هیـوا و خۆشەویستی و بە هزر و هەستی هاوکاری و تەبایی کاری بۆ بکەین و بیگەیەنین بە لوتکە.

**سەرچاوە:**


١- د. هـاوژین سـلێوە و ڕۆسـتەم خـامۆش، (ئەدەب و هـونەری منداڵان) دیمانە و ئامادەکردن،ساڵی چاپ، ٢٠٢٢.

٢- د. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، ڕۆژنامەگەریی منداڵان بە زمـانی کوردی، ساڵی چاپ، ٢٠٠٤.

٣- د. هیمـدادی حوسـێن، گۆڤـاری گڕوگـاڵی منـداڵانی کـورد و سەرەتای ڕۆژنامەنووسیی پەروەردەیی، ساڵی چاپ، ٢٠٠٢.

٤- زیاد ڕەشاد قادر، شیعری منداڵان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەر، دەستنووس.

٥- ڕەزا شوان، ڕاگەیاندنی منداڵان، بەشی یەکەم، ئینتەرنێت.

٦- پەیجی ئەدەبیاتی منداڵان لە فەیسبووک.

**ڕۆستەم خامۆش:**



شـــاعیر و نووســـــەری بـــواری ئەدەبیاتی منداڵان.

لە ساڵی (١٩٨٠) لە گوندی (کانی کـوردە)ی سـەر بە ناحیـەی ئاشـتی، قەزای کـۆیە، پارێزگـای هەولێـر، لە دایکبووە.

لە ســـــاڵی (١٩٩٦)وە شـــــیعر دەنووسێ، لە ساڵی (٢٠٠٠)وە شیعر بۆ منداڵان دەنووسێ.

- تا ئێستا (٧)کتێبی چاپکردووە، کە بریتین لە:

١- داری هیوا، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠١٧، هەولێر.

٢- گوڵی ئاوات، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠١٩، هەولێر.

٣- ژیـنگەی کوردسـتان، شـیعر بـۆ منـداڵان، کـۆکردنەوە و ئامادەکردن، ساڵی ٢٠٢٠، هەولێر.

٤- دۆسـتی ژینگـەم، هـۆنراوەی ژینگەیـی بـۆ منـداڵان، چـاپی یەکەم ساڵی ٢٠٢١، چاپی دووەم ساڵی ٢٠٢٢ سلێمانی.

٥- باخی ئومێد، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠٢١، سلێمانی.

٦- هاوڕێی پێنووس، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠٢١، هەولێر.

٧- ئەدەب و هونەری منداڵان، چاوپێکەوتن لەبارەی ئەدەب و هـونەری منـداڵان، بە هاوبەشـی لەگەڵ د. هـاوژین سـلێوە، سـاڵی ٢٠٢٢، کۆیە.

# چۆن منداڵ هۆگری خوێندنەوە بکەین؟

**فەوزیە مەنمی/ سلێمانی**

بەر لە دەستپێک، دەمەوێت وەک نمونەیەکی زیندوو لە ئەزموونی (١٠) ساڵ کارکردن لەنێو هۆڵی چالاکی منداڵان لە پەراوخانەی گشتی سلێمانییەوە دەستپێبکەم، ١٠ ساڵ لە گوتنەوەی خولی پێشبڕکێی خوێندنەوە لەگەڵ منداڵانی ژیکەڵە و ڕووخۆش، نیگەران و خەمین، تەریک و گۆشەگیر، لاسار و شەڕەنگێز، ئیدی هەر هێندەم زەحمەتبوو، کە لە ڕێی گێڕانەوەی چیرۆک و ڕێنوێنییەکانەوە بە چۆنێتی ڕێگاکانی خوێندنەوەم ئاشنا بکردنایە، ئیتر ئەوان دەبوونە هاوڕێ لەگەڵ پەرتووک و گۆڤار و نامیلکە و سەیر دەگۆڕان. دەگۆڕان بە منداڵ گەلی خاوەن ئەندێشە و پرسیار و بیرکەرەوە و گوتار، خەمینی دەگۆڕی بە بە کراوە و لاتەریکی دەکردە خاوەن هاوڕێ و شەڕەنگێزی دەکردە منداڵێکی مەند و سالار. ئیتر ئەزمونی ئەو ڕۆژانە هۆکارێک بوون بۆ نووسینی ئەم مژارە. پرۆسەی خوێندنەوە بریتیە لە هاوڕێیەتی گرتنی خوێنەرو پەرتووک کە پەیام و ناوەرۆکەکەی وەک لاستیکی خەت کوژێنەوە

لێکدا لێکداو یەکبینە هەڵەو ناشیرینیەکانی ناخ دەسڕێتەوەو لە بەرامبەر ئاستی هوشیاری و ئاگایی بەرز دەکاتەوە.

یەکێک لەو گرفتانەی لە نێو واقیعی ڕۆشنبیری ئەمڕۆی کوردستاندا، نمانای قەیران باسی لێوە دەکرێت خوێندنەوەیە، ئەگەر لە ئێستادا موئەنگێوی لەم دۆزە بڕوانین، ئەوا بە بەراورد بە ساڵانی ٩٠ و ٢٠٠٠ هەنگاوی باشی بە خۆوە بینیوە. ئەمەش دوای ئەو هەموو هەوڵو کۆششانەی لەلایەن نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکان بە بینرا و بیسرا و نووسراوەوە درا، سەرباری پەیدابوونی چەندین ناوەندی ڕۆشنبیری کە بۆ برەودان بە خوێندنەوە تێکۆشاون، بەڵام تەکنەلۆجیا و شاشە ئەلکترۆنییەکان ڕیسەکەمان لێدەکەنەوە بە خوری و چاو و گوێیان لە نەوەی نوێ داگیر کردووە. خوێنەری لە نێوان پەرتووک و پەرتووکخانە و شاشەدا دابەشکردووە. ئەم دۆخە بە زەقیی لە پێشانگەی پەرتووک و چۆڵی هۆڵەکانی پەرتووکخانە و کەمی خواستی پەرتووک و ئاستی ڕۆشنبیری دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگەکاندا بەرچاو دەکەوێ. ئاشقانی پەرتووک بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەنێو کۆڕ و یانە ڕۆشنبیریەکاندا پاشەکشەیان کردووە. ئیدی یەکێک لەو هۆکارانەی کە پشکی گەورەی ئەم دیاردەی بەردەکەوێ میدیای بینراوە، بەهۆی ئەو بۆشاییە گەورەی میدیاوە، کە نەیتوانیوە لە ڕێی بەرنامەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و

خێــزانییەوە خــزمەت بە خەڵــک بکــات. قەیرانــی ئــابوورییش لەولاوە بوەستێت کە دنیـایەک ئاریشــە لەگەڵ خۆیـدا دەهێنێت و ئــاوەز و هــۆش بە هــیلاک دەبــات. بێگومــان بەدوای ئەم دۆخە نەوەیەکی نائاشـنا بە دنیـای پەرتـووک پەروەردە دەبـێ. هاوکـات لەنێـو ئەو هەمـوو ئاسـتەنگە هەمە جـۆرانەدا، چـاپی پەرتووک و سەرچاوە بە شێوەیەکی بەرفراوان چاپ دەکرێت و پەرتووکەکــان لە ڕووی چەنــدیی و چــۆنییەوە گرنگییــان پێـدەدرێت. ئیـدی دەبێـت بڵێـین کە پەروەردەی نـوێ گەشــەی بیـر و هۆشـی دەوێ، بێگومـان ئەمەش بە هاوسـەنگ ڕاگرتنـی هاوکێشــەی پەروەردەی پەروەردە و پەروەردەی خێـزان دێـتە بەرهەم. مخـابن ئەمـڕۆ لەکـۆمەڵی ئـێمەدا داییـاب سـەرباری مانـدوویی و بـاری نالەبـاری بژێـوی ژیـان،ئەرکێکی قـورس و بەرچاویـان کەوتـۆتە سەرشــان. ئەگەر ئەم بـابەتە لەلایەکەوە هەسـتکردنبێت بە بەرپرسـیارێتی و نیگەرانـی ئەوان سـەبارەت بە ئایندەی جگەرگۆشـەکانیان هاوکات بەشێکیشـە لەو ئەرکەی سیسـتمی پەروەردەی وڵات خسـتویانەتە سـەر شـانی ئەوان. ئەگەرچی زۆربەیان خاوەنی زانست و زانیاری پێویست نین بەرامــبەر بەم بەرپرســیارێتییە، لێــرەدا هۆکــاری ئەم دۆخە دەگێڕینەوە بۆ:

١. پەروەردەی پەروەردە

٢. پەروەردەی خێزانیی

**١. پەروەردەی خێزانیی**

گرنگترین خاڵێ بۆ شیرین کردن و خۆشەویستکردنی خوێندنەوە، کە دەبێت جەختی لەسەر بکەینەوە. ئەوا گەڕانەوەیە بۆ پەروەردە کردنی منداڵ و قۆناغەکانی تەمەنی لەناو خێزاندا. کاتێک دایباب بە کاریگەرترین کەس دابنرێن لەسەر دارشتنی کەسایەتی منداڵ، ئەوا کۆمەڵێک ئەرک دەکەوێتە سەر شانی ئەوان:

١. دایک و باوک ئەگەر ئامانجیان پەروەردە کردنی منداڵێکی بە ئاگاو ڕۆشنبیربێت، دەبێت لە خۆیانەوە دەست پێبکەن. لەبەر چاوی منداڵ بخوێننەوە، ڕۆژانە بڵاوکراوە و گۆڤارەکان بهێننەوە ماڵ و کاتێکی زۆر بۆ خوێندنەوە تەرخان بکەن و تێگەیاندنی منداڵ لە ڕاگرتنی بارودۆخی کاتی خوێندنەوە.

٢. گرنگیدان بە پەرتووک و پەرتووکخانە لە ماڵدا.

٣. هاندانی منداڵ لە دابەشکردنی کات بۆ تەلەفزیۆن و ئامادەکردنی وانەکانی خوێندنگە و خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و پەرتووک.

٤. کڕینی نامیلکە و گۆڤار و پەرتووکی منداڵان بۆ منداڵ، وەک پاداشت و دیاری ڕۆژی لەدایکبوونی. چونکە گەر منداڵ لە منداڵییەوە بووە خاوەن پەرتووکخانەیەکی

خنجـیلانەی خـۆی، بەهـا و نرخـی خوێنـدنەوەی لەلا زۆر خۆشەویستر دەبێت.

٥. دایـک کەبە یەکێـک لە کەسـە هەرەنزیکەکـانی منـداڵ دادەنرێت، کاریگەری تایبەتی لەسەر منداڵ هەیە، لەبەر ئەمە دەبێت لە چێشتخانەکەیدا پەرتووکی دروستکردنی خواردنی هەبێت و بەدەنگی بەرز بیخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی زانیاریەکان لەگەڵ منداڵەکانیـدا دابەش بکـات، ئەو بـابەتەی کـاریگەری لەسـەری هەیە بیگێـڕێتەوە بـۆ منـداڵەکە. خـۆ ئەگەر بابەتێک هەڵبژێرێت کە کارەکتەر و پاڵەوانەکەی منداڵ بێت. ئەوا لای منداڵەکە زۆر پەسەندتر دەبێت.

هەروەهـا دەبێت دایک لە دانـانی پەرتـووک و ڕۆژنـامە و گۆڤاری پەیوەست بە منداڵان بێزار نەبێت و لەسـەر مێز و لەبەر دەسـتا دایبنێـت، تـا منـداڵ بە ئاسـانی دەسـتی بـداتێ، کاتێـک منـداڵ نەخۆشـە نـامیلکە و گۆڤـاری منـداڵانی لەلاوەدابنرێـت. بەرەچـاوکردنی پێویسـتیە دەرونییەکـانی و ئاگاداربوون لە هەستەکانی وەک ( شەرم و ترس، خەمۆکیی و تـووڕەیی، ئیرەیـی... هتـد) هەڵـبەتە هۆشـیاری لەمەڕ قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ بۆ دایک و باوک و مامەڵەکردن لەگەڵیـدا تایبەتمەنـدی خـۆی هەیە. لە هەڵبژاردنـی ئەو چیرۆکەی بۆ منداڵەکەی دەگێڕێتەوە. کـاتێ منداڵ حەزی بە ئامۆژگـاری ڕاسـتەوخۆ نیـیە، دایـک دەتوانێـت لەڕێـی

هەڵبژاردنی چیرۆکەوە چەندین کێشەی منداڵ چارەسەر بکات. هەروەها دانانی کاتی گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵ بەمەبەستی پاراوکردنی زمان و بنیاتنانی ڕۆشنبیری منداڵ، چونکە چیرۆک بەیەکێک لە هۆکارەکانی ڕۆشنبیر کردنی منداڵ دادەنرێت. بە پیادەکردنی ئەو چەمک و ڕێسایانەی کە پێویستن لە گێڕانەوەی ئەو بابەتەدا و سەرگەرمکردنی منداڵ جارێکی تر بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە لەلایەن منداڵ خۆیەوە، کە لەڕێی پرسیارلە ناوەڕۆک و پەیامەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

٦. بردنی منداڵ بۆ پێشانگای پەرتووک و ناساندنی پەرتووکخانەی گشتی و گۆڤارەکانی منداڵان و کڕینی کاسێتی گێڕانەوەی چیرۆک.

٧. گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی دایک و باوک وەک سەربوردەی چیرۆکێ، کە وا لە منداڵ دەکات وەک وەرگر و بەردەنگێکی بەسەرنج تێکەڵی باسەکەبێت.

٨. گرنگیدان بەخوێندنەوەی ئازاد لەمنداڵدا، واتا هەڵبژاردنی بابەتی خوێندنەوە بەحەزی خۆی بەمەبەستی چێژ وەرگرتن.

**١. پەروەردەی پەروەردە**

سیستمی پەروەردە و کاریگەری لەسەر خوێندنەوە: لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەوەی ڕەوتی شارستانیەتی بەرەو پێش بردووە، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەرتووک. مرۆڤ هەمیشە لەو گۆشەنیگایەوە لە پەرتووکی ڕوانیوە، کە پەرتووک سەرچاوەی ئەقڵە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ و پەرتووک و پەرتووکخانە پەیوەندییەکی پتەوو گرنگ بەیەکیانەوە دەبەستێت، ئیدی ئاستی پێشکەوتنی هەر نەتەوەیەک، پابەندە بە ڕادەی پتەویی و کاریگەری ئەو پەیوەندییە لەسەر تاکەکانی. مێژووی خوێندن و مێژووی پەروەردەش لەساتە وەختی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانەوە سەری هەڵداوە، کەواتە پێویستە پەروەردە لە قۆناغی سەرەتایی خوێنکارەوە تا زانکۆ هەمیشە لەناو کایەی بیرکردنەوەی خوێندکاردا بێت و بیری تازەکردنەوەی سیستمی پەروەردەش هەمیشەیی بێت. پەروەردەی پەروەردە کە لەلایەن حکومەتەوە پیادە دەکرێت، لەنێو باخچە و دایەنگە و خوێندنگەکاندا بەیەکی لە بەرپرسیاریەتییە گەورەکان دادەنرێت. ئەم بەرپرسیاریەتیەش لەم خاڵانەدا چڕ دەبێتەوە.

١. کردنەوەی پەرتووکخانە لەگەڕەکەکاندا و دانانی ئەمینداری بەتوانا بۆ دروستکردنی خوێنەر.

٢.کردنەوەی پێشەنگەی پەرتووکی منداڵان بەتایبەتی و بە نرخی هەرزان.

٣. هاوکــاریکردنی نووســـەری بـــواری منـــداڵان بـــۆ بەچاپگەیانـدنی بابەتەکـان و گرنگیـدان بە دەزگـای چـاپ و پەخشی منداڵان لە ڕووی کوالیتیەوە.

٤. گرنگیدان بە پەرتووکخانەی خوێندنگەکان و نەهێشـتنی ئەو ئاســـــتەنگییەی کە ڕێگـــــرن لە بەرەو پێشـــــبردنی پەرتووکخـانەی خوێندنگەکانـدا. تەرخـانکردنی بـڕە پـارەی پێویسـت بۆ کڕینـی پەرتـووک و نـامیلکە و گۆڤاری منداڵان بەمەبەسـتی ئاشـنا کردنـی منـداڵان بە چـاپکراوە تازەکـان. هەروەهـا بـوونی پەیوەنـدی پـتەو لە نێـوان بەڕێـوەبەرایەتی پەروەردە و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، هاوکات گرنگی دان بە وانەی تـــایبەت بە زانســـتەکانی پەرتووکخـــانە و چۆنیەتی بەکارهێنانی.

٥. کـــردنەوەی خـــولی فێرکـــردن بـــۆ ئەمینـــداری پەرتووکخانەکـان، ئەوە کـاریگەری باشـــی دەبێــت لەســـەر ڕێکخسـتنی پەرتووکخـانە و بەکارهێنـانی و بەئاگاهێنـانەوەی خوێنـدکارەکان و  هانـدانیان بـۆ خوێنـدنەوە وتەرخـانکردنی خەڵات بۆ منداڵی خوێنەر وەک پاداشت.

٦. بنیاتنـــانی پەرتووکخـــانەی مـــایکرۆفیلم و کاســـێت و سیدی، گرنگی دان بە هۆڵی گونجـاو و دانـانی پەڕتووکەکـان

لە ڕەفەی تایبەت و نزمدا. دروستکردنی فەزای خوێندنەوە وەک قەنەفەی نزم و ڕاخستنی فەرش.

٧. گرنگی دانی میدیا دەربارەی ڕۆڵی خوێندنەوە لە نووسراو و بینراوەکاندا، کە کاریگەری لەسەر خێزان و منداڵان هەیە، تەرخانکردنی دیاری بۆ منداڵانی خوێنەر و دەرخستنی لە کەناڵەکانەوە، هاوکات گرنگی دان بە ساتی گێڕانەوەی چیرۆک  بە جۆرێک منداڵ بخاتە ناو ئەندێشەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە تا پەرتووکەکەی لا شیرین و خۆشەویست بکات. چونکە  ئەم جۆرەی گێڕانەوە  گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. هەروەها پیشاندانی بەرهەمی تازەی منداڵان لە شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە.

٨. دانانی وانەی پەرتووکخانە و بەکارهێنانی لەخشتەی وانەکانی هەفتەی خوێندنگەکاندا، کە ئەمە هاوکارییەکی باشی منداڵ لە سەردانەکانیدا بۆ پەرتووکخانەی خوێندنگەکەی  و پەرتووکخانەی گشتی لە چۆنیەتی دۆزینەوەی بابەت و سەرچاوەکانیدا دەکات.

بێگومان کە پشکی گەورەی ئەم پرۆسەیە لەنێو خوێندنگە و باخچەکاندا دەکەوێتە ئەستۆی ئەمینداری پەرتووکخانەکان.

ئیدی هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە بە هۆی پێکدا کێشانی شارستانییەتەکان  و لە دەرئەنجامی پێشکەوتنی

تەکنەلۆجیـــــا ڕوودەدەن.وا دەخوازێـــــت کە ئەمینـــــداری پەرتووکخـانەش شـان بە شـانی ئەو گۆڕانکارییـانە، لەبیـری خۆ ڕۆشنبیرکردندا بێت، بۆ پێدانی زانیاری نویێ بە منـداڵان لە بەرانــبەر پرسـیارە زۆرو زۆرینەکانیـان. ئیـدی لێـرەوە ئەرک و بەرپرســیارەتیەکەی زیــاتر دەبێــت و دەکەوێــتە بەردەم ئەرکێکـــی هەســـتیار و گـــرنگەوە، کە پابەنـــدە بە سـەرکەوتن و سـەرنەکەوتنی پەرتووکخـانەکەیەوە. هاوکـات ئەو دەبێـــت پەیوەنـــدییەکی پـــتەوی لەگەڵ بەڕێـــوەبەر و مامۆسـتا و خوێندکارەکانیـدا هەبێـت. پەڕتووکخـانەکەی بـۆ سادەترین شێوە ڕێکبخات، کە منداڵەکان بتوانن بابەتەکانیان بە ئاسانی دەست بکەوێت، بە ناساندنی پەرتووکە نایابەکان و هانی منداڵان بدات و سەرنجی منداڵەکان ڕابکێشێت بۆ خوێنـدنەوە، هەروەهـا پەیوەنـدییەکی پـتەوی هەبێـت لەگەڵ پەرتووکخـانە گشـتیەکان بـۆ وەرگرتنـی زانیـاری تـازە و بـۆ ڕێکخسـتنی پەرتووکخـانەکەی و سـازدانی وزەی چـالاکی ڕۆشنبیری، کە ئەمە جۆش و خرۆشێکی تایبەت بە منـداڵان دەدات.ئیـدی لێـرەوە دەگەیـنە ئەو بڕیـارەی کە پێویســتە ئەمینداری پەرتووکخانەکان کۆمەڵێک مەرج و پیادە ڕەچاو بکەن بۆ دەمەسـاتی هەڵبژاردن و گێڕانەوەی چیرۆکەکـان، پلەبەندی لە قۆناغەکانی تەمەنی منداڵدا بکەن:

١-قۆناغی ٣-٥ساڵی کە بە قۆناغی سەربەستە خەیاڵ ناودەبرێت. منداڵ لەم قۆناغەدا زیاتر بە ڕەنگ و دەوروبەر و شمەکەکانی دەناسێت، کە وەڵامێکە بۆ پرسیارە زۆرو زەوەندەکانی، دادەی دایەنگەکان پێویستە ئاستی زانست و زانیاریەکانیان سەبارەت بەم قۆناغە هەستیارە گەشەپێبدەن، چونکە ئەو کەسانەی کەسەر و کاریان لەگەڵ منداڵدا هەیە، ڕۆژانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ناخی منداڵ دەنووسن. کە ئەمە بەرپرسیارێتییەکی فرە فرە گەورەیە.

٢-قۆناغی ٦-٨ساڵی (خەیاڵی سنوردار)

منداڵ لەم قۆناغەدا هێشتا لە نێو سنوورەکانی خەیاڵدا کایە لەگەڵ بووکەڵەکەیدا دەکات و شیری دەداتێ. هەموو شمەکەکانی دەوروبەری و گیانیان لەبەردایە، گێڕەرەوە دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵە بکات، کە چیرۆکەکانی زیاتر وێنەدار بن و نووسین کەمتربێت لە وێنە، چونکە وێنە زمانێکی ڕونکردنەوەی تایبەت بەخۆی هەیە، زمانێک جیا لە زمانی وشە پەیامەکانیش پێویستە پەروەردەیی و دوور لە ترس و توندوتیژی بێت.

٣-قۆناغی ٩-١٢ سەرووتر:

کە قۆناغێ گیانبازی و پاڵەوانییە، گێڕەرەوە دەبێت ئاگای لەو خاڵە بێت، کە ئەو ئیتر منداڵەکەی جاران نیە و لە دنیای خەیاڵ هاتۆتە دەرێ، بەدوای ڕاستی و دروستی

وەڵامەکاندا ویڵە، دەیەویت بڕیاربدات.ئەزموون بکات. تاقی بکاتەوە و هەڵبژێریت،لێرەوە پرسیارێک دیتە گۆڕێ. ئایا تا چ ڕادەیەک لە باخچەو دایەنگە و خوێندنگەکاندا، ڕەچاوی ئەوە کراوە کە، منداڵ بخرێنە بەردەستی کەسانی شارەزا و بە ئاگا لە پێویستی دەروونی منداڵ و قۆناغەکانی تەمەنی؟

گێڕانەوەی چیرۆک:ئیدی لە مێژەوە ئێمە ڕاهاتووین بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی گوێ ئاگردان کە دایە گەورە یان کەسێکی تر، بۆی دەگێڕاینەوە،پرۆسەی خوێندنەوە درێژە پێدەری چیرۆکەکانی دالیکانە لە گوێ ئاگردان و حیکایەتەکانی حیکایەتخوانە لە دیوەخانەکاندا. لەمیانەی ئەم مژارەدا حەزدەکەم باس لە جوولەکەیەکی حیکایەتخوان بکەم کە (شالومەجە)وە و گێڕەرەوەیەکی حیکایەتخوان بووە لە ساڵەکانی ٢٠ دا لە گەڕەکی جوولەکانی سلێمانی، شەوانە خەڵکێکی زۆر لێی کۆبوونەتەوە و بە گێڕانەوەی حیکایەت چێژێکی زۆری بەخشیوە بە بەردەنگەکانی، بەجۆرێک کاریگەری هەبوو لەسەر وەرگر، کە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی شەوی ئایندەی کردووە بۆ بیستنی بەشەکانیتری حیکایەتەکە، ئیدی گێڕەرەوەی چیرۆکی منداڵ دەبێت ئاگای لە کۆمەڵێک قەید و مەرج بێت (پێویستە گێڕەرەوە چاوەکانی دانەبڕێت لە چاوی منداڵ و بە تەواوی ڕۆبچێتە نێو ڕوداوەکان. بەمە سەرنجی منداڵ بەلای

چیرۆکەکەیدا ڕادەکێشێت. چونکە ڕاگرتنی باڵانس و پرنسیپی گێڕانەوە لە چیرۆکدا زۆر گرنگە. ئەو بابەتەش کە هەڵی دەبژێرێت، پێویستە پێشکەشکەری زانیاری و پەروەردە و پاراوی لە زماندا هەبێت، ئەگەرچی منداڵەکان بە پێی هەست و هۆش لەیەک دەچن، بەڵام دواجار هەموان لە نیازەکانیاندا لەگەڵ یەک هاوبەشن).

تێبینی (بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لە بڵاوکراوەی ئاسۆسی کتێبخانە و ئەزموونی چەندین ساڵ کارکردن لەنێو منداڵ و هۆڵی منداڵاندا بینیوە).

**فەوزیە ساڵح مەنمی:**



ساڵی ١٩٧١ لە گەڕەکی شێخ محێدین لەدایکبووم دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکیم لەسلێمانی، چیرۆک دەنووسم بۆ گەوران ومنداڵان، کاری وەرگێڕان دەکەم لەزمانی فارسییەوە، تائێستا ٤٧ بابەتی چاپکراوم هەن، بەشداری دووپێشبڕکێی چیرۆکم کردووە کە لاوان و گەلاوێژ بوون، پلەی دووەم وسێیەمم بەدەستهێناوە بەشداری یەکەم کۆنفرانسی ئەدەبی منداڵانم لەدهۆک کردووە، لەدیداری

ســـەجادیدا بەبابەتێــک بەشـــداربووم، بەنـــاوی پزیســـکێک لەئەدەبی منداڵان لەڕوانگەی سەجادییەوە. بەشداری چەندین چـالاکی منـداڵانم کـردووە، خـاوەنی زیـاتر لە٦٠ گێـڕانەوەی چیـرۆکم لەتیڤـی پەروەردە، مـاوەی ١٠ سـاڵ هـۆڵی چـالاکی منـداڵانی کتێبخــانەی گشــتیی ســلێمانیم بەڕێــوەبردووە، کە چەنــدین چــالاکیم  لەگەڵ خــانەو کازیوەکانــدا ئەنجــام داوە وچەندین خولی پێشبڕکێی نووسینی چیرۆک وخوێندنەوەم تیادا گوتۆتەوە.




دیداری
ئەدەبی منداڵان



